رووداو
RÛDAW
ژمارە (553) دووشەممە 2019/5/6 – 17ی گوڵان 2719 (750) دینار



## پێنجیان دەستگیرکراون

# بڕیاری دەستگیرکردن بۆ 10 ئەندامی نەوەی نوێ دەرچووە

**رووداو– سلێمانی**

حاکم عومەر ئەحمەد، گوتەبێژی دادگای سلێمانی رایگەیاند بە تۆمەتی هەڕەشە و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی نەشیاو بڕیاری دەستگیرکردن بۆ 10 کەس دەرچووە، تا ئێستا پێنجیان دەستگیرکراون.

حاکم عومەر ئەحمەد، بە (رووداو)ی راگەیاند دوای ئەوەی سەرەتا بە بڕیاری دادوەر دوو کەس دەستگیرکران، دوای وەرگرتنی ئیفادەی ئەو دوو کەسە بەرچاومان روونتر بوون کە چەند کەس لەو دۆسیەیە تێوەگلاون، بۆیە بڕیاری هەشت کەسی دیکەش دەرچوو. ئێستا پێنج تۆمەتبار دەستگیرکراون و پێنجی دیکەش ماون دەستگیر بکرێن. حاکم عومەر رەتیکردەوە کە شاسوار عەبدولواحید ناوی لەنێو لیستی ئەو کەسانەدا بێ کە لەلایەن دادگاوە داواکراون.

هەر لەو بارەیەوە سەرچاوەیەک لە ئاسایشی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت هەر لەسەرەتاوە ئەو کەسانەی دەستگیرکراون ناوی هەموو هاوکارەکانیان درکاندووە کە بەشداربوون لەهەڕەشەکردن. لە ئەندام و پەرلەمانە جیابووەکانی نەوەی نوێ، بەڵام ئاسایش چاوەڕوانی بڕیاری دادگابووە بۆ دەستگیرکردنیان. سەرچاوەکە گوتیشی "بەڵگەکان حاشاهەڵنەگرن"

رۆژی 2019/5/5 رۆژی هێزێکی ئاسایش چوونە سەر بارەگای سەرەکی نەوەی نوێ و دواتر بارەگای سەرۆکی جوڵانەوەکە و 4 کەسیان دەستگیرکرد، بەڵام. بەپێی گوتەی گوتەبێژی دادگای سلێمانی یەک کەس لەو دەستگیرکراوانە داواکراو بووە.



**عارف قوربانی:**
گەورەترین هەڕەشەی سەر کوردستان
18

**حاکم گۆران پێش خۆکوشتنی بۆ (رووداو):**
دەمەوێ لە شوێنێک بژیم هێڵی ئینتەرنێتی لێ نەبێ
2

لە دهۆک سکاڵا لەسەر ئاشتی هەورامی تۆمار دەکرێت
4

## بەرهەم ساڵح لە رۆژی سوێندخواردنی سەرۆکی حکومەت دێتە هەولێر

# چوارشەممە پەرلەمان دەنگ بە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی دەدات

**رووداو – سلێمانی**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت رۆژی چوارشەممەی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە بۆ دەنگدان بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان. ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیش دەڵێت پەیوەندی نێوان بەرهەم ساڵح و پارتی ئاسایی دەبێتەوە و بەرهەم ساڵح لە رۆژی پێکهێنانی کابینەی نوێ سەردانی شاری هەولێر دەکات.

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مشتومڕی پێکهێنانی حکومەتی لە شاری سلێمانی براندەوە و لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵ عەلی، رێککەوتنی دابەشکردنی پۆستەکانیان واژۆ کرد. ئیدی لەمەودوا ئەرکەکە کەوتووەتە دەست حیزبە بەشداربووەکانی حکومەت کە بەربژێرەکانیان ئامادە بکەن.



شاندی پارتی، رۆژی 2019/5/5 سەرەتا چوونە گردی زەرگەتە و لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، شاندی گۆڕان گلەییان لە نێچیرڤان بارزانی کردووە کە نەدەبوو جێگرێکی دیکە بۆ سەرۆکی هەرێم زیاد بکرێت، بەڵام گوتووشیانە کە ئاگاداری گوشار و پێداگریی یەکێتی بوونە.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "پارتی دڵنیایی بە گۆڕان داوە لە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی نێوانیان. هەر بۆیە گۆڕان بەڵێنی داوە لە ماوەی دوو هەفتەدا ناوی سەرجەم بەربژێرەکانی ئامادە بکات".

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوای واژۆکردنی رێککەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتی، دانوستاندنەکانی بە "سەخت" ناوبرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لەگەڵ یەکێتی گەیشتوونەتە رێککەوتنی کۆتایی بۆ پێکهێنانی حکومەت. چونکە هێشتا سەعاتێک لەسەر گەیشتنیان بە گردی زەرگەتە لە سلێمانی تێنەپەڕیبوو، چەند داواکارییەکی نوێی یەکێتی، خەریک بوو شاندەکەی پارتی لە واژۆکردنی رێککەوتنەکە نائومێد بکات.

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ: "ئیدی دەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەیە بۆ ئەوەی دەست بە رێکارە یاساییەکانی پێکهێنانی حکومەت بکات". جەلال محەممەد، لە فراکسیۆنی گۆڕان گوتیشی: "رۆژی چوارشەممە پەرلەمان کۆدەبێتەوە و بەو پێیەی حیزبەکان نیوەی بەربژێرەکانیان ئامادە کردووە، مەسروو بارزانی پێویستی بە مانگێک نابێت بۆ راگەیاندنی کابینەکەی، پێشبینی دەکەم بە 15 رۆژ هەموو شتێک تەواو ببێ".

هەروەها ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "بەرهەم ساڵح لە رۆژی سوێندخواردنی سەرۆکی حکومەت دێتە هەولێر و بەشداری لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەت دەکات، ئەوەش بە مانای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و بەرهەم ساڵح دێت".

«3

# بەغدا داوای "چەک و دوورکەوتنەوە لە کورد" لە فەرەنسا دەکات

**رووداو– هەولێر**

حکومەتی فەرەنسا لە پشت پەردە لەگەڵ عێراق لە دانوستاندن دایە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق داعشە گیراوەکانی فەرەنسا لەلای خۆی بهێڵێتەوە، بەڵام حکومەتی عێراق دەیەوێ ئەو داواکارییەی فەرەنسا وەکو کارتێک بۆ دەستکەوتنی چەک و دوورکەوتنەوەی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێ.

چارەنووسی چەکدارە بیانییە بەندکراوەکانی داعش و خێزانەکانیان لە عێراق و سووریا بووە بە پرسێکی هەستیار بۆ وڵاتانی رۆژئاوا، لەوانەش فەرەنسا. بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی حکومەتی پاریس و بەغدا سەرقاڵی گفتوگۆن لەسەر رێککەوتنێک کە تێیدا عێراق پابەند دەبێ بەوەی هەموو چەکدارە فەرەنسییەکانی داعش و خێزانەکانیان لای خۆی رابگرێ، لە بەرامبەریشدا فەرەنسا پشتگیری سەربازی و سیاسی پێشکەشی حکومەتی عێراق بکات.

بەپێی راپۆرتەکەی (تایمز)، ئەمریکا و فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوایی گواستنەوەی بەندکراوانی داعش لە رۆژئاوای کوردستان بۆ عێراق بە رێگەچارەیەکی باش دەزانن "گومانیش دەکرێ عێراق داوای 1.8 ملیار دۆلاری لە وڵاتانی رۆژئاوا کردبێ، بۆ ئەوەی هەندێک لە چەکدارەکانیان (لە هەسەدە) وەربگرێ".

بەڵام داواکانی حکومەتی بەغدا لە پاریس جیاوازن لە داواکارییەکانی لە وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا. وەک رۆژنامە بەریتانییەکە ئاشکرای دەکات "گفتوگۆکان لەگەڵ فەرەنسا لەسەر چەک چڕبوونەتەوە، نەک پارە. بەغدا دەیەوێ بارهەڵگری (سەربازیی) خاوەن سیستەمی تۆپخانە لە فەرەنسا وەربگرێ".

بەڵام بەغدا هەر بەوەندە نەوەستاوە و دەیەوێ ئەم شپرزەبوونەی فەرەنسا وەک وەرەقەیەک بۆ لاوازکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر بەکاربهێنێ، بۆیەش داوای "بەڵێن"ی لە فەرەنسا کردووە کە "خۆی لە کوردی عێراق دووربگرێ".

مانگ و نیوێک دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرەنسا پێشوازی لە شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی کرد. لەو دیدارەدا ماکرۆن وێڕای پشتگیری لە پێگەی هەرێمی کوردستان و مافەکانی لە دەستووری عێراقدا، ئامادەگی وڵاتەکەی بۆ کارئاسانی لە پێناو دیالۆگی بەغدا و هەولێر دەربڕی.

«5

# وەزیرەکەی گۆڕان لە بەغدا تەحەددای عەبدولڕەزاق شەریف دەکات



**رووداو – سلێمانی**

وەزیری پێشووی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە تێوەگلابێ لە گەندەڵی و دەڵێت خۆی فایلەکانی خۆی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان کۆپیکردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لێ بکەن.

دوای دوورخستنەوەی لە بزووتنەوەی گۆڕان، عەبدولڕەزاف شەریف، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان، چەند فایلێکی بزووتنەوەکەی هەڵدایەوە کە یەکێکیان پەیوەندی بە د.دەرباز محەممەد، وەزیری پێشووی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بوو لە پشکی گۆڕان. بزووتنەوەکەی بەوە تۆمەتبار کرد کە چاوپۆشی لەو تۆمەتانە کردووە کە لەلایەن ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق درابوونە پاڵ وەزیرەکە.

د.دەرباز محەممەد، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند: "فەرموون بڕۆن یەک دێڕ لەسەر خراپیی ئەدای من بدۆزنەوە. ئینجا هەتاوەکو من نەبوومە ئەندامی لیژنەی دیاریکردنی بەربژێرەکانی گۆڕان کەس باسی ئەمەی نەکرد". هەروەها دەڵێت "ئەوکات و ئێستاش، داوا لە هیچ کەس و دامەزراوەیەکی گۆڕان ناکەم لەسەر من بێنە دەنگ. من بۆ خۆم لە 16ی شوباتی 2016 کە ئەو گفتوگۆیە هەبوو، ئەو فایلەم کۆپی کردووە و داومەتە ژووری حکومەت و پەرلەمانی گۆڕان و گوتوومە کاکە رەنگە ئێوە دەستتان پێی نەگات، ئەوە فایلی منە و لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن".

هەر سەبارەت بە تۆمەتەکانی عەبدولڕەزاق شەریف، دەرباز محەممەد گوتیشی "ئەوە بابەتێکی سیاسی و هەم کەسییە و بابەتەکە پەیوەندی بەڕاست و هەڵە و دادپەروەریەوە نییە. هەرکەس لەو برادەرانەی لەناو جڤاتن یان لە دەرەوەی جڤاتن، ئەگەر مەلەفێکیان لەبەردەستە، ئەوە ژووری یاسایی گۆڕانمان هەیە و سکاڵا وەردەگرێ، بۆ نەچوون سکاڵا بکەن. ئینجا لە ماوەی ئەو دوو ساڵە بۆ بێدەنگ بووە و ئێستا قسە دەکات؟ دیسان کام بەڵگەیەی هەیە".

«3

**راپۆرت** 4

دۆسیەی پرۆژەی وەرین ستی دەدرێتە لیژنەی چاکسازی



**راپۆرتە هەواڵ** 2

کوڕێک دایکی خۆی بە بەرد دەکوژێت

**تاراوگە** 11

سوێد هەڵبژاردەکەی رادەستی تاڵەبانییەک دەکات



**کۆمەڵایەتی** 13

بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەکی رووت خۆی کوشت

## دێسکی وەرزشی ڕووداو دوو خەڵاتی بردەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2019/5/4 ڕێکخراوی BFSO لە ڕێورەسمێکدا باشترین و کاریگەرترین وەرزشوان و میدیاییەکانی کوردستانی بۆ ساڵی 2018 خەڵاتکرد، لە ڕێورەسمەکەدا دێسکی وەرزشی تۆڕی میدیایی ڕووداو وەک یەکێک لە کاریگەرترین بەشەکانی وەرزش لە کوردستان خەڵاتکرا، کە سەفین تەها، بەرپرسی دێسکی وەرزشی ڕووداو خەڵاتەکەی وەرگرت. سەفین تەها لە وتارێکدا دڵخۆشی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە بردەوە و گوتی، گەیشتن بە لووتکە ئاسانە، بەڵام مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ کارێکی قورسە. هەروەها بەرنامەی وەرزینی تۆڕی میدیایی ڕووداو خەڵاتی باشترین و کاریگەرترین بەرنامەی وەرزشیی پێدرا. ڕێبوار محەممەد، پرۆدیوسەر و پێشکەشکاری بەرنامەکە گوتی "وەرزین وەک منداڵەکانم وایە و لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە توانیم بگەم بە خەونەکانم".



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (553) - دووشەممە 2019/5/6

### کوڕەکە ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر بووە

# کوڕێک دایکی خۆی بە بەرد دەکوژێت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

لە گوندی تورەقی سەر بە هەولێر، کوڕێک دایکە 52 ساڵەکەی بەردباران دەکات و دەیکوژێت، پۆلیسی هەولێر دەڵێت گەنجەکە ماوەی کەمتر لە مانگێکە لە زیندان ئازاد کراوە کە بەتۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرابوو.

(م.بەکر) تەمەنی 22 ساڵ، تاقانەی شەش خوشکە، تاوەکو قۆناغی ناوەندی خوێندووە و وازی لە خوێندن هێناوە. کەسوکارەکەی دەڵێن گەنجێکی دەستڕەنگین و سەرتاشێکی کارامە بووە، بەڵام دواتر ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەر بووە.

بۆچی دایکت کوشت؟ (م) لەژێر لێوەوە گوتی: "ئیشم کرد، دەمویست بە پارەکەی مزگەوت دروست بکەم، بەڵام دایکم پارەکەی لێخواردم، ریشم هێشتەوە تاوەکو ببمە دەروێش، بەڵام مامم بە زۆر ریشی تاشیم، ئەوان خەونەکانی منیان لەنێوبرد".

ئەو دەڵێت کاری خۆی هەبووە و هیچ کێشەیەکی نەبووە "بەڵام بەهۆی هاوڕێی خراپ فێری کێشانی ماددەی هۆشبەر بووم، سەرەتا حەب و دواتریش کریستاڵم دەکێشا، دوای ساڵێک هاوڕێیەکم بەگرتنیدام. شەش مانگ لە ئاسایشی هەولێر بووم، بەڵام نەک هەر حەب و کریستاڵم لەبیرنەکرد، بەڵکو زیاتر شەیدایان بووم و خەونم پێوە دەبینی".

(م) دوای ئازادکردنی لە گومرگی هەولێر کرێکاری دەکرد. لەوبارەوە دەڵێت: "دەمویست بە پارەکەی گومرگ، مزگەوتێک دروست بکەم، پارەکەم لەلای دایکم دانابوو، داوای پارەکانی خۆمم لە دایکم کرد، بەڵام ئەو نەیدامەوە و لێی خواردم".

ڕۆژی 30ی نیسان (م) دایکی خۆی بە بەرد دەکوژێ. ئەو دەڵێت: "ئەو ڕۆژە نازانم چۆن و چیم کردووە، تەنیا دەزانم نیوەڕۆ بوو، دایکم بانگی کردم بچمە ماڵەوە نان بخۆم، بەڵام من ڕامدەکرد و ئەویش بەدوامدا دەهات. منیش تووڕە بووم و بەردبارانم کرد بۆ ئەوەی چیدی دوامنەکەوێت. ئەو کەوتە سەر زەوی و منیش تاوەکو هێزم تێدا هەبوو بەردم تێگرت، نازانم چی بەسەرهات، تەنیا بینیم خوێن بە سەر و ملییەوە بوو. بەدیاریەوە دانیشتم تاوەکو خەڵک و پۆلیس هاتن و دایکمیان برد، منیش گیرام".

بەکر محەممەد، باوکی (م) کە تەمەنی 50 ساڵە، پێیوایە کوڕەکەی بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە هۆشی لەدەستداوە "کوڕەکەم گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر ببوو، هیچی بەبیر نایەتەوە، هەرچەندە ماوەی شەش مانگ لە چاکسازی بوو، بەڵام لەبری چاکبوونەوە و پاکبوونەوە، بەپێچەوانەوە بە تەواوی تێکچووبوو".

سەبارەت بە مامەڵەکردنیشیان لەگەڵ (م)، باوکی گوتی: "ئەو تاقانەی شەش خوشکە، بۆیە زۆرمان خۆشدەویست، بەتایبەت لەگەڵ دایکی زۆر یەکتریان خۆشدەویست. هەموو کەس سەرسام بوون بە ڕەوشت و دەستڕەنگینیی کوڕەکەم و دەلاکێکی زۆر کارامە بوو، بەڵام تووشی ئەو ماددە پیسەیان کرد".

بەکر کە هێشتا شۆکی ڕووداوەکە بەرینەداوە، سکاڵای لەسەر کوڕەکەی نییە: "ئێمە بە قەزاوقەدەری خوا ڕازین، کوڕەکەم کەسێکی بێهۆشە و خۆشی نازانێ چی کردووە، سکاڵای چی لەسەر تۆمار بکەم؟".

(م.خ) دانیشتووی گوندی تورەق و هاوڕێی پێشتری (م)، دەڵێت: "کاتێک کە دەلاک بوو، بوو بە خاوەنی پارە، بۆیە کەسانی خراپ لێی نزیکبوونەوە. لە جگەرەکێشانەوە بەرەو بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەریان برد، ئەگینا کوڕێکی زۆر بە ڕەوشت بوو، دایکیشی زۆر خۆشدەویست".

گوتیشی: "لەبەرئەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەری ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر نەبوو، بۆیە بۆ چارەسەرکردن دەیانبردە لای شێخ و مەلا".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو کەیسە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2019/4/30 پۆلیس ئاگادارکرایەوە لەحاڵەتێکی کوشتن لە گوندی تورەق کە دایکێک لەلایەن کوڕەکەیەوە بە بەرد کوژراوە، هەر ئەوکاتە کوڕەکە دەستگیرکرا".

گوتیشی: "ئەو گەنجە پێشتر بەهۆی ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر دەستگیرکرابوو، دوای تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەشی نزیکەی مانگێک بوو ئازاد کرابوو".



(م) دایکی بەوە تۆمەتبار دەکات کە پارەی لێ خواردووە

### چاکسازییەک بۆ ئاڵوودەبووان

ئیبراهیم ڕەمەزان، سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و هۆشیاری دژی ماددە هۆشبەرەکان دەڵێت: "ئەو شوێنانەی بەناوی چاکسازی ناودەبرێن چاکسازییان تێدا ناکرێ، چونکە گەنجانی هاوشێوەی (م) لەگەڵ گەورە مافیای ماددەی هۆشبەر دەستگیر دەکرێن، بۆیە کە ئازاد دەکرێن لەبری ئەوەی وایان لێکرابێ وازبێنن، زیاتر ئاڵوودە دەبن و دەبن بە بازرگانی ماددەی هۆشبەریش".

بەگوتەی ئیبراهیم ڕەمەزان، چاکسازییەک بۆ ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر دروستدەکرێت. ئەو دەڵێ: "دوای ئەوەی ڕێکخراوەکەمان داواکارییەکمان پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران کرد بۆ دابینکردنی زەوییەک بۆ دروستکردنی چاکسازییەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، ئەوان ڕازی بوونە و ئێستا 4000 مەتر زەویمان وەرگرتووە و چاومان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان کابینەی داهاتووی حکومەتە هاوکاریمان بکەن لە دروستکردنی چاکسازییەکە".

## بڕیاری دابوو لە ئەشکەوت بژی

### حاکم گۆران پێش خۆکوشتنی بۆ (ڕووداو):

# دەمەوێ لە شوێنێک بژیم هێڵی ئینتەرنێتی لێ نەبێ



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای جێبەجێکردنی پلانەکانی دیکەی، چوار ڕۆژ بەر لەوەی خۆی بکوژێ، پەیوەندی بە (ڕووداو)ەوە کرد و گوتی کە پلانی هەیە لە ئەشکەوتێک دوور لە تەکنەلۆژیا بژی، چونکە تەواو بێزار بووە لە کۆمێنتی ناشیرینی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە هەموو خەڵکی کوردستان بە مەرگی ئەویان زانی.

دوای گشتپرسیی خەڵکی باشووری کوردستان لە 25ی ئەیلوولی 2017 ، سوبحی عەبدال، ناسراو بە حاکم گۆران لە هۆڵەندا گەڕایەوە کوردستان و چووە سەر چیای بوتیا لە دەڤەری دۆسکی لە دهۆک. ئەو لەوێ بڕیاری دابوو بە تەنیا لە نێو کابینەیەک بژی و تاوەکو باشووری کوردستان سەربەخۆیی ڕانەگەیەنێ لە چیاکە نەیەتە خوارەوە.

حاکم گۆران دوای ماوەیەکی زۆر بڕیاری دا لە چیا بێتە خوارەوە، پاشان دووبارە گەڕایەوە سەر چیا و ئەمجارەیان لە پاڵ سەربەخۆیی، دروشمی یەکڕیزی و چاکسازیشی زیاد کرد. حاکم گۆران کە بەمدواییە لە پێناو جێبەجێکردنی دروشمەکانی لە چیا هاتبووە خوارەوە، لە دهۆکەوە بەپێ سەردانی هەولێر و سلێمانی کرد، بۆ ئەوەی سەرکردەی باڵای پارتە سیاسییەکان ببینێ و داوای چاکسازی و یەکڕیزیی نێو ماڵی کوردیان لێ بکات، بەڵام هیچ لایەک دەرگایان لێنەکردەوە.

دوای بێئومێدبوونی، شەوی 30ی نیسانی 2019 حاکم گۆران لە ڕێگەی لایڤی فەیسبووکەوە لەسەر چیای دشێشێ لە قەزای ئامێدی، دەستڕێژی گوللەی لە خۆی کرد و 10 سەعات دواتر لە نەخۆشخانەی گشتیی ئاکرێ گیانی دەرچوو.

> هیچ بەرپرسێک نەهاتە پرسەی مامم
>
> برازایەکی حاکم گۆران

ئەو ئەگەرچی سێ سەعات پێشتر هەڕەشەی خۆکوشتنی کردبوو، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن هیچ لایەنێکی ئەمنی گوێیان بە هەڕەشەکانی نەدا و بەهانایەوە نەچوون. هەروەها گلەیی ئەوەش دەکەن کە بەرپرسانی سیاسی و ئیداری ناوچەکە بەشدارییان لە پرسەکەیدا نەکرد.

ڕەجەب سەڵاح کە برازای حاکم گۆرانە، دەڵێت: "مامی من 13 ساڵ پێشمەرگە بوو، بەمدواییەش بە ئامانجی خزمەتکردنی گەلەکەی گەڕایەوە کوردستان، بەڵام بەداخەوە کەس گوێی لێنەگرت. کە مردیش هیچ بەرپرسێک نەهاتە پرسەکەی".

مازن محەممەد سەعید، قائیمقامی قەزای ئاکرێ سەبارەت بە بەشدارینەکردنی لە پرسەی حاکم گۆران گوتی: "ئەو ڕۆژەی ئەو مرد، من لە دەرەوەی وڵات بووم، بۆیە نەمتوانی بەشداری پرسەکەی بکەم، بەڵام بەرپرسانی دیکەی حیزبی و حکومی لە ئاکرێ بەشدارییان لە پرسەکەیدا کردبوو".

ئەوکاتەی حاکم گۆران تەقەی لە خۆی کرد، ڕەجەب یەکەم کەس بوو گەیشتە سەری، پێیوایە مامی ئەو بووە قوربانی پەرتەوازەیی نێو ماڵی کورد، بەڵام دەڵێت ئەوان درێژە بە "ڕێباز"ەکەی دەدەن و وەسیەتەکانی جێبەجێ دەکەن.

### حاکم گۆرانی پلانی دیکەی هەبوو

چوار ڕۆژ بەر لەوەی خۆی بکوژێ، حاکم گۆران پەیوەندی پێوەکردم و گوتی حەز دەکات (ڕووداو) ئاگاداری پلانی داهاتووی بێ. حاکم گۆران گوتی: "زۆر بێزارم لەو ژیانەی ئێستام، دەمەوێ بچمە ئەشکەوتێک لە سنووری ئاکرێ، دوور بێت لە هێڵی ئینتەرنێت، لەوێ لەگەڵ سروشت و گیانەوەران بژیم".

گوتیشی: "هەر کاتێک چووم بۆ ئەو شوێنە ئێوە ئاگادار دەکەمەوە. بڕیارم داوە تاوەکو مردن یان تا ئەو کاتەی کوردستان دەبێتە دەوڵەت لەو شوێنە بژیم".

> ئەگەر شوێنەکەیمان پێ بزانیایە نەماندەهێشت خۆی بکوژێ
>
> پۆلیسی ئاکرێ

حاکم گۆران لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە یەکێک لە هۆکارەکانی جێهێشتنی ئاوەدانی قسەی خەڵکە "بەڕاستی تەواو بێزار بووم لە کۆمێنتی خەڵک، کەسانی ئاستنزم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قسەی نەشیاوم پێدەڵێن، هەر بۆیە دەچمە شوێنێک ئینتەرنێتی لێ نەبێ".

عەقید ڕەشید محەممەد بێداوی، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئاکرێ، دەڵێت ئەوان ئاگادار بوون کە حاکم گۆران لە فەیسبووک هەڕەشەی خۆکوشتنی کردبوو، بەڵام نەیاندەزانی شوێنەکەی لە کوێیە، ئەگەرنا فریای دەکەوتن.

عەقید ڕەشید گلەیی لە کەسوکاری حاکم گۆران کرد و گوتی: "کەسوکاری و ئەوانەشی چووبوون بۆ ڕزگارکردنی ئێمەیان ئاگادار نەکردبووەوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێمەیان لەگەڵ بووایە، دەمانتوانی ڕزگاری بکەین".

### ئەو ژنەی سکاڵای لەسەر ئاوات بۆکانی تۆمار کردبوو قسە بۆ (ڕووداو) دەکات:

# ئاوات بۆکانی 17 هەزار دۆلاری خواردووم و لێشیداوم

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

بۆ دووەمجار گۆرانیبێژی میللی ئاوات بۆکانی دەستگیر دەکرێت، جاری یەکەم لەسەر تەقەکردن لە دوو هاوڕێی خۆی و ئەمجارەش لەسەر هەڕەشەکردن لە ژنێک. ژنەکە دەڵێت 17 هەزار دۆلاری بە فێڵ لێوەرگرتووە و دواتریش لێیداوە، بەڵام کەسوکاری ئاوات بۆکانی ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە.

ڕۆژی 2019/5/4 ئاوات بۆکانی لەسەر سکاڵای ژنێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیر کرا. ئەو ژنە کە بە شیلان ناسراوە و تەمەنی 38 ساڵە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "من ساڵی 2014 لەگەڵ کوڕەکەم هاتینە سلێمانی و ئارایشگایەکم دانا، لە 2015 ئاواتم ناسی. بڕیار بوو گەعدەیەکم بۆ بکات. کە منی بینی وازی لێنەهێنام و گوتی ژنەکەم خراپە و کێشەمان هەیە، چەند ساڵە بەدوای ژنێکی ڕۆژهەڵاتیدا دەگەڕێم و دەمەوێت شووم پێبکەی، منیش بەو مەرجەی باشتر بیناسم ڕازی بووم".

شیلان کە 11 ساڵە لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، دەڵێ ئاوات بۆکانی فریوی داوە "ساڵێک پەیوەندیمان هەبوو، زۆر لەگەڵم باش بوو. دەیزانی پارەم هەیە، گوتی دەمەوێ مارەت بکەم، خانووێک دروستبکەم و بتبەمە ئەوێ، بەڵام پارەم نییە، منیش 15 هەزار دۆلار و بایی 2000 دۆلار زێڕم پێدا".

شیلان دەڵێت ئاوات بۆکانی خاوەنی بەڵێنی خۆی نەبووە، بۆیە دوو ساڵ لەمەوبەر سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە "ئاوات دەستگیرکرا، چەند کەسێکی نارد بۆ ئەوەی سکاڵاکەم بکشێنمەوە، خاوەن کۆمپانیایەک لە هەولێر بەناوی (حاجی.د) پێیگوتم هەرچیەکت دەوێت دەیکەین، منیش ڕازی بووم و سکاڵاکەم کشاندەوە".

کۆتایی ساڵی ڕابردوو شیلان دووبارە سکاڵا لەدژی ئاوات تۆمار دەکاتەوە. ئەو گوتی: "ڕۆژێک بۆ شایەتیدان بانگیانکردین، بەڵام (حاجی.د) و ئەوانەی دیکەش لەبەردەم پۆلیس شایەتیی درۆیان دا و بەڵێنەکەیان نەبردەسەر، منیش پێمگوتن ئێوە پیاون عەیبە بەدرۆ شایەتی دەدەن، بەڵام ئاوات بۆکانی هەر لەنێو بنکەکە پەلاماریدام و لێیدام، بۆیە دووبارە سکاڵام لەدژی تۆمار کردەوە و ڕۆژی 2019/5/4 دەستگیرکرایەوە".

> ئەو ژنە سیخوڕی ئێرانە و بۆ لەکەدارکردنی ئاوات نێردراوە
>
> برایەکی ئاوات بۆکانی

بەڵام کەسوکاری ئاوات بۆکانی قسەکانی شیلان ڕەتدەکەنەوە. محەممەد سابیر، برای ئاوات بۆکانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ساڵی 2014 ئاوات ئەو ئافرەتەی لە ئاهەنگی لەدایکبوونی کوڕەکەیدا ناسی، دواتر ئاوات و چەند هاوڕێیەکی بۆ نانخواردن بانگهێشتی ماڵەکەی کرد، لەوەوە پەیوەندی تەلەفۆنی لەنێوانیان دروست دەبێت. ژنەکە وازی لە براکەم نەدەهێنا و دەیگوت دەبێت بمخوازی، بەڵام کە زانی ڕازی نابێت، بەبیانووی ئەوەی ئاوات 12 هەزار دۆلار و چەند پارچە زێڕێکی لێوەرگرتووە، سکاڵای لەسەر تۆمار کرد. براکەم لەبەردەم پۆلیس گوتی تەنیا سوێند بخۆ پارەم لێخواردووی، ئێستا پارەکەت دەدەمەوە، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو سوێند بخوات".

محەممەد سابیر ڕەتیکردەوە براکەی لەو ژنەی دابێ و گوتی "ژنەکە دوای ئەوەی هیچی بۆ نەسەلمێنرا لەنێو بنکەی پۆلیس پەلاماری ئاواتی دا، بەڵام براکەم لەخۆی دوورخستەوە، پێشیگوتبوو لەبەرئەوەی لەنێو بنکەی پۆلیسین بۆیە هیچ وەڵامت نادەمەوە".

شیلان چەند نامەیەکی مۆبایل و وێنەی خۆی و ئاوات بۆکانی بۆ (ڕووداو) ناردووە کە بە فارسی نووسراون و گوایە هی ئاوات بۆکانییە. لە یەکێکیاندا نووسراوە دەتخوازم و لەوەی دیکەشیاندا دەڵێت پارەکەت دەدەمەوە. محەممەد نکۆڵی لە ژمارەکان ناکات کە هی ئەوانە و دەڵێ: "هەندێکجار ئاوات لێی بێزار دەبوو، دەیگوت پارەکەت دەدەمەوە ئەگەر پارەت دەوێ، بەس وازم لێبێنە. سەبارەت بە وێنەکانیش ئاساییە کە ڕسمیان بەیەکەوە گرتووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە پەیوەندییەکی تایبەتیان هەبووبێت".

محەممەد ئەو کارانەی ژنەکە بە بەرنامەبۆدارێژراو دەزانێت. پێشیوایە دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە: "تاڕادەیەک دڵنیام لەوەی لەلایەن ئێرانەوە نێردراوە، تاوەکو ئاوات بۆکانی و حیزبی دیموکرات لەکەدار بکەن، چونکە ئاوات ئەندامی حیزبەکەیە".





## پێنج فراکسیۆن لە بەغدا داوای پشک و بەش لە پارتی دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

هەریەک لە فراکسیۆنەکانی گۆڕان، نەوەی نوێ، یەکگرتوو، کۆمەڵ و فراکسیۆنی سەربەخۆ لە پەرلەمانی عیراق، لە ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشدا، ڕایانگەیاند: "دەمانەوێت بە ڕاشکاوی ڕایگشتی ئاگاداربکەینەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا هیچ بایەخێک بۆ پاراستن و تەئمینکردنی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان دانانێت و لەبری ئەوە، هەموو هێزی خۆی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی تەرخانکردووە. بەهار مەحموود، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دڵگرانی ئێمە لەوەیە ئەو پۆستانەی لە بەغدا بەر کورد دەکەوێت پارتیی دیموکراتی کوردستان هەوڵدەدات پۆستەکان بۆ خۆی ببات." بەڵام ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت "لە بەغدا بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستانمان پاراستووە".

### بەرهەم ساڵح لە ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆکی حکومەت دێتە هەولێر

# چوارشەممە پەرلەمان دەنگ بە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی دەدات

### مەسروور بارزانی کەمتر لە مانگێکی پێویست دەبێت بۆ ڕاگەیاندنی حکومەتەکەی

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مشتومڕی پێکهێنانی حکومەتی لە شاری سلێمانی براندەوە و لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، ڕێککەوتنی دابەشکردنی پۆستەکانیان واژۆ کرد. ئیدی لەمەودوا ئەرکەکە کەوتووەتە دەست حیزبە بەشداربووەکانی حکومەت کە بەربژێرەکانیان ئامادە بکەن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "ئێستا ئێمە سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری ڕۆشنبیری و وەزیری پلاندانانمان دیارە". ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانیش پێشبینی دەکات مەسروور بارزانی پێویستی بە کەمتر لە مانگێک بێت بۆ ڕاگەیاندنی کابینەکەی "چونکە ئێمە و یەکێتی و پارتیش، نیوەی بەربژێرەکانمان یەکلابوونەتەوە".

شاندی پارتی، ڕۆژی 2019/5/5 سەرەتا چوونە گردی زەرگەتە و لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، شاندی گۆڕان گلەییان لە نێچیرڤان بارزانی کردووە کە نەدەبوو جێگرێکی دیکە بۆ سەرۆکی هەرێم زیاد بکرێت، بەڵام گوتووشیانە کە ئاگاداری گوشار و پێداگریی یەکێتی بوونە: "هەر بۆیە گۆڕان ڕازی بووە لەوە زۆرتر پێکهێنانی حکومەت دوانەکەوێ، بەڵام ئەوەی گۆڕان بە جددی داوایان لە نێچیرڤان بارزانی کردووە، چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بووە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "ئەگەر چاکسازی نەکرێت، بەشداریی ئێمە لە حکومەت بێبەرهەم دەبێ".

هەر لەوبارەوە ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "پارتی دڵنیایی بە گۆڕان داوە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان. هەر بۆیە گۆڕان بەڵێنی داوە لە ماوەی دوو هەفتەدا ناوی سەرجەم بەربژێرەکانی ئامادە بکات".

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان،



لەدوای کۆبوونەوەکەی پارتی و گۆڕان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی: "پێمانوایە لەو هەلومەرجەی کە کوردستان و ناوچەکە پێیدا دەڕوا، تا زووتر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست ببێت، لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، لە بەرژەوەندی بازاڕە، هی فەرمانبەر و مووچەخۆران و هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشە".

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتی، دانوستاندنەکانی بە "سەخت" ناوبرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لەگەڵ یەکێتی گەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ پێکهێنانی حکومەت. چونکە هێشتا سەعاتێک لەسەر گەیشتنیان بە گردی زەرگەتە لە سلێمانی تێنەپەڕیبوو، چەند داواکارییەکی نوێی یەکێتی، خەریک بوو شاندەکەی پارتی لە واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە نائومێد بکات.

> „ لەناو پارتی ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە کۆمەڵی ئیسلامی بەشداریی حکومەت ناکات "

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە یەکێتی کە ئاگاداری زیادکردنی داواکارییە نوێیەکان بووە، بەڵام ئەو بە داواکاریی نوێ ناوی نەبرد، دەڵێ: "بۆ ئەوەی وەزیرەکانمان دەسەڵاتی تەواویان هەبێت و بتوانن کاری خۆیان بە باشی ڕاپەڕێنن، ویستمان لەگەڵ پارتی ئەوە یەکلایی بکەینەوە کە ئەو وەزارەتانەی بەر یەکێتی دەکەون، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتەکانیش یەکێتی بن، لەگەڵ داواکردنی چەند بریکارێکی وەزارەتەکان، لەوانە بریکاری وەزارەتی پەروەردە و شەهیدان و ناوخۆ".

ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "بەرهەم ساڵح لە ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆکی حکومەت دێتە هەولێر و بەشداری لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەت دەکات، ئەوەش بە مانای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و بەرهەم ساڵح دێت".

> لە ماوەی دوو هەفتەدا کاندیدەکانمان یەکلایی دەکەینەوە
>
> بزووتنەوەی گۆڕان

کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی ڕێککەوتنەکەی بە "مێژوویی" ناوبرد و گوتی: "ڕێککەوتنەکە مێژووییە، چونکە گەلی کورد پێشتر هەمیشە دژی یەکدی بووە و ناتەبا بوە، بەڵام هیواداریـن ئەم ڕێککەوتنە کە بەهیمەتی هەمووان واژۆ کراوە، جێبەجێ بکرێت".

لە ئێستاوە هەوڵە نێوخۆییەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان، بۆ ئامادەکردنی بەربژێرەکانیان چڕتر دەبێتەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەستیکەوتوون، هەریەکە لە قوباد تاڵەبانی لەماڵباتی تاڵەبانی بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت، ڕێواس فایەق، لە پشکی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ سەرۆکی پەرلەمان، حەمەی حەمە سەعید لە پشکی بەرهەم ساڵح، بۆ وەزیری ڕۆشنبیری و دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ لە پشکی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ وەزیری پلاندانان، یەکلایی بوونەتەوە. بەرپرسەکەی یەکێتی گوتیشی: "ئاسۆس عەلی، لە پشکی لاهور تاڵەبانی بۆ وەزیری کشتوکاڵ بەربژێرێکی بەهێزە و سەعدی ئەحمەد پیرە لە پشکی ماڵباتی تاڵەبانی بۆ وەزیری ڕێکخەری نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا تاڕادەیەک یەکلایی بووەتەوە، بەڵام وەزارەتەکانی پێشمەرگە و خوێندنی باڵا، هێشتا کێبڕکێی زۆریان لەسەرە".

بۆ جاری دووەم، عومەر سەید عەلی، بەشدارکردنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە حکومەت خستەوە بەردەم نێچیرڤان بارزانی، هەرچەندە شاندەکەی پارتی گوتوویانە کە ئەوان کۆمەڵیان بانگهێشت کردووە بۆ نێو حکومەت بەڵام خۆیان ساخ نەبوونەتەوە، بەڵام هێڤیدار ئەحمەد، پەرلەمانتاری پارتی دەڵێ: "لەناو پارتی ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە کۆمەڵی ئیسلامی بەشداریی حکومەت ناکات، ئەگەر بەشداریش بکات دەبێت گۆڕان و یەکێتی لە پشکەکانی خۆیان وەزارەتی بدەنێ، چونکە پارتی خەریکە خۆی بە 46 کورسییەوە دەبێتە کەمینە لەناو حکومەت".

وەک هێڤیدار باسی دەکات، ئەنجوومەنی وەزیران لە 24 پۆست پێکدێت، 19 وەزارەتی فیعلی و 3 وەزیری هەرێم، 11 وەزارەت بۆ یەکێتی و گۆڕان ڕۆیشتووە، ئەوەی بۆ پارتی ماوەتەوە، دەبێ وەزارەتی لێ بداتە کریستیانەکان و سۆشیالیست، ئێستا ڕۆنی سەوز بە 33 کورسی پەرلەمان 45.8%ی پۆستەکانی بردووە و پارتی بە 46 کورسی 41%ی پۆستەکانی بۆ ماوەتەوە.

هێڤیدار ئەحمەد، باسی کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکات و دەڵێ: "دەبێت پێش 48 کاژێر پەرلەمانتاران لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار بکرێنەوە بۆ کۆبوونەوە، هەمواری یاسای سەرۆکایەتی ئامادەیە و لەو دانیشتنە تەنیا دەنگی پێدەدرێ و دواتر دەرگای خۆپاڵاوتن دەکرێتەوە بۆ بەربژێرەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆیە لەو دانیشتنەی پەرلەمانەوە، نێچیرڤان بارزانی ماوەی 14 ڕۆژی پێویستە وەک سەرۆکی هەرێم دەستبەکار بێ".

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش دەڵێ: "ئیدی دەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەیە بۆ ئەوەی دەست بە ڕێکارە یاساییەکانی پێکهێنانی حکومەت بکات". جەلال محەممەد، لە فراکسیۆنی گۆڕان گوتیشی: "ڕۆژی چوارشەممە پەرلەمان کۆدەبێتەوە و بەو پێیەی حیزبەکان نیوەی بەربژێرەکانیان ئامادە کردووە، مەسروو بارزانی پێویستی بە مانگێک نابێت بۆ ڕاگەیاندنی کابینەکەی، پێشبینی دەکەم بە 15 ڕۆژ هەموو شتێک تەواو ببێ".

---

### د.دەرباز محەممەد، وەزیری پێشووی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بۆ (ڕووداو):

# فەرموون بڕۆن یەک دێڕ لەسەر خراپیی ئەدای من بدۆزنەوە



هەفتەی ڕابردوو، عەبدولڕەزاق شەریف، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان نامەیەکی بڵاوکردەوە و ڕەخنەی لە بزووتنەوەکە گرت، چونکە وەک ئەو دەڵێ چاوپۆشی لەو تۆمەتانە کردووە کە پەرلەمانتارێکی عێراق دابوویە پاڵ دەرباز محەممەد، وەزیری پێشووی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەرباز محەممەد ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ "بە کام بەڵگە؟" پاشان دەپرسێ "ئەگەر کاک عەبدولڕەزاق ڕاست دەکات بۆ دوو ساڵە لە ژووری یاسایی گۆڕان سکاڵای لەدژ تۆمار نەکردووم".

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

**ڕووداو: لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراقدا، کورد وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی وەرنەگرتەوە. بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر ئاوارە لە کوردستانن، پێتوایە پێویست بوو ئەو وەزارەتە بەدەست کوردەوە بمێنێتەوە؟**

**د.دەرباز محەممەد:** هەموو ئەو وەزارەتانەی کورد وەریگرتوون، لە وەزارەتی کۆچ گرنگترن. بەو پێیەی ژمارەی ئاوارەکانی کوردستان زیاد لە نیوەیان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، وەزارەتی کۆچ تایبەتمەندی و گرنگییەکانی بۆ کورد وەک جاران نەماوە. ئەو پەیوەندییە باشەش کە ئێمە بنیاتمان نابوو لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزیرە نوێیەکە درێژەی پێداوە.

**ڕووداو: سەبارەت بە ئاوارەکانی کەرکوک و خورماتوو گلەیی زۆرتان لێدەکرا. هەروەها بۆ پرسی بەدەمەوەهاتنی ئاوارەکانی پارێزگای دهۆک و هەولێریش؟**

**د.دەرباز محەممەد:** ڕاستە گلەییەکە دوو دیوی هەبوو. هەندێکجار دیوێکی سیاسی هەبوو، بەو مانایەی کە ئێمە پشتمان بە خۆمان بەستووە و بۆ بەخێوکردنی ئاوارەکان بەغدا هیچی وای بۆ نەکردووین. دیوێکی دیکەشی تێنەگەیشتن بوو لە توانای ماددیی ئێمە. چونکە تۆ ئەگەر بۆ نموونە 200 هەزار ئاوارەت هەبێت، ناتوانی 200 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکەیت. بوونی ملیۆنێک ئاوارە لە کوردستان قورساییەکی ئێجگار زۆر بوو. ئەوەی ئێمە دەمانکرد، لەوە زۆرترمان پێنەدەکرا.

**ڕووداو: ئێوە چیتان دەکرد؟**

**د.دەرباز محەممەد:** ئێمە لە قۆناغی یەکەمی دەستبەکاربوونمان، دەستمانکرد بە دروستکردنی کەمپ و لە دوو مانگی یەکەمی کارکردن 20 یەکەی نیشتەجێبوونمان لە دهۆک دروستکرد. دواتر بۆ مەلەفی مووسڵ دەستبەکار بووین و بە هەماهەنگی حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان، زۆر بەچڕی لەسەر هێڵ بووین و بیرمە تەنانەت ئۆباماش دەیپرسییەوە کە چی کراوە بۆ مووسڵ، چونکە بەرنامەی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لەئارادا بوو. تەنانەت نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک پێیانگوتین، ئەگەر ئێوە بتوانن نیو ملیۆن ئاوارە داڵدە بدەن، ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە و ناشتوانن، بەڵام ئێمە زۆر زیاتر لەوەمان داڵدە دا.

> خۆم فایلەکەی خۆمم کۆپی کرد و ناردمەوە بۆ گۆڕان بۆ ئەوەی لێی بکۆڵنەوە

**ڕووداو: بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باسی ئەو فشارە زۆرەی ئاوارەکانی دەکرد لەڕووی خەرجی و ژیاندنیانەوە؟**

**د.دەرباز محەممەد:** نەخێر، لە ڕووی خەرجییەوە ئەرک لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوو. گوشارەکە لەڕووی تەندروستی و کارەبا بوو. ئەگینا وەک پارەی کاش، حکومەتی بەغدا و ڕێکخراوەکان داویانە.

**ڕووداو: گەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگال ئاسانە؟**

**د.دەرباز محەممەد:** بەم دۆخەی ئێستا نەخێر. چونکە مەسەلەکە تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە و لایەنی پەکەکە و باڵەکانیشی بوون بەلایەنێکی کێشەکە.

**ڕووداو: بۆچی حەیدەر عەبادی، مووچەی ئاوارە عەرەبەکانی کوردستانی وەک کارتی گوشار بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە، لە کاتێکدا گەڕانەوەی ئاوارە کارێکی خۆویستانەیە؟**

**د.دەرباز محەممەد:** نەخێر ئەوە ڕاست نییە و تێنەگەیشتن هەبوو. چونکە تۆ قوتابخانەیەکت هەیە لە ئەنبار و مامۆستاکانی لە سلێمانی ئاوارەن، چۆن دەتوانی ئەو قوتابخانەیە بکەیتەوە؟ خۆ ناشتوانێ مامۆستای نوێ دابمەزرێنی؟

**ڕووداو: پێدەچێ شەڕ بۆ ماوەیەک عێراق جێبهێڵێ و ئاوارەبوون کەم ببێتەوە، بەبڕوای تۆ عێراق پێویستی بە وەزارەتی کۆچ دەمێنێ؟**

**د.دەرباز محەممەد:** بەبڕوای من تاوەکو 10 ساڵی دیکە ئەو وەزارەتە پێویست دەبێت.

**ڕووداو: لەیادمە جارێک گوتت 500 هەزار ئاوارەی عەرەب ڕوویان لە کەرکوک کردووە، وەک بزانی ئەو ئاوارانە گەڕانەوە؟**

**د.دەرباز محەممەد:** بەڵێ ژمارەیەکی زۆر ئاوارە لە تکریت و مووسڵ و حەویجە و ئەنبار ڕوویان لە کەرکووک کردبوو. بەشێکی زۆر لەوانە گەڕانەوە، ڕەنگە بەشێکیان نەگەڕابنەوە. بەڵام بۆ مەسەلەی گۆڕینی دیموگرافی شارەکە، ئەوانە کۆبوونی خۆراکیان لەسەر کەرکووک نییە و ناتوانن کاریگەری لەو شێوەیە دروستبکەن.

**ڕووداو: وابزانم بەشێک لە کەسوکاری داعش ئاوارەی سووریا بووبوون کە عێراقی بوون؟**

**د.دەرباز محەممەد:** نزیکەی 30 هەزار ئاوارەی عێراقی وامان لە سووریا هێنایەوە. بەڵام ژمارەیەکی زۆریش ماون. ئەوانە ژن و منداڵی داعشن. هێنانەوەی ئەوانە کێشەیە چونکە چۆن دەیانپارێزی؟ ناشکرێ منداڵێک زیندانی بکەی لەبەر ئەوەی باوکی داعشە. تاوانی ئەو چییە باوکی داعشە؟

**ڕووداو: لەم ڕۆژانەدا عەبدولڕەزاق شەریف، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان نامەیەکی بڵاوکردەوە و لە دەستپێکی نامەکەوە باسی ئەوەی کردبوو کە گۆڕان چاوپۆشی لە تۆ کردووە کاتێک تۆمەتبار کراوی بە خراپ بەڕێوەبردنی وەزارەتەکەت؟**

**د.دەرباز محەممەد:** ئەوە بابەتێکی سیاسی و هەم کەسییە و بابەتەکە پەیوەندی بەڕاست و هەڵە و دادپەروەرییەوە نییە. هەرکەس لەو برادەرانەی لەناو جڤاتن یان لە دەرەوەی جڤاتن، ئەگەر مەلەفێکیان لەبەردەستە، ئەوە ژووری یاسایی گۆڕانمان هەیە و سکاڵا وەردەگرێ، بۆ نەچوون سکاڵا بکەن. ئینجا لە ماوەی ئەو دوو ساڵە بۆ بێدەنگ بووە و ئێستا قسە دەکات؟ دیسان کام بەڵگەیەی هەیە؟

**ڕووداو: بەڵام کاتی خۆی لیژنەی کۆچ و کۆچبەرانی پەرلەمانیش بانگیان کردی بۆ هەمان مەبەست؟**

**د.دەرباز محەممەد:** هەموو ڕۆژێک دەڕۆیشتم. لە عێراق سێ دەزگای چاودێری هەیە و هەرسێ لەوانە برای باوکم نین، بۆچی هیچکام لەو دەزگایانە شتێکیان نەگوت؟ فەرموون بڕۆن یەک دێڕ لەسەر خراپیی ئەدای من بدۆزنەوە. ئینجا هەتاوەکو من نەبوومە ئەندامی لیژنەی دیاریکردنی بەربژێرەکانی گۆڕان کەس باسی ئەمەی نەکرد. من وەزیر بووم و ڕەنگە باشتر بزانم کێ بۆ ئەوە دەشێ بکرێتە وەزیر و توانای باشتری هەیە. ئەوەش لەبەر خاتری خزمەتکردنی گۆڕان دەکەم.

> وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بۆ کورد تایبەتمەندی جارانی نەماوە

**ڕووداو: کاتی خۆی عالیە نوسەیف، پەرلەمانتاری شیعەی عێراق داوای کردبوو وەزیری کۆچ بانگهێشت بکرێ بۆ پەرلەمان؟**

**د. دەرباز محەممەد:** بەڵێ. ئەوکات و ئێستاش، داوا لە هیچ کەس و دامەزراوەیەکی گۆڕان ناکەم لەسەر من بێنە دەنگ. من بۆ خۆم لە 16ی شوباتی 2016 کە ئەو گفتوگۆیە هەبوو، ئەو فایلەم کۆپی کردووە و داومەتە ژووری حکومەت و پەرلەمانی گۆڕان و گوتوومە کاکە ڕەنگە ئێوە دەستتان پێی نەگات، ئەوە فایلی منە و لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن.

**ڕووداو: عەبدولڕەزاق شەریف دەڵێ ئارام محەممەد، جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە ڕێکخەری گشتی گوتووە حاڵەتێکی وا هەیە و با مشووری بخۆین؟**

**د.دەرباز محەممەد:** کاک ئارام خوێندنەوەی خۆی بووە بۆ دۆخەکە. تێگەیشتنی من نەبووە و داوای ئەوەم نەکردووە و پێمنەگوتوون وەرن چارەیەکی بکەن. دواتر گۆڕان وەڵامی دامەوە کە ئەو فایلانە شایانی ئەوە نین لەوە زۆرتر خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین.

**ڕووداو: مەبەستی چییە لەوەی دەڵێ ڕێکخەری گشتی گوتوویەتی، پارەمان بۆ پەیدا دەکات؟**

**د.دەرباز محەممەد:** ئاگاداری ئەوە نیم و لە کۆبوونەوەکە نەبووم تاوەکو بزانم ڕێکخەری گشتی وای گوتووە یان نا.

تەنانەت ئەم هەفتەیە وەک تۆ ئاگام لەوەیە کە کاک ئارام وەک کاک عەبدولڕەزاق باسی دەکات، چووبێتە ئەو کۆبوونەوەیە و لەگەڵ ڕێکخەری گشتی باسی ئەو مەسەلەیەی کردبێ.

> تاوەکو 10 ساڵی دیکەش عێراق پێویستی بە وەزارەتی کۆچ دەمێنێ

# دۆسیەی پرۆژەی وەرین ستی دەدرێتە لیژنەی چاکسازی

**35 خانووی پرۆژەکە لە یەک کاتدا بە دوو کەس فرۆشراون**



ماوەی 10ساڵە پرۆژەی وەرین ستی بە تەواونەکراوی جێهێڵدراوە

**بەڵێندەرێک:**

**خاوەنی پرۆژەکە نزیکەی ملیۆنێک دۆلاری حەوت بەڵێندەری خواردووە**


شکار ئەحمەد

ڕووداو – هەولێر


ماوەی نزیکەی 10 ساڵە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە هەولێر بە ناتەواوی بەجێهێڵراوە و وەبەرهێنەری پرۆژەکەش پارەیەکی زۆری خاوەن یەکەکان و بەڵێندەران قەرزدارە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو لیژنەی چاکسازییەی جاران لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە پێکهێنرابوو، کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژەکە دەکات.

پرۆژەی وەرین ستی لە کەرتی 90ی پیرزین لە ساڵی 2010 لەسەر ڕووبەری 350 دۆنم دەست بە دروستکردنی کراوە کە 1500 یەکەی نیشتەجێبوونی بە ڕووبەری جیاواز لەخۆدەگرت، بەڵام وەبەرهێنەرەکە پرۆژەکەی تەواو نەکرد و پارەیەکی زۆری خەڵک و بەڵێندەرانیشی برد، بۆیە ماوەیەک لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کرا، دواتر پرۆژەکەی ڕادەستی کەسێکی دیکە کرد، بەڵام ئەویش پارەیەکی زۆری خەڵک و بەڵێندەرانی خوارد. هەتا ئێستاش تەنیا 30%ی پرۆژەکە تەواو بووە.

ڕۆژی 2019/4/24 بەشداربووانی پرۆژەی نیشتەجێبوونی وەرین ستی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران گردبوونەوە و داوای پارەکانیان کرد. شێروان حامید کە یەکێکە لەوانەی خانووی لە پرۆژەکە کڕیوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆربەمان زیاتر لە 400 هەزار دۆلارمان بە کاش لە بەرامبەر وەرگرتنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون داوە. ئێستا نە یەکەکان دروستکراون و نە پارەکەشمان دیارە، 10 ساڵ بەسەر دەستپێکردنی پرۆژەکەدا تێپەڕیوە و 30%ی پرۆژەکەش تەواو نەبووە".

وەک نوێنەری بەشداربووانی پرۆژەکە دەڵێ، یەکەکان چەند دەستێکیان کردووە و هەر یەکەیەک بە چەند کەسێک فرۆشراوە. کاروان غەفوور گوتی: "وەبەرهێنەرەکە چەند یەکەیەکی نیشتەجێبوونی بە دوو کەس و سێ کەس فرۆشتووە و پارەکەشی لە هەموویان وەرگرتووە، هەروەها بە ئاگاداری دەستەی وەبەرهێنان بەشێکی زۆری زەوی بازرگانیی پرۆژەکەی فرۆشتووە، ئەمە بێجگە لە فرۆشتنی تەواوی ڤێلاکان بە وەبەرهێنەرێکی دیکە بەبێ هیچ ڕێکارێکی یاسایی".

بێجگە لە تەواونەکردنی خانووەکان، وەبەرهێنەری پرۆژەی وەرین ستی نزیکەی ملیۆنێک دۆلاری چەند بەڵێندەرێکیشی خواردووە کە لە پرۆژەکەدا کاریان کردووە. ئەندازیار هێمن ئەمیر یەکێک لەو بەڵێندەرانەیە کە کاریان لە پرۆژەکەدا کردووە، دەڵێت: "حەوت بەڵێندەر لەو پرۆژەیە کارمان کردووە. پێنج بەڵێندەر لە خانووەکان و دوو بەڵێندەریش لە شەقامەکانی پرۆژەکە کاریان کردووە. ئێمە نزیکەی 200 خانوومان تەواو کرد، بەڵام وەبەرهێنەرەکە هیچ پارەیەکی نەداینێ، من 285 هەزار دۆلارم لەلای وەبەرهێنەرەکەیە و بەگشتی نزیکەی ملیۆنێک دۆلار قەرزداری بەڵێندەرەکانە".

گوتیشی: "حکومەتیش کەمتەرخەمە لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پرۆژەیە، چونکە زەوییەکی زۆر لە پشتەوەی پرۆژەکە هەیە، دەتوانن بیدەن بە بەڵێندەرەکان و ئەو پارەیەی ئەوان کە لەلای وەبەرهێنەرەکەیە بە زەوی بیدەنەوە. هەروەها دەکرێت پرۆژەکە بدرێتە وەبەرهێنەرێکی دیکە و تەواوی بکات".

دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر لە 2018/10/28 بە نووسراوی ژمارە 3460 سکاڵای لەسەر وەبەرهێنەری پرۆژەکە لە داواکاری گشتی تۆمار کردووە، چونکە وەبەرهێنەرەکە چەند گرێبەستێکی لەسەر زەوی بازرگانیی پرۆژەکە کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کەیسەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "تەنیا لە خانووە 250 مەترییەکاندا، 35 خانوو بە زیاتر لە کەسێک فرۆشراون و پارەش لە هەموویان وەرگیراوە. ئەو وەبەرهێنەرە نووسینگەیەکی لە بەغدا هەبووە، لەوێش خانووی پرۆژەکەی فرۆشتووە و پارەی وەرگرتووە. لەکاتێکدا لە هەولێریش هەمان خانووی بە خەڵکی فرۆشتووە".

بەپێی زانیارییەکان، چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژەی وەرین ستی دراوەتە لیژنەیەکی چاکسازی و لە ڕۆژی 2019/4/14 وەبەرهێنەری پرۆژەکە بانگ کراوە، هەموو داتا و بەڵگە و دۆکیۆمێنتە فەرمییەکان لە وەبەرهێنەر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر وەرگیراون.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری کێشەی پرۆژەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "قەرەبووکردنەوەی بەشداربووان و بەڵێندەران، هەروەها تەواوکردنی پرۆژەکە 70 ملیۆن دۆلاری پێویستە، بۆیە لیژنەی چاکسازی فەرمانی داوە بە دەستەی وەبەرهێنان جەردێکیان لەسەر پرۆژەکە بۆ بکەن، ئینجا لیژنەکە بڕیاری لەسەر بدات کە ڕەنگە پرۆژەکە بدرێتە وەبەرهێنەرێکی دیکە، بەو مەرجەی قەرەبووی خەڵکەکە بکاتەوە".

فاخیر مەرعان بارزانی، خاوەنی پرۆژەکە لەبارەی کێشەکانی ئەم پرۆژەیە بەنیاز بوو ڕوونکردنەوەیەک بۆ (ڕووداو) بنێرێ، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە نەینارد.

# ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک سکاڵا لەسەر ئاشتی هەورامی تۆمار دەکات


ناسر عەلی

ڕووداو- دهۆک


بەرپرسانی پارێزگای دهۆک دەڵێن بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە بڕێکی کەمتر کارەبای نیشتیمانی دەدرێتە پارێزگای ئەوان، هەر ئەمەش هانی لیژنەی سووتەمەنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەدات سکاڵا لەسەر وەزیری کارەبا بە وەکالەت کە ئاشتی هەورامییە، تۆمار بکەن.

لە کاتێکدا بەرپرسانی کارەبا دەڵێن بەهۆی کەشوهەوای ئەمساڵی کوردستان توانیویانە مانگی ڕابردوو زۆربەی کات کارەبای نیشتیمانی بدەنە هاووڵاتیان، بەڵام لە شاری دهۆک ڕەوشەکە پێچەوانەیە، بە جۆرێک بەم بەهارە هاووڵاتیانی دهۆک بۆ ئەمپێرێکی کارەبای مۆلیدە 7500 دیناریان لێوەرگیراوە. بەڵام لە سلێمانی بۆ ئەمپێرێک کارەبا 3500 دینار وەرگیراوە، لە هەولێریش 1500 – 4500 دینار بۆ ئەمپێرێک کارەبا دراوە.

حاجی قادر، دانیشتووی شاری دهۆک ڕووی گلەیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و دەڵێت: "من تێناگەم، لە قوربانیدان هەر دهۆک لەپێشەوەیە، لە دەنگدان بە پارتی هەر دهۆک یەکەمە، بەڵام کە دێتە سەر ماف، دهۆک لەدواوەیە، مەعقولە بەم بەهارە و بەم کارەبا زۆرییە، بۆ ئەمپێرێک کارەبا 7500 دینار بدەین، بەڵام لە هەولێر و سلێمانی نیوەی ئەو نرخە بدرێ، ئەوە غەدرێکی ئاشکرایە لە دهۆک دەکرێ".

کەمیی کارەبای نیشتیمانی لە دهۆک، کۆدەنگی لەنێو بەرپرسانی شارەکە دروستکردووە، ڕۆژی 2019/5/5 بەڕێوەبەری گشتی کارەبای دهۆک و لیژنەی سووتەمەنی لە ئەنجوومەنی پارێزگا و قائیمقامی دهۆک، ئەو کێشەیەیان گەیاندە نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە دهۆک.

**110 مێگاوات کارەبای دهۆک دەدرێتە کەمپەکان و ناوچە کێشەلەسەرەکانی مووس**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک

ڕێڤینگ هروری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە لە نووسینگەکەی پەرلەمان قسەی لەگەڵ بەرپرسانی دهۆک کردووە، بە (ڕووداو) گوت: "ناڕەزایییەکانی خەڵکی دهۆک لە کەمیی کارەبای نیشتیمانی لە شوێنی خۆیەتی، ئێمەش وەکو نوێنەرانی شاری دهۆک لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو غەدرە قبوڵ ناکەین و ئەو کێشەیە دەگەیەنینە پەرلەمانی کوردستان".

سەبارەت بە کەمیی کارەبای نیشتیمانی لە دهۆک، هروری دەڵێت: "بیانووی وەزارەتی کارەبا ئەوەیە هێڵی کارەبای هەولێر – دهۆک، تەحەمولی ئەو کارەبایە ناکات کە دهۆک پێویستی پێیە، بۆیە دەبێ توانای گواستنەوەی هێڵەکە زیاتر بکرێ. بە بڕوای ئێمە ئەوەش کاتێکی زۆری دەوێ". چارەسەری بە پەلە بەلای هروریییەوە ئەوەیە کە توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە وێستگەی کواشێ زیاد بکرێ.

عەبدولسەمەد تێلی، سەرۆکی لیژنەی سووتەمەنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک کە بەدواداچوونێکی زۆری بۆ کێشەی کارەبا لە دهۆک کردووە، دەڵێت: "زیاتر لە چوار ساڵە غەدر لە دهۆک دەکرێ، لەو کارەبایەی لە هەموو وێستگەکانی کارەبا بەرهەمدێ، تەنیا 24%ی بۆ پارێزگای دهۆک دانراوە، ئەو ڕێژەیەش هەمووی ناگات، 50 مێگاواتی بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان دەچێ، 60 مێگاواتیش بۆ کەمپەکانە، بۆیە بەراورد بە پارێزگای هەولێر و سلێمانی، کارەبایەکی کەمتر دەگاتە دهۆک".

یەکێک لە هۆکارەکانی کەمیی کارەبای دهۆک وەک تێلی ئاماژەی بۆ کرد وێستگەی کارەبای کواشێیە، بە گوتەی عەبدولسەمەد تێلی وێستگەکە توانای بەرهەمهێنانی 1000 مێگاوات کارەبای هەیە، بەڵام بە بیانووی نەبوونی سووتەمەنی ئەو بڕە بەرهەم ناهێنن. وێستگەکە حەوت یەکەی بەرهەمهێنانی کارەبای هەیە، بەڵام 4 یان پێنج یەکەیان کار دەکەن.

سەرۆکی لیژنەی سووتەمەنی چەند داتا و بەڵگەنامەیەکی دەستکەوتووە، لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانەش سکاڵا لەسەر وەزیری کارەبا بە وەکالەت تۆمار کراوە.

تێلی گوتی: "ڕۆژی 2017/2/6 ڕێککەوتنێک لە نێوان ئاشتی هەورامی و ئەحمەد ئیسماعیل، خاوەنی وێستگەی کواشێ ئیمزا کراوە کە حکومەت سووتەمەنی بۆ وێستگەکە دابین بکات، وێستگەکەش ڕۆژانە 1000 مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێ، بەڵام بەپێی ئەو داتایەی لەلای ئێمەیە، ئەو کارەبایەی وێستگەکە بەرهەمی هێناوە زۆر کەمترە لەوەی لە گرێبەستەکەدا هاتووە. وێستگەکە بایی 440 ملیۆن دۆلار سووتەمەنی لە حکومەت وەرگرتووە، لەسەر ئەمە لە ڕۆژی 2019/2/6 لە دادگای دهۆک سکاڵام لەسەر ئاشتی هەورامی تۆمار کردووە".

سەبارەت بە پرۆسەی دادگاییەکەش، گوتی: "هەتا ئێستا نوێنەری یاسایی ئێمە و نوێنەری لیژنەی سووتەمەنی و چەند کەسێکی دیکە بانگکراون و لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە بەردەوامە".

**کەیسەکەی لە دەستەی دەستپاکی و ئەنجومەنی وەزیرانە**

# بەڵێندەرێک لە هەولێر هەڕەشەی ڕاگرتنی دوو پرۆژە دەکات


شکار ئەحمەد

ڕووداو – هەولێر


ماوەی شەش مانگە دروستکردنی دوو پرۆژەی نیشتەجێکردن بۆ کەمدەرامەتان و کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش لە هەولێر دەستپێکردووەتەوە، بەڵام بەڵێندەری پرۆژەکە دەڵێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر ڕێگرییان لێدەکات و سولفەیان بۆ خەرج ناکرێت، بەڕێوەبەرایەتییەکەش دەڵێن تاوەکو دەستەبەری بانکی تازە نەکەنەوە سولفەیان نادرێتێ.

دوای ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بڕیاری دروستکردنی 600 یەکەی نیشتەجێکردنی لە دوو شوێنی شاری هەولێر دا، کۆمپانیای جێبەجێکار دەستی بە کار کرد، بەڵام دواتر ئاشکرا بوو کە خاوەنی کۆمپانیاکە بە دەستەبەری بانکی (خیتاب زەمان)ی ساختە پارەیەکی زۆری وەکو سولفە بۆ پرۆژەکان وەرگرتووە، بۆیە کەیسەکەی درایە دەستەی دەستپاکی و کارەکانی دوو پرۆژەکە ڕاگیران.

کۆمپانیای (خۆزان – میللەت) کە پرۆژەکانی جێبەجێ دەکرد، پێنج ساڵە ڕاگیراوە و شەش مانگ لەمەوبەر بە بەڵێندەرێکی دیکە فرۆشرا، ئەویش دووبارە دەستی بە پرۆژەکە کردەوە.

لە نووسراوی ژمارە 3386 لە 2018/10/8ی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کە واژۆی دەرباز کۆسرەت، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی لەسەرە و ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر کراوە، هاتووە لەبەر بەرژەوەندیی گشتی و تایبەتمەندی ئەو دوو پرۆژەیە کە بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەتە، کاری پێویست بکەن بۆ دەستبەکاربوونەوەی کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژە بەبێ هێنانی خیتاب زەمانی پێشینەی پێشەکی بۆ ئەوەی دەست بەکار بکرێتەوە.

هیوا بورهان، خاوەنی کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: دوو پرۆژەکە کە 600 شوقەی نیشتەجێکردنە، بەهاکەی 35 ملیار دینارە، 320 شوقەی لە شاری ئاوێنەیە لە نزیک بنەسڵاوە و 280 شوقەی لە پشت ماجدی مۆڵە. لەسەر داوای وەزیری ئاوەدانکردنەوە کۆمپانیاکە بەناوی من کرا و شەش مانگە دەستم بە جێبەجێکردنی کردووەتەوە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە یەک ملیار دینارم تێدا خەرج کردووە".

بەڵام ئەو بەڵێندەرە دەڵێت بەڕێوەبەرێکی وەزارەتی ئاوەداکردنەوە بیانوویان پێدەگرێت و ڕێ لە کارەکانیان دەگرێ. هیوا بورهان گوتی: "خاوەنی پێشووی کۆمپانیاکە بە خیتاب زەمانی ساختە 780 ملیۆن دیناری سولفەی زیادی لە حکومەت وەرگرتبوو، چوومە لای بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی هەولێر و پێمگوت من قەرزی پێشترم داوەتەوە، کار لە پرۆژەکەش دەکەم بۆ ئەوەی خەڵکی کەمدەرامەت لەو پرۆژەیە سوودمەند بن، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرە داوای نوێکردنەوەی خیتاب زەمانمان بۆ ماوەی سێ ساڵ لێدەکات. لەکاتێکدا هیچ بەڵێندەرێک نییە خیتاب زەمانی بۆ سێ ساڵ نوێکردبێتەوە. بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە کە دەڵێ بەهۆی قەیرانی دارایی خیتاب زەمان بە بەڵێندەر نوێ نەکرێتەوە".

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش پێیانوایە داواکارییەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر زۆرە. ئاگرین عەبدوڵڵا، بریکاری وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر پرۆژەکە کێشەی تێدابوو، کۆمپانیاکە خیتاب زەمانەکانی ساختە بوون. ئەو بەڵێندەرەی ئێستا کڕیویێتییەوە و دەڵێ ئامادەم ئەوانیش بهێنمەوە، بەڵام داواکارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر زۆرترە لەوەی ئەو دەیەوێت بیکات".

گوتیشی: "ئێمە نووسراوێکمان داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران تاوەکو کێشەکە چارەسەر بکات".

بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێریش دەڵێت کێشەکە لە ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی دەستپاکییە و هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە. نەهرین ڕەحمان، بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێشتر خاوەنی پرۆژەکە چوار خیتاب زەمانی کردووە، سێ لەو خیتاب زەمانانە ساختەن. بەبێ ئاگاداری ئێمەش خیتاب زەمانەکانی لە بانک پوچەڵ کردووەتەوە و سولفەی پێشەکی بەو خیتاب زەمانە ساختانە وەرگرتووە، بۆیە کەیسی ئەو دوو پرۆژەیەمان داوە بە دەستەی دەستپاکی و لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، داوای سزاییشی لەسەر کراوەتەوە".

سەبارەت بە بەڵێندەرە تازەکەش، نەهرین دەڵێ: "ڕاستە ئەو کۆمپانیایە فرۆشراوە، هەر کەسێک کۆمپانیاکە دەکڕێتەوە دەبێت دۆکیومێنتە یاساییەکانی تەواو بکات، ئەوکاتە سولفەکانی بۆ خەرج دەکرێت، بەڵام بەڵێندەرە تازەکە خیتاب زەمانی نوێی بۆ پرۆژەکان نییە و داوای خەرجکردنی سولفەکانیان دەکەن، بۆیە تاوەکو خیتاب زەمانی نوێ نەهێنن ناتوانین سولفەکانیان بۆ خەرج بکەین".

کێشەی ئەو دوو پرۆژەیە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نێردراوە و سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیرانیش گوتی: "ئێمە بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر بانگ دەکەین و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدەین".

بەڵێندەرەکە هەڕەشەی تۆمارکردنی سکاڵا و ڕاگرتنی دوو پرۆژەکە دەکات. هیوا بورهان دەڵێت "ئەگەر کارئاسانیمان بۆ نەکرێت و ڕێگریمان لێبکەن سکاڵا لەسەر ئەو بەڕێوەبەرە تۆمار دەکەم و پرۆژەکانیش ڕادەگرم".

### لە بەرامبەر ڕاگرتنی داعشە فەرەنسییە گیراوەکان

# بەغدا داوای "چەک و دوورکەوتنەوە لە کورد" لە حکومەتی ماکرۆن دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

هەوڵی کەسوکاری داعشە فەرەنسییەکان بۆ هێنانەوەی خزمەکانیان لە عێراق و سووریاوە گەیشتووەتە بنبەست، حکومەتی پاریس داوای لێکردوون داواکارییەکەیان بۆ دادگایەکی ئەورووپی بەرز بکەنەوە، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (تایمز)ی بەریتانی، لە پشتی پەردەوە فەرەنسا لەگەڵ عێراق لە دانوستاندندایە، بۆ ئەوەی داعشە گیراوەکان لای خۆی ڕاگرێ. حکومەتی عێراق ئەوە وەک کارتێک بۆ دەستکەوتنی پارە، چەک و دوورخستنەوەی پاریس و هەولێر لەیەکدی بەکاردەهێنێ.

چارەنووسی چەکدارە بیانییە بەندکراوەکانی داعش و خێزانەکانیان لە عێراق و سووریا بووە بە پرسێکی هەستیار بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەوانەش فەرەنسا. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، حکومەتی پاریس و بەغدا سەرقاڵی گفتوگۆن لەسەر ڕێککەوتنێک کە تێیدا عێراق پابەند دەبێ بەوەی هەموو چەکدارە فەرەنسییەکانی داعش و خێزانەکانیان لای خۆی ڕابگرێ، لە بەرامبەریشدا فەرەنسا پشتگیری سەربازی و سیاسی پێشکەشی حکومەتی عێراق بکات.

ڕەخنەگرانی هەنگاوەکە پێیانوایە ئەگەر ئەو هەوڵە سەربگرێ، ئەوە ئەستەمە داعشە فەرەنسییەکان جارێکی دیکە چاویان بە فەرەنسا بکەوێتەوە و ئەگەری لە سێدارەدانیان لە عێراق هەیە.

حکومەتی فەرەنسا پێشتر بڕیاری دابوو ژمارەیەک لە منداڵە بێسەرپەرشتەکانی چەکدارە فەرەنسییەکانی داعش وەربگرێتەوە، بەڵام ئامادە نییە گەورەکان وەربگرێتەوە. بەشێک لە کێشەکان لە سیستەمی دادوەریی فەرەنساوە سەرچاوە دەگرن کە داوای بەڵگەی ڕوون و سەلمێنەر دەکات بۆ ئەوەی لەسەر ئەندامێتی داعش یان تاوانی دژی مرۆڤایەتی بڕیار لەسەر گومانلێکراوەکە بدات.

جیا لەمە حکومەتی فەرەنسا وەک زۆربەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان نیگەرانە لەوەی هاووڵاتییە داعشەکانی لەناو ریزەکانی ئەو ڕێکخراوەدا بە بیری توندتیژی داعش گۆشکرابن، ڕاهێنانی چەک و ڕێکخستنی هێرشی تیرۆریستییان پێکرابێ و لە گرتووخانەکاندا هەوڵی دروستکردنی شانەی نوێ بدەن.

> پاریس و بەغدا سەرقاڵی گفتوگۆن لەسەر ئەوەی حکومەتی عێراق چەکدارە فەرەنسییەکانی داعش و خێزانەکانیان لای خۆی ڕابگرێ

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هیچ پێگەیەکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی نییە، دۆخی سیاسی و ئەمنی سووریاش ناڕوونە و دیار نییە لە مانگەکانی داهاتوودا بارودۆخەکە بە چ لایەکدا دەکەوێ. بۆیە ئەو ناوچەیە بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی یان گرتووخانەیەک لەژێر چاودێریی هاوپەیماناندا گونجاو نییە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، ئەمریکا و فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوایی گواستنەوەی ئەو بەندکراوانە بۆ عێراق بە ڕێگەچارەیەکی باش دەزانن "گومانیش دەکرێ عێراق داوای 1.8 ملیار دۆلاری لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کردبێ، بۆ ئەوەی هەندێک لە چەکدارەکانیان (لە هەسەدە) وەربگرێ".

بەڵام داواکانی حکومەتی بەغدا لە پاریس جیاوازن لە داواکارییەکانی لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا. وەک ڕۆژنامە بەریتانییەکە ئاشکرای دەکات "گفتوگۆکان لەگەڵ فەرەنسا لەسەر چەک چڕبوونەتەوە، نەک پارە. بەغدا دەیەوێ بارهەڵگری (سەربازیی) خاوەن سیستەمی تۆپخانە لە فەرەنسا وەربگرێ".

بەڵام بەغدا هەر بەوەندە نەوەستاوە و دەیەوێ ئەم شپرزەبوونەی فەرەنسا وەک وەرەقەیەک بۆ لاوازکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر بەکاربهێنێ، بۆیەش داوای "بەڵێن"ی لە فەرەنسا کردووە کە "خۆی لە کوردی عێراق دووربگرێ".

مانگ و نیوێک دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرەنسا پێشوازی لە شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی کرد. لەو دیدارەدا ماکرۆن وێڕای پشتگیری لە پێگەی هەرێمی کوردستان و مافەکانی لە دەستووری عێراقدا، ئامادەگی وڵاتەکەی بۆ کارئاسانی لە پێناو دیالۆگی بەغدا و هەولێر دەربڕی.

نێچیرڤان بارزانی پاش دیداری لەگەڵ ژان ئیڤس لودریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "جارێکی دیکە سوپاسی سەرۆک ماکرۆن دەکەین کە یەکەم کەس بوو لەدوای گرژییەکانی ئۆکتۆبەر پێشوازی لە شاندێکی هەرێمی کوردستان کرد و گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان لادا".

> لە سەرەتای سەرهەڵدانی داعشەوە زیاتر لە 1900 خۆبەخشی فەرەنسی ڕوویان لە عێراق و سووریا کردووە

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، لە ئاکامی گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و پاریس 14 گومانلێکراوی داعش لە سووریاوە ڕەوانەی عێراق کراون و لەوێ دادگایی کراون.

بەپێی داتاکانی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە توندڕۆیی (ICSR)، لە سەرەتای سەرهەڵدانی داعشەوە زیاتر لە 1900 فەرەنسی ڕوویان لە ریزەکانی داعش لە عێراق و سووریا کردووە، ژمارەیەکی زۆر لەو چەکدارانە کوژراون یان گەڕاونەتەوە فەرەنسا. سەرەتای ئەمساڵ حکومەتی فەرەنسا بڕیاری دا 130 ئەندامی داعش وەربگرێتەوە، بەڵام بەهۆی ناڕەزایەتی ڕای گشتی لەو بڕیارە پاشگەز بووەوە.

ئەمین ئەلباهی هاووڵاتییەکی فەرەنسییە و دەیەوێ دوو خوشکەزای تەمەن چوار ساڵ و دوو ساڵی خۆی لە سووریاوە بگەڕێنێتەوە، لە کاتێکدا دایکیان لە 2014 وە ڕووی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش کردووە و منداڵەکانیش هەر لەوێ لەدایکبوون.

نەبیل بودی پارێزەری ئەمین بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە "فەرەنسا پێی باشترە بیانگوازێتەوە بۆ عێراق، نەک ئەوەی وەریانبگرێتەوە و لە فەرەنسا مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ئەوە یارییەکی مەترسیدارە، دەکرێ هەندێک لەو کەسانە لە عێراق ڕووبەڕووی بڕیاری لە سێدارەدان ببنەوە". نەبیل نیگەرانە لەوەی پاریس بە نهێنی منداڵان و ئافرەتان ڕەوانەی عێراق بکات و دەترسێ ئەگەر ئەوە ڕووبدات هێنانەوەیان بۆ فەرەنسا بە تەواوەتی ئاڵۆز ببێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، ئەمین و چوار خێزانی دیکە پەیوەندییان بە ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەرەنساوە کردووە کە باڵاترین دادگای ئیداریی فەرەنسایە، تاوەکو ئەو ئەنجوومەنە فەرمان بە ماکرۆن بکات لەم مانگەدا کەسوکاریان لە سووریاوە بهێننەوە. دادگای فەرەنسا داواکاری ئەمینی ڕەتکردووەتەوە و هانیداوە لە دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا داواکاری پێشکەش بکات.

خوشکەزاکانی ئەمین لە کەمپی ئەلهۆلن لە پارێزگای حەسەکە، دادگای فەرەنسا بەبێ ئامادەبوونی خوشکەکەی بڕیاری 30 ساڵ بەندکردنی بۆ دەرکردووە. وەک ئەمین دەڵێ خوشکەکەی نایەوێ بێ منداڵەکانی بگەڕێتەوە و جەخت دەکاتەوە کە: "ئەو دەبێ بهێنرێتەوە و دادگایی بکرێ".

### 30 هەزار کەسی تێدەکات

# عێراق کەمپێکی گەورە بۆ داعشەکان دروستدەکات

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی عێراق بەنیازە کەمپێک بۆ ئەو داعشانە دروستبکات کە لە دوایین ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش لە سووریا دەژیان. ڕێکخراو و گروپەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دژی هەنگاوەکەن و پێیانوایە ئەو جۆرە کەمپە ڕێگە لە تێکەڵاوبوونی ئەو خەڵکە لەگەڵ کۆمەڵگا دەگرێ، لەوانەشە بیری توندئاژۆیی لەناویاندا قووڵتر بکاتەوە. بەرپرسانی عێراقیش پێیانوایە بڵاوکردنەوەی ئەو خەڵکە لە کەمپی ئاوارەکان مەترسیی گەورەتر دروست دەکات.

حکومەتی عێراق لە مانگی شوباتەوە ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە ئەندامە عێراقییەکانی داعش و خێزانەکانیان لە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) وەربگرێتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، حکومەتی بەغدا بۆ ئەو مەبەستە پلانێکی بۆ دروستکردنی کەمپێکی گەورە لە نزیک تەلەعفەر لە پارێزگای نەینەوا داناوە کە ئافرەت و منداڵانی چەکدارانی داعشی بۆ دەگوازرێتەوە.

بەرپرسێکی عێراقی کە بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی قسەی بۆ ڕۆژنامەکە کردووە، دەڵێ: "ئامانج ئەوەیە شوێنێکی تایبەت هەڵبژێرین بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی تێدا بن. ئەم هەنگاوە لەلایەکەوە لەبەر هۆکاری ئەمنییە و لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەیە بە زیندوویی بیانهێڵینەوە، چونکە ئەگەر ئەو خەڵکە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، لەلایەن ئەو خەڵکەی داعش خزم و کەسی کوشتوون تۆڵەیان لێدەکرێتەوە".

مامەڵەکردنی حکومەتی ئێستای عێراق لەگەڵ کۆمەڵگای عەرەبی سوننەی عێراق ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەبینێ لەوەی گروپە جیهادییەکان جارێکی دیکە نەتوانن مەینەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بقۆزنەوە.

حکومەتی عێراق چەند مانگێکە سەرقاڵی دانوستاندنە لەگەڵ بەرپرسانی هەسەدە، بۆ ئەوەی زیاتر لە 30 هەزار عێراقی وەربگرێتەوە کە خێزانی چەکدارانی داعشن و ئێستا لە کەمپی ئەلهۆل لە پارێزگای حەسەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕاگیراون. لە کۆی زیاتر لە 70 هەزار دانیشتووی کەمپەکە، عێراقییەکان ٪40ی پێکدەهێنن و دوای سوورییەکان گەورەترین گروپی ناو کەمپەکەن.

> دوو لە کچەکانم ناچار کران زەواجی کاتی بکەن
>
> ئافرەتێک لە کەمپی خازر

بەگوتەی بەرپرسانی ڕێکخراوە مرۆییەکان، لە سەرەتای شەڕی دژی داعشەوە نزیکەی 20 هەزار عێراقی لە سووریاوە گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان، لە کەمپی ئەلهۆلیش نزیکەی 1700 خێزان خۆیان ناونووس کردووە بۆ ئەوەی لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕەوانەی عێراق بکرێنەوە.

خۆبەخشێک لەوبارەوە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "هەموو هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە سیناریۆی کەمپی گرتووخانە ڕوونەدات". گروپە مرۆییەکان داوا دەکەن گەڕاوەکان لە چوار کەمپ دابنرێن کە نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێرییان دەکات و خواردن، دەرمان و پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ دابین دەکات.

## ترس و تووڕەیی

حکومەتی عێراق و ڕێکخراوە مرۆییەکانیش نیگەرانی داهاتووی ئەو خەڵکەن کە بەندکردنی هەتاهەتاییان بۆ دەرنەچووە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکەی پێشتر هێنراونەتە ئەو کەمپە لە ترسی تۆڵەی میلیشیاکان و دراوسێکانیان ناوێرن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

کارمەندی یەکێک لە ڕێکخراوە مرۆییەکانی سەر بە حکومەت دەڵێ: "گەورەترین نیگەرانیمان ئەوەیە کە هەندێک لە کەمپەکانمان خەریکن دەبنە باشترین ژینگە بۆ سەرهەڵدانی توندئاژۆییەکی نوێ، تەنانەت ئەگەر خێزانێک بێتاوانیش بێ، ئێستا خەڵکی عێراق بە قینەوە سەیریان دەکەن و بە داعشیان دەزانن".




ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست) سەردانی کەمپی خازر لە نزیک مووسڵیان کردووە، لەوێ ئەو خێزانانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە، هیچ بژارەیەکی باش لەبەردەم خۆیاندا نابینن، لەلایەکەوە دەترسن لەوەی بۆ هەتاهەتایە بە ئاوارەیی بمێننەوە و لەلایەکی دیکەشەوە باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی کەمپ و هێزە چەکدارەکان دۆخە سەختەکەیان بقۆزنەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئەو ئافرەتانەی مێردەکانیان نەماون یان لە گرتووخانەن، لەلایەن پاسەوانانی کەمپ یان میلیشیاکانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی و دەستدرێژی، یان هاوسەرگیریی زۆرەملێ بوونەتەوە.

ئافرەتێکی تەمەن 40 ساڵ بەناوی کەواکیب لە کەمپی خازر باس لەوە دەکات کە دوو لە کچەکانی ناچارکراون هاوسەرگیریی کاتی بکەن، ئەوەش دوای ئەوەی پاسەوانەکانی کەمپەکە ڕێگەیان بە دوو کەسی دەرەوە دابوو بێنە ناو کەمپەکە و هاوسەر هەڵبژێرن. خێزانێکی دیکە کە چادرەکەیان لە نزیک ئەوانە، دەڵێ هەمان شت بەسەر سێ لە منداڵەکانی هاتووە.

بەڵام توانا جومعە، بەڕێوەبەری کەمپی خازر، قسەی ئافرەتە 40 ساڵانەکەی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "لە کەمپەکانی ئێمە نە هاوسەرگیری بە زۆر هەیە، نە دەستدرێژی هەیە. ئەگەر خێزانێک بەخۆی کچەکانی بە شوودابێ بە کەسانی دەرەوەی کەمپەکە، ئەوە شتێکی دیکەیە".

مونتەها، تەمەن 16 ساڵ، بەڵگەنامەیەکی تەڵاقی مانگی شوباتی بەدەستەوەیە و لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "ئەو هاوسەرگیریانە تەنیا هاوسەرگیریی سێکسن، بەڵام خۆ ناتوانیت بڵێی نا. ئەوان بۆ هەفتەیەک یان چەند مانگێکی کەم دەتبەن، دواتر فڕێت دەدەنەوە کەمپ و پێت دەڵێن تۆ کچی داعشی، من چیدی تۆم ناوێ".

## گەڕانەوە نییە

دەرچوون لە کەمپەکان و گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، ئافرەتان و منداڵان تووشی داهاتوویەکی لێڵتر و مەترسیدارتر دەکات. کەواکیب یەکێکە لەو ئافرەتانەی هەوڵی گەڕانەوەی داوە و دەڵێ: "پێیانگوتین ئەگەر هەوڵی گەڕانەوە بدەین حەشد دەستدرێژی دەکەنە سەر کچەکانمان. هەوڵم دا خاڵێکی پشکنین ببڕم و بگەمە فەرمانگەیەک کە مۆڵەتی گەڕانەوەمان پێبدەن، بەڵام لە خاڵی پشکنینەکە ڕایانگرتم و گوتیان ئەگەر بگەڕێیتەوە دەتکوژین".

توانا ڕەتیکردەوە ئەوان ڕێگرییان لە گەڕانەوەی کەس کردبێ و گوتی "ئێمە ڕێگریمان لە کەس نەکردووە بگەڕێتەوە، ئەوانەشی بە سەردان دەگەڕێنەوە مووسڵ، دەبێ مۆڵەت لە ئاسایش وەربگرن و دواتر بگەڕێنەوە کەمپ".

بە گوتەی توانا، سەرەتا 20 هەزار خێزان لە کەمپی خازر بوون، ئێستا تەنیا 3700 خێزان لە کەمپەکە ماون.

چارەنووسی منداڵەکانی ئەو ئافرەتانەش لە هی دایکیان ڕوونتر نییە. ئەو منداڵانەی لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا لەدایکبوون، بەڵگەنامەی لەدایکبوونی عێراقییان نییە، بۆیەش وەک عێراقی حیسابیان بۆ ناکرێ و ناتوانن سوود لە سیستەمی پەروەردەی عێراق وەربگرن. ئەندامانی خێزانی داعشەکانیش بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کاتێک داوای بەڵگەنامەیان بۆ منداڵەکانیان کردووە، لێپرسراوە عێراقییەکان هەڕەشەیان لێکردوون.

کاربەدەستێکی باڵای هاریکارییە مرۆییەکان لە کەمپی ئەلهۆل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حکومەتی عێراق لە ئاکامی چەکدارە عێراقییەکانی داعش و خێزانەکانیان دەترسێ، وەک چۆن داعشە عێراقییەکان و خێزانەکانیشیان دەترسن لەوەی بگەڕێنەوە، بۆیە بەشێکیان ناوی خۆیان لە لیستی گەڕانەوە دەسڕنەوە.

شێخ محەممەد ناسر ئەلبەیاتی، فەرماندەی یەکێک لە میلیشیا شیعەکان لە تەلعەفەر، سەبارەت بە مەترسییەکانی سەر ئەوانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەڵێ: "بەداخەوە ناتوانم ڕێگە لەو خەڵکە بگرم هێرش نەکەنە سەریان". سەبارەت بەوانەش کە دەیانەوێ لە سووریاوە بگەڕێنەوە عێراق، دەڵێت: "هەموویان دەبێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ و بکوژرێن".

> بەغدا دەیەوێ زیاتر لە 30 هەزار عێراقی وەربگرێتەوە کە خێزانی چەکدارانی داعشن و ئێستا لە کەمپی ئەلهۆلن

> لە کۆی 70 هەزار ڕاگیراوی کەمپی ئەلهۆل، عێراقییەکان 40 %ی پێکدێنن و دووەم گەورەترین گروپی ناو کەمپەکەن



## د.بەشیر حەداد: چوار مووچەکەی پێشمەرگە دەگاتە کوردستان

**ڕووداو– هەولێر**

جێگری سـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیێنێت "چوار مووچەکەی هێزەکانی پێشـمەرگە دەگاتە هەرێمی کوردسـتان و گەیشتنەکەیشـی مسـۆگەربووە" . بڕیاربوو هەفتەی ڕابردوو چوار مووچەکەی وەزارەتی پێشـمەرگە بگاتە هەرێمی کوردستان و دابەشبکرێت، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەڵێت "ئەمڕۆ یان سبەی پارەکە دەگاتە هەرێمی کوردستان و گەیشتنەکەشی مسۆگەربووە، کە بۆ هەر مانگێک بڕی 68 ملیار دینار خەرجکراوە" . د.بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند، دوو ڕۆژ لەمەوبەر قسەم لەگەڵ بەڕێز د.فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی حکومەتی عێراق کرد و گوتی : "ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی بۆ خەرجکردنی پارەی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە کە بۆ هەر مانگێک 68 ملیار دینارە دراوە"..

## 60 بەرپرسی کورد دوورخراونەتەوە

# وەکیلەکان کەرکووک بەڕێوەدەبەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

" لـە کەرکووک دۆ و دۆشـاو تێکـەڵ کراوە"، محەممەد شـوانی، ئەوەی پێ باشـترین پێناسـە و دەربڕینـە بۆ خسـتنەڕووی بارودۆخی ئیداری و سیاسـی پارێزگاکـە . محەممەد، لـەو ئاوارانە بوو کە سـاڵی 2009 گەڕایـەوە کەرکووک و هەرچۆن بوو، بەو پارەیەی بەدەسـتییەوە بوو خانوویەکی بۆخۆی دروستکرد. بەڵام نەیویست جارێکی دیکە پەرداخە ژەهری ئاوارەبوون هەڵبداتەوە و ئەوەشی لە دەستبچێ کە سـاڵانێک کۆی کردبووەوە، هەر بۆیە لـە دوای 16 ئۆکتۆبەریش هەر لە کەرکووک مایـەوە "هـەر ڕۆژە و داخێک بە گەرووی کورد دا دەچێتە خوارەوە، چونکە هەرگیز ئاوا بێدەسەڵات نەبووە" .

بـۆ ئـەوەی باشـتر لـە قسـەکانی محەممەد تێبگـەی، چیرۆکی کارمەندێکی ئاسایشـی پارتی لەو شارە چیرۆکێکی ئاسـانە . محەممەد سەفەر، کارمەندی ئاسایشی پارتی و دانیشتووی ناوەندی قـەزای داقـوق (44 کـم باشـووری پارێـزگای کەرکوک)، لە بەیانی یەکی ئایارەوە لە ماڵ چووەتە دەرەوە و تاوەکو ئێسـتا هیچ زانیارییەک لەبارەی چارەنووسـی نییە . کەسێکی نزیک لە خێزانەکەی ئـەو کارمەندە بـە (ڕووداو)ی گوت، بۆ چاککردنی ئۆتۆمبێلەکـەی چووبـووە ناوچەی پیشەسـازیی کەرکووک، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک نە دەنگی ماوە و مۆبایلەکەشی لەکار کەوتووە" .

بەرپرسـانی کـورد لـە کەرکـووک، بـاس لە هـۆکاری جیـاواز دەکـەن بـۆ خراپـی گوزەرانی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئیداریی دانیشـتووانە کوردەکـەی ئەو شـارە . بەڵام ئـەوەی هەموویان لەبارەیـەوە کۆکـن، ئەوەیە کە کـورد هەژموونی سیاسـی خۆی لەدەسـتداوە و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بەرپـرس و بەڕێوەبەرانـی کـورد لـە کارەکانیان دووردەخرێنـەوە و نەتـەوە و مەزهەبەکانی دیکە شوێنیان دەگرنەوە . ئەوەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسـەر ژیانی دانیشـتووانە کوردەکەی کەرکووک دەبێ و وەک محەممەد دەڵێت: "ئەگەر شـۆفلێش بنێرنە سەر خانووەکەت، ناتوانی هیچ بکەی" .

ئەحمـەد عەسـکەری، ئەندامـی ئەنجوومەنی پارێـزگای کەرکـووک ڕەتیکـردەوە هـۆکاری

> ئەوەی بڕیار لەبارەی کەرکووکەوە دەدات حەشدی شەعبییە نەک عادل عەبدولمەهدی
>
> ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکووک (پارتی)

چۆڵبوونی شوێنی بەرپرسـە ئیدارییەکانی کورد، هەمـووی هـەر دەرکـردن و لادان بووبێ، چونکە بەشـێکیان بۆ خۆیان دەڕۆن یان خانەنشین دەبن و بە کەسانی دیکە جێگەیان پڕ دەکرێتەوە . بەڵام گوتـی: "ئێسـتا هەمـوو کەرکووک بـە وەکالەت بەڕێـوە دەبرێت. پارێـزگار وەکالەتـە . پۆلیس و پەروەردە و تەندروسـتی و شارەوانی و کشتوکاڵ و بەشـێک لە بەڕێوەبەرایەتییە لاوەکییەکانیش بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن. ئەنجوومەنی پارێزگا کاری خۆی ناکات و چاودێریی نەماوە بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە و هەرچییان بوێ دەیکەن" .

تاوەکـو ڕۆژی 15ی ئۆکتۆبـەری 2017 ئـەو وێنەیەی عەسـکەری باسی دەکات پێچەوانە بوو. پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و زۆربەی بەڕێوەبەرەکان کـورد بوون. جووتیارانی کورد لە چوارچێـوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی 140 گەڕابوونەوە سـەر زەوییەکانی خۆیان، بەڵام سـوپا و هێزەکانی حەشـدی شـەعبی کە هێشتا تەپوتۆزی شەڕی داعشیان لەسەر جلوبەرگەکانیان نەتەکاندبوو، هێرشیان کردە سەر شارەکە و هەموو شتێک لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا لەدەستچوو.

محەممـەد کەمـاڵ، ئەندامـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووک لـە 16ی ئۆکتۆبـەرەوە نەچووەتەوە شـارەکەی و لە هەولێر دادەنیشـێ. ئەو هاوڕای ئەحمەد عەسکەری نییە کە چارەسەر لـە ڕێککەوتنـی یەکێتـی و پارتیـدا دەبینێتەوە بـۆ ڕێگەگرتـن لـە گێژەڵووکەی بـە عەرەبکردن و شـێواندنی دیموگرافیـا و نەخشـە ئیـداری و سیاسـییەکەی کەرکـووک: "ئـەو هەوڵانـە زۆر لـەوە گەورەترن بە ڕێککەوتنـی پارتی و یەکێتی بوەسـتێنرێن، دەبێ پارتی و یەکێتی ڕێکبکەون، بەڵام ئەوە دەبێت بە ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ بەغدا بوەستێنرێ" .

محەممـەد کەمـاڵ، دەڵـێ تاوەکو ئێسـتا 58 بۆ 60 بەڕێوەبەر و بەرپرسـی بەش و بەرپرسـی ئیداریی کورد لەو شارە لادراون و خەڵکانی عەرەب و تورکمان لەشـوێنیان دانراون. گوتیشی: "عادل عەبدولمەهدی بەلای ئێمەوە کەسێکی باشە، بەڵام دەسـەڵاتی نییە بەسـەر بەرپرسـانی کەرکووکدا و دەسـەڵات لای حەشـدی شـەعبی و لایەنەکانی دیکەیە نەک عەبدولمەهدی" .

ڕۆژی 28ی نیسـان، بڕیارێـک بـە واژۆی ڕاکان سـەعید، پارێزگاری کەرکوک بەوەکالەت، نیگەرانییەکانی کوردی زۆرتر کرد . کاتێک فەرمانی دەرکرد دوو لێپرسـراوی بەش لە پشـکی کورد و لە دیوانی پارێزگا بگۆڕێن و عەرەب لە شـوێنیان دابنرێـن، دواتـر بـە هەوڵـی لیسـتی برایەتی لە ئەنجوومەنـی پارێـزگا بڕیاری گۆڕینـی یەکێکیان هەڵوەشێنرایەوە . ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "کوتلـەی عەرەبی پارێزگار هەڵدەسـوڕێنن و ئەو بڕیارەی لەسەر داوای ئەوان دەرکردووە" .



هەفتـەی ڕابـردووش، بەبڕیـاری وەزارەتـی ناوخۆی عێراق، عەمید محەممەد تاهیر کە کوردە، لـە پۆسـتی بەڕێوەبەری پۆلیسـی نەوتی باکوور دوورخرایەوە و لە شـوێنی ئەو، عەمید ڕافد تاڵب دانرا کە عەرەبە . هەرچەندە بەرپرسـانی کورد لەو شارە دەڵێن لەوە زۆرتر پێشێلکاری قبوڵ ناکەن، بەڵام پێدەچێت ڕاکان سەعید، ئێستا لە هەرکاتێک باشتر تۆنی دەنگی کورد بخوێنێتەوە .

ڕۆژی 27ی نیسـان، حیـزب و کەسـایەتییە عەرەبەکانـی کەرکـووک، دەسـتەیەکی بـاڵای

> حەشدی شەعبی شوێنی بەرپرسانی کورد بە تورکمانی شیعە پڕ دەکاتەوە
>
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

هەماهەنگـی هاوبەشـیان ڕاگەیانـد بـۆ کاری پێکەوەیـی عەرەبـە سـوننەکان. وەک خۆیـان ئاماژەیان بۆ کرد، ئامانجیان "یەکخستنی گوتاری پێکهاتەکەیانە لە چارەسـەری کێشـە و دۆسـیە چارەنووسسازەکاندا" .

دەسـتەی باڵای هەماهەنگـی عەرەبی، بەپێی بەیاننامـەی ڕاگەیاندنەکـەی، دەبێتە چەترێک بۆ کۆکردنـەوەی تەواوی لایەن و کەسـایەتییەکانی ئـەو پێکهاتەیە لە کەرکووک. ئەوەی عەرەبەکانی کەرکووکی بۆ دروسـتکردنی ئەو چەترە ناچارییە هانـدا، هەوڵەکانـی حەشـدی شـەعبییە بـۆ بەهێزکردنی تورکمانی شیعە .

مەریوان نـادر، ئەندامی فراکسـیۆنی یەکێتی لـە پەرلەمانی عێـراق دەڵێ لە بەغـداوە هەوڵی زۆرمانـدا لەگـەڵ لایەنـەکان بۆ ئـەوەی "بەپێی ڕێککەوتنێـک پۆسـتەکان دابـەش بکەین، بەڵام هێشتا لەوبارەیەوە نەگەیشتووینە ئەنجام" .

ئـەو پەرلەمانتـارە دەڵێ تێبینییـان کردووە "ئێسـتا بەشـێکی زۆر لەوانەی لە پۆستەکانیان لادەدرێـن یـان نامێنن، بە پشـتیوانی حەشـدی شـەعبی، تورکمانی شیعە لە شوێنیان دادەنرێ" . گوتیشی: "کێشە ئەوەیە کاتێک لەگەڵ لایەنەکانی کەرکووک قسـە دەکەیت، هەموو داوای پۆست بۆ خۆیان دەکەن" .

## عوید ئەلجحێشی بەربژێرێکی بەهێزە

# سێشەممە دوایین بڕیار لەبارەی چارەنووسی پارێزگاری نەینەوا دەدرێ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

مانگێکـی پڕ لـە کێشـمەکێش و مشـتومڕ لەبەردەم دانیشتووانی پارێزگای نەینەوا بەگشتی و ئەنجوومەنی پارێزگاکەیدایە . بەجۆرێک کە زۆربەی کوتلە سیاسییەکانی عێراق، بەوانەشەوە کە هێندەی ژمارەی دەنکەکانی تەسـبیحێکیش لەو پارێزگایەدا دەنگیان نییە، هەوڵ دەدەن بڕیارەکان جێدەسـتی ئەوانـی پێـوە دیاربێـت. سـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێـزگای نەینـەوا دەڵـێ "پەرلەمان دەسـەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نییە و هێشتا ئێمە چاوەڕوانی دوایین قسەی دادگا دەکەین" .

هێشـتا سـێبەری ڕووداوە هەژێنەرەکـەی ژێرئاوکەتنـی بەلەمێکی گەشـتیاری کـە لە 21ی ئاداری ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر قوربانی لێکەوتەوە، بەسەر مووسـڵەوە وەک تارماییەک دێت و دەچێ. ڕووداوێـک کـە سـەری پارێـزگار و جێگرەکانـی خوارد و وا ئێسـتاش نیشانەی لە چارەنووسی 39 ئەندامـی ئەنجوومەنـی پارێزگاکە گرتووە . سـەیدا چەتۆ، سـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێـزگای نەینەوا، دڵنیایە لەوەی پارێزگاکەیان پێویسـتی بەوە هەیە هەرچی زووە کێشـەکانی چارەسـەر بکرێن "بەڵام ڕۆژی سێشـەممە وێنەکە باشـتر ڕووندەبێتەوە کە ئاخـۆ پارێزگار و جێگرەکانـی کۆتاییان دێت، یان دەگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان" .

بـەڵام ئایا هێشـتا نەوفـەل عاکوب، چانسـی ئەوەی ماوە بگەڕێتەوە سـەر کورسییەکەی، یان لـە ڕووداوەکـەی ئـوم ڕەبیعەینـەوە ئـەو بووەتە ڕابـردوو؟ ئەو پیاوەی ڕۆژی 5ی تشرینی یەکەمی 2015 بەهـۆی ئەوەی شارەکە لە ژێـر کۆنترۆڵی خەلافەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادیدا بوو، لە ناحیەی (ئەلقوش) لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی پارێزگادا هەڵبژێردرا. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵـێ، دادگای ئیداریـی ئەو بڕیـارە دەدات ئاخۆ پارێزگار دەگەڕێتەوە سـەر کارەکەی یان نا : "ڕۆژی سێشـەممەی داهاتوو دادگا قسـەی خۆی دەکات،



ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا

ئەگەر ئـەوان تۆمەتبار و کەمتەرخەم دەرنەچوون، بێگومان لەسەر کاری خۆیان بەردەوام دەبن" .

دوو هەفتـەی ڕابردوو، بارەگای بارزانی هەندێک دیدار و گفتوگۆی سـەرکردەکانی عەرەبی سوننەی بەخۆیەوە بینی. چاوەڕوان دەکرێ، ڕۆژانی داهاتوو هەولێـر ببێتـە ڕێڕەوێکـی قەرەباڵختـر بـۆ هاتن و چوونـی سـەرکردەی پارێزگاکانـی ناوەڕاسـتی عێـراق کە بەهاتنی ئەیاد عەللاوی دەسـتیپێکرد و دواهەمینیان محەممەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان بوو لە هەفتەی پێشوو.

سـەرچاوەیەکی ئاگادار لە پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، حەلبوسی لەگەڵ خۆی ناوێکی هێنابوو تاوەکو بیخاتە بەردەم بارزانی و پشتیوانی هەولێری بۆ پەیدا بکات ببێتە پارێزگاری داهاتووی موسڵ: "بەڵام بارزانی ڕەتیکردەوە، چونکە ئەحمەد جبووری کە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە پشتیوانی لێدەکرێت، بارزانی پشتیوانی ناکات" .

ئەو سـەرچاوەیە گوتیشی، سەرۆکی پەرلەمان دەزانـێ پارتـی تەنیـا 9 کورسـی ئەنجوومەنـی پارێزگاکەی هەیە لە 39 کورسـی: "بەڵام دڵنیاشە بەبێ پشـتیوانی بارزانی، ئاسـان نییە پارێزگارێک بتوانێ لەو پارێزگایەدا سەرکەوتوو بێت" .

ڕۆژی سێی نیسان لە هەولێر لە کاتی کردنەوەی 14مین پێشـانگای نێودەوڵەتیی کتێـب کە ئەیاد عەلـلاوی ئامـادەی بـوو، کێشـەکانی مووسـڵ و کەمتەرخەمـی حکومەتی بەغدا و کاربەدەسـتانی ئیداریی پارێزگاکە، بەشـی سـەرەکی گوتارەکەی بارزانی بوو. دواتر عەللاوی گوتی "هاوڕای قسەکانی بارزانیم" .

عەبدولڕەحمـان لویزی، ئەندامـی ئەنجوومەنی پارێـزگای نەینـەوا دەڵـێ، ئێسـتا هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێـزگا بووە بە کێشـەیەکی گەورە لەنێوان کوتلە سیاسییەکان و زۆربەشیان پارێزگاری لە مانەوەی ئەنجوومەن دەکەن بەم شـێوەیەی کە هەیە "بۆ ئەو مەبەسـتەش پاڵپشـتی دەسـتووری هەیە، چونکە دەسـتووری عێراق بە ڕوونی باسـی نەکـردووە کـە ڕێگـە بـە درێژکردنـەوەی کاری ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەدرێت، هاوکات بارودۆخی ئەمنیش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەکاتـی خۆیـدا نەکرێـت، بەتایبەتی لـە پارێزگا نائارامەکان" .

ئـەو ئەندامـەی ئەنجوومەنی پارێـزگا هەروەها باسی ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیێندراوی نێوان لایەنەکان دەکات و دەڵـێ: "ڕێککەوتوون مانگی 12ی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکرێت، تەنانەت ئێستا بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراقیش بووە بە کێشە . چونکە ئێسـتا کێشـەی بریکارەکان و پۆستەکانی دیکە هەیـە، بۆیە عـادل عەبدولمەهدیش نایەوێت بەرەیەکی دیکەی شـەڕ بکاتەوە ئەویش کێشـەی ئەنجوومەنـی پارێزگاکانـە، کەی کێشـەی وەکیل وەزیر و پۆسـتە حکومییەکان چارەسـەر بوو ئەو کاتە ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش چارەسەر دەبێ" .

ڕۆژی 21ی ئـەم مانگـە لـە دوورگـەی ئـوم ڕەبیعەین بەلەمێکی گەشتیاری بە 268 گەشتیارەوە ژێرئاوکەوت و بەهۆیەوە زیاتر لە 120 کەس خنکان. هێشتا تەرمی 55 کەس نەدۆزراونەتەوە .

> بارزانی بەربژێرەکەی ئەحمەد حەلبووسی بۆ پۆستی پارێزگاری نەینەوا ڕەتکردەوە

> پارتی بە مەرجی هەڵنەوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا پشتگیری بەربژێرەکەی نەهزە دەکات

عەبدولڕەحمـان لویـزی پێیوایـە گۆمەکـە لـە پارێزگای نەینەوا قووڵترە، چونکە وەک ئەو باسـی دەکات، پارێـزگار بە گوشـاری چەند لایەنێک لابرا "لەکاتێکـدا بەرپـرس لەو کێشـەیەی کـە ڕوویدا دەستەی وەبەرهێنانە کە کەمتەرخەمییان کردووە" .

گوتیشـی، ئێسـتا بەهێزترین بەربژێـر کە 21 واژۆی بۆ کۆکراوەتەوە "عوید جحێشـی، بەربژێری کوتلـەی نەهزەیە کە هەریەکە لە خەمیس خەنجەر و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەرامبەر مانەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا بڕیاریان داوە پشتگیری بکەن، بەڵام کاتێکی دیاریکراو نییە بۆ دانانی پارێزگار" .

جگـە لـە پارێـزگاری مووسـڵ، هەریەکـە لە عەبدولکەریـم عەلـی فـازڵ جبوری، یاریـدەدەری پارێزگار بۆ کاروباری کارگێڕی و مونا عەبدولمەجید جحێشـی، فەرمانبەر لـە دیوانی پارێـزگا، واجدە جەعفـەر حەبیـب تائـی، بەڕێوەبـەری بەشـی گرێبەستەکان و کیفاح محەممەد شەهاب جبووری، بەڕێوەبەری کارگێڕیی بەشـی پرۆژەکان لە دیوانی پارێـزگا و باسـل مەحموود حەسـەن، سـەرۆکی ئەندازیارانـی پێشـکەوتوو لـە دیوانـی پارێزگا و مەحمـوود یەحیا لهێبی، پرۆگرامسـاز لـە دیوانی پارێزگا و نازک سـاڵح محەممەد قەساب، تێبینەر لە دیوانی پارێزگا، فەرمانی لەسـەرکار لادانیان بۆ دەرچووە .

لە 15ی نیسـانی ئەمسـاڵ، دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆسـتی پارێزگاری نەینـەوا کرایەوە کە ماوەی 10 ڕۆژ بـەردەوام بـوو. بونیـان جەربـا، ئەندامی ئەنجوومەنـی پارێزگای نەینەوا ڕایگەیاند کە (16) کەس بۆ پۆستی پارێزگاری نەینەوا خۆیان بەربژێر کردووە و یەکێکیان ژنە .

سـەیدا چەتۆ، هاوپەیمانی و نزیکایەتی لەگەڵ کوتلـەی نەهـزە پشتڕاسـت ناکاتەوە و ڕەتیشـی ناکاتەوە، بەڵام دەڵێت "هێشـتا بۆ ئەو مەبەسـتە گفتوگۆمان نەکردووە و بەربژێریشمان دەستنیشان نەکردووە" .

لەبارەی عوید جحێشیشەوە، گوتی "هێشتا ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە" .



کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# لە ماڵەکەی ئەبووبەکر بەغدادی بووم

## لە ترسی داعش بوومە هاوژینی کوڕە خاڵەکەم

چیرۆکی حەڤدەهەم

نەوزاد مەحموود
ڕووداو – دهۆک

"کوڕە خاڵەکەم پێیگوتم، با من و تۆ ببینە هاوژینی یەک. گوتم تۆ چی دەڵێی؟ نیوەی کەسوکارمان کوژراون، خۆشمان نازانین چیمان بەسەردێ، تۆش دەڵێی ببینە هاوژینی یەک! بە هێواشی گوتی: دەزانم، بەڵام دڵنیام دەیانەوێ تۆش ببەنە سوریا، من بۆ ئەوە وادەڵێم کە نەتبەن بۆ سووریا. لە کاتێکدا هەموومان لەنێو گریان و شیوەن و دڵەڕاوکێدا بووین، لەگەڵ کوڕە خاڵەکەم بووینە هاوژینی یەک".

ڕەنگی سووری کاڵی بۆ لێوەکانی هەڵبژاردووە. چاوەکانی پڕ لە کل کردووە. شانەکانی بە قژە زەرد و درێژەکەی داپۆشیوە. هەموو ئەو ئەندامانەی ڕوخساری کە بە ڕەنگی جۆراوجۆر درەوشاونەتەوە، پێنج ساڵی ڕەبەق لەژێر پەچەیەکی ڕەشیدا شاردبوونەوە. سەلوا، لەوەتەی لە باغوز گەڕاوەتەوە، ئەوە یەکەم جاریەتی بڕیار بدات بە یادی ڕۆژە شیرینەکانییەوە ئارایشت بکات و بۆ جارێک لەگەڵ هاوڕێکانی بچێتە دەرەوە، هەربۆیە زۆر پێداگریی دەکرد گفتوگۆکەمان هێندە درێژە نەکێشێ کە برینەکانی

> داعش ڕۆژانە ماڵی ئەو ئێزدیانەی دەپشکنی کە بووبوونە موسوڵمان

بکولێنەوە.

ڕۆژی 3ی ئاب، هێشتا تەپوتۆزی قافڵەی ئۆتۆمبیلەکانی داعش نەگەیشتبوونە شنگال، بە تەلەفۆن باوکیان لە هەواڵێکی ترسناک ئاگادار کردەوە "هەرچی زووە خۆتان دەرباز بکەن و فریای خۆتان بکەون، داعش بەڕێگاوەن بەرەو لای ئێوە". دایکی بەشی چەند ژەمێک نانی وشکی پێچایەوە لەگەڵ چەند پارچە جلێک بۆ منداڵەکان، بەڵام لە دەروازەی شنگال ئۆتۆمبیلەکەیان لەبەردەم چەند چەکدارێکی ڕوخسار داپۆشراودا گیربوو. یەکێک لە چەکدارەکان هیچ پرسیارێکی نەکرد و تەنیا داوای کرد بێنە خوارەوە: "هەرلەوێ دەستگیرکراین و براینەوە بۆ شنگال. ئەبوو حەیدەر، عەرەبێکی سوننەی خەڵکی تەلەعفەر بوو، داوای لێکردین ببینە موسوڵمان، کەس ڕەتینەکردەوە. هەر ئەو ئێوارەیە بردراین بۆ بادۆش".

لەبادۆش جیاکرانەوە و پاشان ڕەوانەی تەلەعفەر کران و ماوەی 15 ڕۆژیش لەوێ مانەوە. پێش ئەوەی بەڕێیکەون، لەگەڵ باوک و براکانی تێکەڵکرانەوە. ئەوە پاداشتی موسوڵمانبوونیان بوو: "پێیانگوتین دەتانبەینە گوندی کەسر میحراب و لەوێ خانووتان دەدەینێ و بۆ خۆتان تێیدا دەژین، خۆم و دایکم و خوشکەکانم و برازنەکەم و کچەکەی لەگەڵ برایەکی تەمەن 11 ساڵی خۆم، بۆ ماوەی 3 مانگ لەو گوندە ماینەوە".

ئەمان ئەو ئێزدییە موسوڵمانبووانە بوون کە دەکرا داعش سزایان نەدات، یان سزایەکی سووکیان بدات، بەڵام سەلوا دەڵێ داعش هەمیشە لێیان بە گومان بووە "ڕۆژ نەبوو ماڵەکانمان نەپشکنن. تەنانەت بەڕەکەی ژێریشمانیان هەڵدەدایەوە بۆ ئەوەی شتێک ببینن و بیانوویەکیان دەستبکەوێ بۆ سزادانمان".

هەندێک لە کچەکان لەوێ ڕەوانەی سووریا کران کە یەکێک لەوانە خوشکە تازە پێگەیشتووەکەی سەلوا بوو، بەڵام سەلوا و هاوژینەکەی بەرەو گەڕەکی (حەی شەلال) لە مووسڵ گواسترانەوە. بەیانییەک لەگەڵ ڕووناکبوونەوەی دونیا، هەواڵێک ژیانی ئەوانی تاریک کرد: "خێزانێک هەڵاتبوون، داعش کەوتنە وێزەی هەمووومان و هەر ئەو ڕۆژە هاوژینەکەی منیش ڕاپێچ کرا لەگەڵ باوکم و براکانم، دواتر منیش کەوتمەوە دەستی داعش".

### درۆی پزیشکێک

لە چیرۆکی زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لە دەوڵەتی خەلافەتەوە گەڕاونەتەوە، حاجی مەهدی تورکمانی و ئەبوو عەلی و خەلیفە، سێ ناون کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە. ئەو سێ ئەمیرە دەستکراوەیەی کە نامەی چارەنووسی کۆیلەکانی سێکس دەستوخەتی ئەوانی بەسەرەوەیە. سەلواش هەر بە بڕیاری ئەوان "هەناردە"ی سووریا کرا و لە ڕەققە گیرسایەوە.

ئەو زیندانە گەورانە بۆچی لەژێر زەوی دروستکرابوون؟ نە یەکێک و نە دوو. سەلوا و دەیان ژنی دیکە لە یەکێک لەو زیندانە تاریک و نوتەکانەدا چەند ڕۆژێک مانەوە و دواتر لە بەردەم ئەبوو عەززام و ئەبوو مریەمی توونسیدا خۆی بینییەوە: "پیاوێکی بەتەمەن کە سەر و ریشی سپی بووبوون، ئەوان بە (وائیل) ناویان دەبرد. کاتێک لەگەڵی ڕۆشتمەوە بۆ ماڵەکەی زانیم پزیشکە. ئەو لەڕێگا پێیگوتم، تۆ وەک کچی خۆمی و مەترسە، کەس ناتوانێ دەستدرێژی بکاتە سەرت و دەتبەم فێری قورئانخوێندنت دەکەم، کەچی درۆی کرد".

شوێنی مانەوەی وائیل بارەگایەک بوو. 10 ئافرەتی دیکەی ئێزدی لای خۆی ڕاگرتبوو. ئەو لە سەرەتاوە پێیگوتبوو کەس ناتوانێ دەستدرێژی بکاتە سەری: "بەڵام پێیگوتم دەمەوێ بتدەمە هاوڕێیەکی خۆم بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا کچێکی لێوەربگرم. ئەو کچەی وائیل دەیویست لەگەڵ من ئاڵوگۆڕی پێبکات، هاوڕێیەکی خۆم بوو بەناوی فەریدە کە لای چەکدارێک بوو بەناوی ئەبوو جەعفەر مۆریتانی". وائیل فەریدەی هێنایە لای خۆی و سەلوای ڕادەستی ئەبوو جەعفەر کرد. ئەوان، فەریدە و سەلوا، تەنیا چەند خولەکێکی کەم فریای ئەوە کەوتن سڵاو لەیەک بکەن و هەواڵی ڕەوشی یەک بپرسن.

وەک سەلوا وەسفی دەکات، ئەبوو جەعفەر مۆریتانی پیاوێکی تووڕە و مۆن بووە. هیچ کاتێک نەچووەتە دەرەوە ئەگەر دەرگای ماڵەکەی لەسەر کەنیزەکەکانی کلۆم نەدات. تێگەیشتنی وا بوو کە چەوساندنەوە و سزادانی ژن یەکێکە لە ئەرکەکانی پیاو. چیرۆکی گەیشتنی ئەبوو جەعفەر بە نێو خەلافەتەکەی داعش، هەروا لە ئەڤینی ئەو بۆ دەوڵەتە تازە دامەزراوەکە دروست نەبووە.

**ڕووداو: نەیدەگوت چۆن لە مۆریتانیاوە هاتووە و بووەتە داعش؟**

**سەلوا:** قەت وەڵامی ڕاستی نەدایەوە، هەمیشە بە قسە برینداری دەکردم.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**سەلوا:** دەیگوت کاری ژنان نییە پرسیار بکەن

**ڕووداو: نهێنی هاتنەکەی هەر بۆ ئاشکرا نەکردی؟**

**سەلوا:** با، شەوێک هەموو شتێکی باسکرد. وەک بۆی گێڕامەوە ماستەری هەبووە و بەنیازی خوێندنی دکتۆرا بووە. تاوەکو کۆتایی هاوینی 2014 لە مۆریتانیا بووە. بەڵام لەوێ چووەتە سەر ماڵی هاوڕێیەکی خۆی. هاوڕێکەی سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە. پۆلیس بەدوایەوە دەبن بۆ دەستگیرکردنی. دواتر دەچنە سەر ماڵەکەی.

### سەلوا بفرۆشن من خۆم دەتەقێنمەوە

ئەبوو جەعفەر مۆریتانی لەو جۆرە کەسانە بوو کە دەیویست زوو زوو کەنیزەکەکانی بگۆڕێت. ئەوە هەلێکی باشیش بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەبوو ئەحمەد جەربا خۆش بکات. ئەو پیاوە عێراقییەی کاری هێنان و بردنی زانیارییە هەستیارەکان بوو بۆ داعش. هەربۆیە سەلوای بە نرخێکی کەمتر لەوەی کڕیبووی، دایە جەربا.

"زۆر بە کەمی دەکەوتە ماڵەوە، بەردەوام هاتوچۆی نێوان شارەکانی دەکرد و هەندێکجاریش دەچووە تورکیا. جاسوسیی بۆ داعش دەکرد. بەردەوام هەواڵی بۆ بەرپرسانی باڵای داعش کۆدەکردەوە. بیرمە جارێکیان کە ڕۆیشت 19 ڕۆژ نەگەڕایەوە، پێش ئەوەی بڕوات پێیگوتم سەفەرەکەی زۆر دەخایەنێت و پێویستە بچمە ماڵی هاوڕێیەکی نزیکی خۆی". سەلوا هەرچەندە

> سێ کەس لە نێو داعش بەرپرسی فرۆشتنی ئافرەتانی ئێزدی بوون

کەنیزەکی جەربا بوو، بەڵام ئەو ڕۆژانەی لە ماڵی هاوڕێیەکەی دەمایەوە زۆرتری بیست لەبارەی کون و قوژبنە تاریکەکانی جەربا لەنێو داعشدا. ڕۆژێک لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنێک لە جەرباوە گەیشتە هاوڕێکەی.

**جەربا: سڵاو براکەم، هێشتا ئەو کچە ئێزدییە لەوێیە؟**

**هاوڕێکەی:** بەڵێ لێرە ماوە.

**جەربا: ئەو کچەم بۆ بفرۆشە یان بیبەخشە بە کەسێکی دیکە**

**هاوڕێکەی جەربا:** مانای وایە نیازی گەڕانەوەت نییە بۆ ڕەققە؟

**جەربا: نا، بۆ ئامانجێکی گرنگ پێویستیان بە کردەیەکی خۆکوژی هەبوو، منیش خۆم ناونووس کردووە.**

هاوڕێکەی جەربا، سەلوا دەباتە بازاڕی کەنیزەکەکان و دەیفرۆشێت بە ئەبوو خەتتاب. ئەو چەکدارە عێراقییەی لەوەتای هاتبووە سووریا ئۆقرەی نەدەگرت و بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق،

> چەکدارێکی داعش منی بە هاوڕێیەکی خۆم گۆڕییەوە

پێشنیازی زۆری لەلایەن ئەمیر و والییەکانەوە ڕەتکرابوونەوە "دوای 8 ڕۆژ مانەوەم لەگەڵ ئەبوو خەتتاب، پێیگوتم دەبێت من بفرۆشێت، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕومادی. بۆیە منی فرۆشت بە ئەبوو تیبە کە خەڵکی حەمام عەلیل بوو لە مووسڵ. ساڵ و نیوێک لەگەڵ ئەبو تیبە مامەوە، ڕۆژێک چەکدارانی داعش بەسەر ماڵەکەیاندا داو دەستگیریان کرد".

سەلوا چەند جار گوێی لە خوشک و دایکی ئەبو تیبە بووە کە داوایان لێکردووە سەلوا بکاتە هاوژینی ڕاستەقینەی خۆی و وەک کەنیزەک مامەڵەی لەگەڵ نەکات "چونکە ئەوان هەرچەندە داعش بوون، بەڵام نەریتپارێز بوون، بەڵام ئەبوو تیبە لە ترسی هاوژینەکەی نەیدەوێرا، ئیدی ڕۆژێک داعش چواردەوری ماڵەکەیان گرت و دەستگیریان کرد، دواتر گوتیان لەسەر دزینی ئۆتۆمبێل دەستگیرکراوە، پاشان دەستیان بەسەر ماڵەکەشیدا گرت".

لەو ماوەیەی سەلوا، لەگەڵ ئەبو تیبە دەژیا، دوو هەوڵی شکستخواردووی بۆ ڕاکردن دا "جاری دووەم هەستی کردبوو هەڵدێم، لە پشت دەرگای حەوشەکەوە خۆی حەشاردابوو، هەر ئەوەندەی دەرگاکەم کردەوە، لوولەی تفەنگەکەی خستە سەرسنگم و گوتی: دووبارەی بکەیتەوە دەتکوژم".

### لە ماڵی ئەبووبەکر بەغدادیدا

سەلوا، بەشێک بوو لەو ماڵ و موڵکەی کە داعش دەستی بەسەردا گرت. ئەویان بردە ماڵێکی گەورە و قەرەباڵخ کە بەشێوەیەکی بەردەوام خەڵک هاتوچۆیان دەکرد. چاودێرییەکی ئەمنیی توندوتۆڵی تێدا پەیڕەو دەکرا، بەشێوەیەک کە ئێستاش سەلوا نەیزانی دەکەوێتە کام شوێنی ڕەققە و دەڕوانێ بەسەر کام بەشی شارەکەدا. چونکە پێیدەگوترا ماڵی ئەبووبەکر بەغدادی. ئەو ناوەی چەکداران بە خەلیفەی ئیمانداران ناویان دەهێنا.

یاسای نێو ئەو کۆشکە جیاواز بوو لە یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکانی نێو داعش. چونکە ئەوانەی پێیاندەگوترا کەنیزەکەکانی خەلیفە، بەهیچ شێوەیەک نەدەبوو کڕین و فرۆشتنیان پێوەبکرێت و هیچ چەکدارێک بۆی نەبوو لێیان نزیک ببێتەوە: "ئێمە 16 کچ بووین، بەڵام پاش ماوەیەک تەنیا 4 کەس ماینەوە. لەماوەی ئەو ساڵەی لەوێ کارم کرد، تەنیا یەکجاریش ئەبووبەکر بەغدادیم نەبینی. دواتر منیان بردە شوێنێک پێیدەگوترا مەکتەبی والی".

### کاری ئەوان لە ماڵی بەغدادی چی بوو؟

"خاوێنکردنەوە و ئامادەکردنی خواردن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ماڵ، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەبووبەکر خواردنی ئێمەی خواردبێ، چەکدارەکان هەر دەیانگوت ماڵی ئەبووبەکر بەغدادی، بەڵام من قەت ئەوم لەوێ نەبینی".

لە مەکتەب والی، دەرفەتێکی باشتر هەبوو بۆ ئەوەی قسە بکەیت و گوێت لێبگرن. چەوساندنەوە بڕێک کەمتر بوو. دەمەوبەیانییەک دوای تەواوکردنی کاری خاوێنکردنەوە، سەلوا بەخەیاڵیدا هات بچێتە بەردەم گەورەکەی و داواکارییەکی پێشکەش بکات: "دەمەوێ بمنێرنەوە بۆ شنگال و ئازادم بکەن" داواکارییەکە تووڕەبوونی بەدواوە نەبوو: "دەتوانی بچیتە لای ئەمیرەکەت و نووسراوێک بە مۆری ئەو بهێنی بۆ ئەوەی ئازادت بکەین".

ئەو کەسەی بەرچاوی سەلوای ڕۆشن کردەوە بۆ دەستخستنی ئەو پشتگیرییەی ئەمیرەکە، کچێکی هاوڕێی بوو، ئەگەرچی پێشیگوت کە ئەو مۆرە ئاسۆی ڕزگاربوونی پیشان نادات و ئاسان نییە فەرمووی لێبکەن بۆ گەڕانەوە. ئەمیرەکە بە وردی گوێی لە دەردەدڵی سەلوا گرت "زۆر باشە، من پشتگیریت دەکەم بەو مەرجەی دوو جوزئی قورئان لەبەر بکەیت".

نەشئەی ئازادی و گەڕانەوە بۆ شنگال سەلوای والێکردبوو وەک پەروانە بەدەوری ئایەتەکانی قورئاندا بخولێتەوە و وشەکان و پیتەکان لەبەربکات. چرکەکان و خولەکەکانی لە دیوانی پەروەردە و فێرکردن، وەک ئەمانەتێکی گران سەیردەکرد و بە ماوەیەکی کەم جوزئونیوێکی لەبەرکرد و لەگەڵیشیدا وانەی عەقیدەی دەخوێند. ئەو لەتاقیکردنەوەکەدا، زۆرباشەی وەرگرت. کەچی لە جیاتی ئازادی ئەبوو ئیبراهیم تاجیکی چاوەڕوانی دەکرد! ئەو داعشەی بە سەلوای گوت: خۆت ئامادە بکە بەرەو مەیادین دەڕۆین "دوو مانگی ڕەبەقیش لەگەڵ ئەو ژیام، ڕۆژێک بۆردومانی فڕۆکە کوشتی و دواتر لەگەڵ هەندێک لە خێزانە داعشەکان بە ناچاری بەرەو باغۆز هەڵاتین".

### لە بیابان یەکدەبینینەوە

نارەحەتی و زەحمەتی لە کەمپی گەمارۆدراوی باغۆز دەستییپێکرد. هێزەکانی سوریای دیموکرات بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بازنەیەکیان بە دەوری ئەو ناوچەیەدا کێشابوو کە وەک ئاش ژیانی چەکدارانی داعش و خێزانەکانیانی دەهاڕی "ئێمە لەناو کەمپەکە لە ژێر زەوی بووین، بۆردومانەکان لە سەرەتاوە زۆر چڕ بوون و هاوڕێیەکی کچم بریندار بوو، بەڵام نەمانتوانی هاوکاری بکەین". تاوەکو ئێستاش سەلوا، گوێیەکانی پڕن لە دەنگی هەنسک و گریانی ئەو ژنە ئێزدییانەی منداڵیان لە داعش ببوو. چونکە ئەوان بەهۆی منداڵەکانیانەوە لە هەردوو ژیان بوون و نازانن چۆن ئەو ئاگرە بکوژێننەوە کە بەربووەتە هەناویان: "داعش منداڵەکانی لە هەندێکیان وەرگرتەوە و بردنی بۆ شوێنێک کە ناوی لێنابوو (دارولیەتیم) واتە خانەی هەتیوان، زۆر هاوڕێم هەبوون کاتێک باسی گەڕانەوەمان دەکرد، فرمێسک بە چاوانیاندا دەبارین، چونکە دەیانزانی کۆمەڵگەی ئێزدی منداڵەکانیان وەرناگرنەوە و بۆخۆشیان نەیاندەتوانی دەستبەرداری منداڵەکانیان ببن".

**ڕووداو: لە کاتی شەڕی باغۆزدا، چەکدارانی داعش دەرفەتیان هەبوو کۆببنەوە و بیر لە چارەسەر بکەنەوە بۆ ئەو دۆخەی خۆیان؟**

**سەلوا:** بەڵێ. هەندێکجار ئەوەیان دەکرد و من گوێشم لێبوو کە چۆن قسەیان دەکرد.

**ڕووداو: چییان دەگوت؟**

**سەلوا:** هەندێکیان دەیانگوت شەڕ بکەن و هەندێکی دیکە پێیانوابوو بەو جۆرە بمێننەوە. هەشبوون وایان بەباش دەزانی هەرچۆن بووە باغۆز بەجێبهێڵن و خۆیان بگەیێننە بیابانەکانی سووریا و عێراق، دەیانگوت لە بیابان یەکدی

> گوتیان دوو جوزئی قورئان لەبەر بکە ئازادت دەکەین، بەڵام ئازادیان نەکردم

دەبینینەوە و تۆڵەیان لێدەکەینەوە، بەڵام بەشی زۆریان بڕوایان بەشەڕکردن هەبوو تاوەکو مردن.

دەرفەتی هەڵاتن لە باغۆز ئاسانتر بوو، بەڵام مەترسییەکان پێچەوانە ببوونەوە و ئەوجارەیان نیشانەشکێنەکانی دەرەوەی کامپەکە بە ئامانجیان دەگرتن. هەر لەو ڕۆژانەدا سەلوا لەلایەن یەکێک لە نیشانەشکێنەکانەوە پێکرا "ئەوە شوێنی گوللەکەیە بەقاچمەوە" سەلوا، سەرکێشییەکی کرد کە هەر چرکەیەکی مەرگی بەدواوە بوو "بەڵام گوتم بکوژرێم باشترە لەوەی لەوێ دابڕزێم، هەڵاتم و خۆم گەیاندە لای خێزانێکی ئێزدی لە باغۆز و ماوەی 18 ڕۆژ لای ئەوان مامەوە، پاشان گەیشتمەوە نێو کەسوکارم".

رووداو ئابووری
ژمارە (553) - دووشەممە 2019/5/6



## ڕەمەزان خورمای گران کرد

**رووداو – هەولێر**

لە مانگی ڕەمەزاندا خواست لەسەر خورما زۆر بووە، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکەی، بە جۆرێک نرخی کارتۆنێک خورما بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 20 هەزار دینار بەرزبووەتەوە. یەکێک لە دووکاندارەکانی شاری هەولێر کە خۆراک بە کۆ دەفرۆشێت، بە (رووداو)ی گوت: "لەبەر ئەوەی ئێستا تەعریفەی گومرگی یەکخراوە، ڕێگە نادەن خورما بێتە نێو هەرێمی کوردستان". ئەو دوکاندارە دەڵێ: "ساڵی ڕابردوو لە مانگی ڕەمەزان نرخی کارتۆنێک خورما 9 هەزار دینار بوو، بەڵام ئەمساڵ نرخەکەی گەیشتووەتە 32 هەزار، چونکە ڕێگە نادرێت لە شوێنی دیکەوە ئەو خورمایە بێتە نێو هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەبێت لە بەسرەوە بهێندرێت، ئەگەربێت و لەوێش بهێندرێت نرخەکەی گران دەوەستێت".

# لە سێ ساڵی ڕابردوودا بایی 8.6 ملیار دۆلار زێڕ و ئەڵماس هێنراوەتە کوردستان

**سەرۆکی سەندیکای زێڕینگەرانی کوردستان:**

## لە کوردستان لە ڕێگەی هاوردەکردنی زێڕەوە پارە سپی دەکرێتەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی، لە سێ ساڵی ڕابردوودا عێراق بایی 11 ملیار و 685 ملیۆن دۆلار زێڕ و زیو و ئەڵماس و بەردی بەنرخ و مرواری هاوردە کردووە کە زۆربەی لە ڕێگەی بازرگانانی کوردستان و ئەو بازرگانە عێراقیانە بووە کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە پشتی بە داتای وڵاتانی هەناردەکار، ئاماری بانکی جیهانی، سەنتەری بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری عێراق بەستووە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا عێراق بایی زیاتر لە 11 ملیار و 685 ملیۆن دۆلار زێڕ و ئەڵماس و بەردی بەنرخ و زیو و مرواری هاوردە کردووە. پشکی شێر لەم بازرگانییە بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە، بەجۆرێک زیاتر لە 74% واتە (8 ملیار و 663 ملیۆن دۆلار) لە ڕێگەی بازرگانانی کوردستان و بازرگانە عێراقییەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانەوە هاوردەکراوە.

قارەمان جەوهەر، سەرۆکی کۆمەڵەی زێڕینگەرانی کوردستان، دەڵێت: "ئارامی کوردستان و کەمی ڕۆتین و ئاسانکاری بۆ بازرگانان و بوونی متمانە لەنێوان بازرگانانی کوردستان و ئیمارات و تورکیا و جیاوازی ڕەسمی گومرگی لەپێشتردا، هۆکاری سەرەکی بوو کە ساڵانە نزیکەی 75 %ی پێویستی عێراق لە زێڕ و کاڵا بەنرخەکانی دیکە، لەهەرێمی کوردستانەوە دابین بکرێت".

لە هەرێمی کوردستان بۆ هاوردەکردنی هەر کیلۆیەک زێڕ 250 دۆلار ڕەسمی گومرگی وەردەگیرێ، بۆ بردنە دەرەوەی زێڕی شکاویش 80 دۆلار وەردەگرێت، بۆیە لە بەرامبەر بردنە دەرەوە و هێنانەوەی هەر کیلۆیەک زێڕ، هەرێمی کوردستان 330 دۆلاری دەستدەکەوێت، ئەمە جگە لە نرخی پشکنین کە 20 دۆلارە.

قارەمان جەوهەر کە خاوەنی پێشەنگای فرۆشتنی زێڕە، دەڵێت: "تێچووی بردنە دەرەوە و هێنانەوە و دروستکردنەوەی یەک کیلۆ زێڕ، 2 تاوەکو 10 هەزار دۆلار خەرجییەتی، ئەمەش خەرجییەکی زۆرە، بۆ کەمکردنەوەی ئەو خەرجییە چەند کەسێک کارگەیان دانا و وەستاشیان لە دەرەوە هێنا، بەڵام حکومەت پاڵپشتی نەکردن و نەیانتوانی بەردەوام بن. ئێستا چەند کارگەیەک هەن، بەڵام تەنیا بازنگ و هەندێک شتی سادە دروست دەکەن".

بازرگانانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ هاوردەکردنی زێڕ و زیو و مرواری پشت بە ئیمارات، تورکیا، ئیتاڵیا و سویسرا دەبەستن و زۆرترین خواستیش لەسەر هاوردەکردنی زێڕە. بۆ نموونە تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا 94 تۆن زێڕ بە بەهای 2 ملیار و 709 ملیۆن دۆلار لە ئیمارات، 43 تۆن بە بەهای 1 ملیار و129 ملیۆن دۆلار لە تورکیا و نزیکەی 2 تۆنیش بە بەهای 2 ملیۆن و 470 هەزار دۆلار لە ئیتاڵیا و سویسرا هاوردە کردووە.



30 کۆمپانیای هاوردەکردنی زێڕ لە کوردستان هەن

(فۆتۆ: رووداو)

کەنعان حەسەن، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای سوڵتان بۆ هاوردە و هەناردەی زێڕ و ئەڵماس و بەردی بەنرخ دەڵێت: "80 % ئەو زێڕەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێتەوە، لەوێش بەشێکی بۆ ئێران دەچێت بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەو گەشتیارانەی کە ساڵانە سەردانی مەزاری ئیمامی شیعەکان لە عێراق دەکەن".

هاوردەکردنی زێڕ بە بەراورد بە پێشتر زیادی کردووە کە کەنعان بۆ دوو هۆکاری دەگەڕێنێتەوە، یەکەم: باشبوونی باری دارایی خەڵک. دووەم: لەبەر نەبوونی سیستمێکی بانکی بەهێز لە کوردستان و عێراق، خەڵک پارە لە بانک دانانێن، بەڵکو بە زێڕی دەدەن.

لەداتاکانی دەردەکەوێت تورکیا دەیەوێ بازاڕی زێڕی کوردستان و عێراق کۆنترۆڵ بکات، ئەویش لە ڕێگەی کێبڕکێ لەگەڵ دیزاینی زێڕی کارگەکانی ئیتاڵیا و هیندوستان و مالیزیا، هەروەها گۆڕینی زێڕی خۆی لە عەیار 18ەوە بۆ 21.

کەنعان حەسەن، دەڵێت "پێشتر کارگەکانی تورکیا زیاتر زێڕی عەیاری 9 و 14 و 18یان دروست دەکرد، بۆیە لە عێراق و هەرێمی کوردستان خواست لەسەر زێڕی تورکی زۆر کەم بوو، بەڵام دوای ئەوەی دیزاینەکانیان بە تایبەتی بۆ دیزاینی ئیتاڵی گۆڕی، عەیاری زێڕەکانیشیان بەرز کردەوە، بەهۆی هەرزانی حەقدەست و جوانی دیزاینەکانیان، توانیان سەرنجی بازرگانی کوردستان و عێراق بەلای خۆیان ڕابکێشێن تارادەیەک کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن".

کەنعان حەسەن گوتیشی: "لەڕێگەی ئاسانکاری بۆ بازرگانان، تورکیا هەوڵ دەدات بازاڕی عێراق و وڵاتانی عەرەبی کۆنترۆڵ بکات، ئێستا تورکیا زێڕ بۆ زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و لەنێویشیاندا ئیمارات هەناردە دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە پێشتر بۆ هەناردەکردن زیاتر پشتی بە ڕووسیا و ئەمەریکا دەبەست".

قارەمان جەوهەر، بۆچوونێکی دیکەی لەسەر زیادبوونی هاوردەی زێڕ بۆ عێراق هەیە و دەڵێت: " بەشێکی زیادبوونی هاوردەی زێڕ بۆ عێراق بۆ سپیکردنەوەی پارەی بەرپرسان دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت بەقاچاخ و گەندەڵی بەدەستی دەهێنن ناتوانن وەک پارەکە بیگەڕێننەوە، بۆیە لە ڕێگەی بازرگانی زێڕ هەوڵی سپیکردنەوەی دەدەن".

لەهەرێمی کوردستان نزیکەی 1600 پێشەنگای زێڕ و کارگەی دروستکردن و چاککردنەوەی زێڕ هەن، هەروەها 30 کۆمپانیای گواستنەوە و هاوردەکردنی زێڕیش هەن، هەمووشیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی کۆنترۆڵی جۆرییەوە، چاودێری دەکرێن.

بەکر عەزیز، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆری خشل لە هەولێر دەڵێت: "توانیومانە کۆنترۆڵێکی تەواوی کواڵێتی زێڕ لە کاتی کڕین و فرۆشتن بکەین، ئەمەش وایکردووە بازرگانانی عێراق متمانەی زیاتریان بە زێڕی هەرێمی کوردستان بێت، بۆیە کوردستان بووەتە سەنتەرێک بۆ هاوردەکردنی زێڕ بۆ هەموو عێراق".

> **کوردستان بووەتە سەنتەری هاوردەکردنی زێڕ بۆ هەموو عێراق**
>
> بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆری

# لەمانگی ڕەمەزاندا لە هەولێر ڕۆژانە دەیان تۆن پاقلاوە و خورما دەخورێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

لە مانگی ڕەمەزاندا گۆڕانکارییەکی گەورە لە بازاڕ ڕوودەدات، زۆربەی ڕێستورانتەکان و ساردەمەنییەکان بە ڕۆژ دادەخرێن، فرۆشی هەندێک کاڵا پاشەکشە دەکات، بە پێچەوانەوە فرۆشی هەندێکی دیکە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

خاوەن کارگەکانی شەربەت و شیرینەمەنی، مانگی ڕەمەزان بە مانگێکی پڕ لە قازانج وەسف دەکەن و دەڵێن لەو مانگەدا بەراورد بە 11 مانگەکەی دیکە فرۆشیان تاوەکو 300% زیاد دەکات.

هێمن ڕەشید، خاوەنی ساردەمەنی و کارگەی دروستکردنی شەربەتی هێمن کە ساڵانێکی زۆرە شەربەت دەفرۆشێ، دەڵێت خۆشترین بازاڕیان لە مانگی ڕەمەزانە، بە جۆرێک ڕۆژانە زیاتر لە 20 هەزار بوتڵ شەربەت بە هەموو جۆر و تامەکانییەوە دەفرۆشن.

هێمن دەڵێت: "لە مانگی ڕەمەزاندا شەو و ڕۆژ سێ شیفت کار دەکەین، لە ڕێگەی 18 بریکارەوە بە سێ بارهەڵگر ڕۆژانە شەربەت بۆ زۆربەی سوپەرمارکێت و مارکێت و مینی مارکێتەکانی هەولێر و دەوروبەری دەگوازینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێجار ناتوانین وەک پێویست وەڵامی خواستی بازاڕ بدەینەوە".

هەموو ساڵێک لەمانگی ڕەمەزاندا بەشێک لە ساردەمەنییەکان لە تاکفرۆشییەوە دەبن بە جوملەفرۆش، ئەمە جگە لەوەی لە هەندێک لە ماڵەکانیش شەربەت دروست دەکرێ.

هێمن دەڵێت: "لەڕێگەی وەرگرتنی داتا لە کارگەکانی دروستکردنی دەبە. هەروەها بە دواداچوونمان بۆ فرۆشی بازاڕ بۆمان دەرکەوتووە ڕۆژانە تەنیا لە هەولێر و دەوروبەری زیاتر لە 80 هەزار بوتڵ شەربەت دەفرۆشرێت، ساڵ بە ساڵیش فرۆش زیاد دەکات و زۆرترین خواستیش لەسەر شەربەتی مێوژ و هەنارە".

هێمن ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە ساردەمەنی هەیە، هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەمەزاندا بۆ وەڵامدانەوەی خواستی بازاڕ و ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار، گۆڕانکاری لە جۆری شەربەتەکانی دەکات و جۆری تازە دروست دەکات. ئەو ئێستا زیاتر لە 10 جۆر شەربەتی وەک: هەنار، پرتەقاڵ، مێوژ، قەیسی، فراولە، مۆز، تەمەرهندی و لیمۆ دروست دەکات.

جگە لە شەربەت، خواردنی شیرینی وەک پاقلاوە و خورما لەکاتی ڕۆژوو شکاندن بووەتە نەریت، بۆیە لەسەر سفرەی خوانی زۆربەی خێزانەکان دەبینرێت، بەم هۆیەشەوە فرۆشی پاقلاوە و خورما لەم مانگەدا زۆر زیاد دەکات، زۆربەی کارگەکان لەو مانگەدا شەو و ڕۆژ کار دەکەن.

ڕێباز جەعفەر، خاوەنی کارگەی شیرنەمەنی ڕێباز، دەڵێت: "لە مانگی ڕەمەزان فرۆشمان زۆر زیاد دەکات، ڕۆژانە زیاتر لە 6 تۆن پاقلاوە دەفرۆشم". ڕێباز گوتیشی: "لەم مانگەدا هەموو کارگەکان دەکەونەوە کار و بەشێوەی جوملە و تاک پاقلاوە دەفرۆشن، بۆیە پێشبینی دەکەم ڕۆژانە تەنیا لە هەولێر و دەورووبەری نزیکەی 60 تۆن پاقلاوە بفرۆشرێت، ئەم فرۆشەش بەردەوام دەبێت تاوەکو 20ی ڕەمەزان، دواتر کەمێک دادەبەزێت، بەڵام ڕۆژێک بەر لە جەژن دووبارە فرۆش زیاد دەبێتەوە".

خورما یەکێکی دیکەیە لەو خواردنانەی لە مانگی ڕەمەزاندا فرۆشی زۆر زیاد دەبێ، چونکە ڕۆژووەوانان بە خورما ڕۆژووەکەیان دەشکێنن. هەروەها هەندێک لە خێرخوازان بە کارتۆن خورما دەکڕن و لە مزگەوتەکان دایدەنێن، بۆ ئەوەی خەڵک ڕۆژووی پێ بشکێنێ، هەر ئەمەش وایکردووە فرۆشی خورما زۆر زیاد ببێ.



(فۆتۆ: رووداو)

سەلام کە خاوەنی نووسینگەیەکی فرۆشتنی سەوزە و میوەیە لە عەلوەی هەولێر، دەڵێت: "لە مانگی ڕەمەزاندا فرۆشی خورما زیاد دەکات، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو بەر لە ڕەمەزان لە گومرگی هەولێر ڕۆژانە 3 تاوەکو 5 تۆن خورما دەفرۆشرا، بەڵام لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا فرۆش بۆ زیاتر لە 50 تۆن خورما زیادی کرد، ئەم فرۆشە بەردەوام بوو تاوەکو 20ی ڕەمەزان، بەڵام دواتر ڕووی لە کەمی کرد، ئەمساڵیش زۆربەی نووسینگەکانی فرۆشتنی سەوزە و میوە خورمایان هێناوە، فرۆشیشیان زۆر باشە".

گوتیشی: "ئەو خورمایەی ئێستا لە بازاڕە دوو جۆرە، جۆرێکیان ئێرانییە و لە پاکەتدایە، بەشێکیشیان لەخوارووی عێراقەوە دێت و بەشێوەی فەل دەفرۆشێت و بەرێژەیەکی کەمیش جۆرێکی دیکە هەیە کە لەناو نایلۆندایە، بەڵام زۆرتر خواست لەسەر خورمای ئێرانییە".

بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر شەربەت و پاقلاوە لە مانگی ڕەمەزاندا، فرۆشی شەکریش بەرێژەی بەرچاو زیاد دەکات.

حاجی موحسین محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای بۆتان بۆ هاوردەکردنی بەرهەمە خۆراکییەکان دەڵێت، لە مانگی ڕەمەزاندا فرۆشی شەکر 100 % زیاد دەکات.

حاجی موحسین گوتی: "لە ڕەمەزاندا فرۆشمان بۆ کارگەکانی ئایس کرێم بەڕێژەی 30 % کەم دەبێتەوە، بەڵام بۆ کارگەکانی شەربەت زۆر زیاد دەکات. بۆ نموونە کارگەی شەربەت هەیە لەم مانگەدا 200 تۆن شەکری پێدەفرۆشین، ئەمە لەکاتێکدایە لە مانگە ئاساییەکان 10 تۆن شەکرمان لێ دەکڕێ. هەروەها فرۆشی ڕۆژانەمان بۆ کارگەکانی پاقلاوەش لە تۆنێکەوە بۆ چوار تۆن زیاد دەکات".

> **لە ڕەمەزاندا ڕۆژانە 50 هەزار تۆن خورما لە بازاڕ دەفرۆشرێ**
>
> بازرگانێکی سەوزە و میوە

> **لە ڕەمەزاندا ڕۆژانە 80 هەزار دەبە شەربەت لە هەولێر دەفرۆشرێ**
>
> شەربەتفرۆشێک

# گرێبەستەکانی نەوت و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان

بەهرۆز جەعفەر*

لـەم بابەتـەدا سـێ گـۆڕاو (Variable) هەیـە، دەبێت یەکسـەر تێیانبگەیـن، ئەوانیش: (گرێبەستە نەوتییەکان)، (حکومەت) و (کۆمپانیا فرەڕەگـەزەکان). ئەمە هەمووی بۆ ئەوەیە وەڵامی چوار پرسیار بدەینەوە:

– ڕۆڵـی کۆمپانیـا فرەڕەگـەزەکان چییـە لە پاڵپشتیە داراییەکانی جیهان و پێدانی باج؟

– تێکڕای قازانجی نەوت چۆن لە نێوان کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و حکومەتدا دابەش دەکرێت؟

– گرێبەستە نەوتیەکان چین و چۆن گرێبەستی بەشداری بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکات ؟

– بودجەی پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان حکومەت و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا چی لێ دێت؟

**یەکـەم: کۆمپانیـا فرەڕەگـەزەکان — Multi National Corporations**

دەوڵەت، تا قۆناغەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمیش تاکە ئەکتەر بوو کارلێکی لەگەڵ ئەکتەر (دەوڵەت)ەکانـی دیکە دەکرد و، بەمەش دەگوترا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. (هانس مۆرجنتاو) پێشەنگی قوتابخانەی ڕیالیزم (المدرسە الواقعیە) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کتێبی (سیاسەت لەنێوان نەتەوەکاندا: تێکۆشـان بۆ هێز و ئاشتی) ی لەسـاڵی (1948) نووسـی، تێیـدا شـەش پرەنسـیپی بۆ ڕیالیزمی سیاسـی خستەڕوو، وای شـی دەکاتەوە کە "هەموو شتێک لەپێناو هێزدا" بێـت و "هێز- Power"یش لە پێناو دەوڵەتدا بێت، بەهیـچ شـێوەیەک دەوڵـەت نابێت هێـزی خۆی دابەش بکات لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکاندا، بۆ ئەوەی ئاشـتی و ئارامی بێتەدی، دەبێت دەوڵەت "هێز" ی هەبێت. ئەم "هێز"ەش دواتر لێکدانەوەی جۆراوجـۆری بۆ کـرا، بەواتایەکـی دیکە دیمەنی سیاسەتی نێودەوڵەتی دیمەنی گەڕان و دابچڕینی بەرژەوەندییـە، هێزیش ئـەو بەرژەوەندییە دیاری دەکات.

ئەم تێزە لەلایەن لیبراڵیستەکانەوە ڕەتکرایەوە، نەخێـر دەبێت "تـاک" لەبری "دەوڵەت" سـەنتەر بێت، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، بانکە جبهانییەکان، ڕێکخـراوە حکومی و ناحکومییـە جیهانیەکانیش پێویسـتە ڕۆڵیـان هەبێـت، هەمەچەشـنی پێداویسـتییەکی سیاسـەتی نێودەوڵەتییـە، تـا دەهاتیش بای بەهێزی دیموکراتی و گلۆبەلایزەیشن سـنوورەکانیان کاڵتـر دەکـردەوە و پاڵیـان بەم ئارگیۆمێنتەی لیبراڵیستەکانەوە دەنا.

لە سـاڵی (1991)دا سـێ گۆڕانـکاری گەورە بەدوای یەکدا لەڕیشەوە سیاسەتی نێودەوڵەتییان گۆڕی، ئەو سێ فاکتەرە سێ تەقینەوەی هەژێنەر بوون و لەهەمانکاتدا کۆتایی هێنا بەو ژانە قورسەی کە کرانـەوەی دونیـای دواخسـتبوو، یەکەمیان: یەکێتی سـۆڤیەت رووخـا و لەناوچەی باڵتیک و سـلاڤ و بەڵـکان و تورکەکانـدا (16) دەوڵـەت سـەربەخۆیی خۆیـان ڕاگەیاند کە پێشـتر لەژێر چنگی سۆڤیەتدا بوون.

دووەمیان: تیۆری نیۆ- لیبراڵیزم گەشـەی کرد (نیۆلیبراڵیـزم: ئایدۆلۆژیایەکە بـڕوای بەدەوڵەت نییە و لەسەر بنەمای لیبراڵیزمی ئابووری و کەرتی تایبەت تێزەکانی کەڵەکەکراون).

سێیەمیان: بەدوای ئەو دوو گۆڕانکارییەدا دەیان هەزار تۆڕی پەیوەندی و سـەدان هەزار ڕێکخراوی نـاو گەورە و سـەدان هـەزار کۆمپانیـا و هەزاران زانکـۆی تایبەت ئەم جیهانەیان تەنی، ئێمڕۆکە تا دەوڵەت ڕۆڵێک دەگێڕێت ئەوان دوو ڕۆڵ دەگێڕن. پرسیارەکە ئەوەیە ناسنامەی ئەمانە چییە؟. کێ ئاراستەیان دەکات!.

ئیکسـۆن مۆبێل —Exxon Mobile لە ساڵی (2018)دا (279.3) ملیـۆن دۆلاری ئەمریکـی داهاتـی هەبـووە، ئایـا ئیکسـۆن کۆمپانیایەکی ئەمریکییـە یان جیهانی؟ بێگومـان پێش ئەوەی نێودەوڵەتی بێت ناسنامەکەی ئەمریکییە.

هەموو ڕاپۆرتە ئابوورییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ساڵی ڕابردوو 830 هەزار کۆمپانیای فرەڕەگەز لەم جیهانەدا تۆمارکراون. بەپێی ڕاپۆرتی فۆرچن گلۆبـاڵ (Fortune Global500) کـە ڕیزبەندی سـاڵانەی 500 گەورەترین کۆمپانیا جیهانیەکانە، تەنیا دە لە هەرە کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە ساڵی (2018) دا (500،34) پێنج سـەت ملیار و سـی چوار ملیـۆن دۆلار داهاتیان هەبـووە. بەهەرحاڵ کۆمپانیـای فرەڕەگـەز ئەوەیە کە سـنوورەکانی دەوڵەتی دایک دەبەزێنێ و لە دوو وڵات بەرەو سەر لقـی هەیە و وەبەرهێنان دەکات. بەڵام بەگشـتی ئامانجەکانیان بریتین لە:

یـەک: پاڵپشـتی سـەرمایەداری دەکـەن و سـەرلەنوێ پـارە دەدەن بە بانکەکان. ئینجا ئەم پارەیەش بۆ گەشەپێدان تەرخان دەکرێتەوە.

دوو: پاڵپشـتی دارایـی دەوڵـەت (یـان دەوڵەتەکان) دەکـەن لەڕێگەی پێدانی باجەوە ( کۆمپانیای نەوتی دەبێت پێنج جۆر لە باج بدات).

سـێیەم: ئەم کۆمپانیایانـە قازانج دەخوڵقێنن و سوودەکانی سەرمایەداریش ئەوان بەرجەستەی دەکەن.

چـوارەم: زامنکردنی کار بـۆ ئەوانەی لەبواری تەکنیکی و بەڕێوەبردن یان کرێکاریدا کاردەکەن.

هەڵبەت دوو خاسیەتیشیان هەیە، خاسیەتێکی تەواوکاری کە دەبنە هۆی ئاسانکاری لە هەبوونی هەموو جۆرێک لە کەلوپەل و ماددەی جۆراوجۆر لە هەموو شـوێنێکی دونیا و شارەزایی بڵاودەکەنەوە و کولتـووری هاوبەش دروسـت دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە خاسـیەتێکی قۆرخکردن (احتکاری) یشـیان هەیە کە دەبنە مایەی مۆنۆپۆڵکردن و... تا دوایی.

**دووەم: گرێبەسـتە نەوتییـەکان — Oil Contracts**

ئەگەر لە شـوێنێکدا 20 هـەزار بەرمیل نەوت دەربهێنـرێ و نرخـی بەرمیلێک لـەو نەوتە 100 دۆلار بێ، واتە ئەو ناوچەیە 2 ملیۆن دۆلار داهاتی هەیـە. ئەمەش سـامان و داهاتێکی گرنگە. بەس ئەمـە چۆن دێتەدی؟ بێگومان هەموو کارەکان لە (گرێبەست)ێکەوە دەستپێدەکەن، واتە گرێبەستی نەوتی پرۆسـەیەکە پێیدا دابەشـکردنی پارەکان تێپەڕ دەبێت لەنێوان لایەنە قازانجکارەکاندا، جگە لەوەش گرێبەسـت ئەوە دیـاری دەکات چۆن ئەم پرۆسەیە بەڕێوەبچێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ هەندێ پرسی جۆراوجۆردا بکرێت کە لەکاتی پرۆسەکەدا دێتە ڕێ وەکو: ژینگە، گەشەی ئابووری ناوخۆیی، مامەڵـە کۆمەڵایەتییـە نێوخۆییـەکان (کە ئەمە پاڵنەرێکی سەرەکی ئەم نووسینەمانە).

ئێمە سـێ جـۆری سـتاندارد لە گرێبەسـتی نەوتیمـان هەیە کە دوویان زۆر بـاون، یەکەمیان گرێبەستی خزمەتگوزاری (عقود خدمە- Service Contract)یە کە لەگەڵ نیەتی نووسینەکەی ئێمە نایەتەوە. گرێبەسـتەکانی هەرێمی کوردستانیش تەنیا یەک دانەیان نەبێت لەگەڵ دانەغازە هیچیان لەسەر شـێوازی گرێبەسـتی خزمەتگوزاری نین. دووەم جـۆری گرێبەسـت بریتییە لە بەشـداریی بەرهەمهێنان (عقود مشارکە الانتاج- Production Sharing Contract) کـە لەنـاو وەزارەتەکانـی نـەوت و کۆمپانیاکانـدا بـە (PSC) ناسـراوە. حکومەتی هەرێمی کوردسـتانیش لەدوای سـاڵی (2006) کە بڕیاری دامەزراندنی وەزارەتی سامانە

> "بەپێی گرێبەستەکان دەبێ (2.4 % بۆ 4.8 %)ی تێکڕای قازانجی نەوت بۆ پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکان بێت"

سروشتیەکانی دا و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان بەرەو هەرێـم هاتن، بڕیـاری دا گرێبەسـتە نەوتیەکانی لەسەر بنەمای بەشداریی بەرهەمهێنان ئیمزا بکات، ئەم جۆرە لە گرێبەسـت باشـییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەتی خانەخوێ حەزدەکات سوود لە تەکنیک و بەڕێوەبردنی سـێکتەری نەوت و گازی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان ببینێت و تێچووش ناکەوێتە سـەر دەوڵەتی خانەخوێ (یان هەرێمی کوردسـتان) تا پرۆسـەکە نەگاتە قازانجی تەواوەتی (ربح ×افی- Net profit)، هەلومـەرج و تایبەتمەندییەکانـی گرێبەستی بەشداری بەرهەم دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا پۆلێن بکەین:

یەکـەم: کۆمپانیـا بیانییەکـە هەمـوو بەرپرسیارێتیەک دەگرێتە ئەستۆی خۆی لەماوەی گەڕان و پشـکنیندا. واتە کۆمپانیا هیچ بەدەست ناهێنـێ یـان وەرناگرێتەوە ئەگـەر بڕێکی نەوتی وەهای بۆ بازرگانی نەدۆزییەوە.

دووەم: هـەردوولا ڕێکدەکـەون لەسـەر ئەوەی لایەنی یەکـەم (حکومەت) ماوەیەکـی دیاریکراو کـە دەگاتـە دوو سـاڵ یان هـەر ماوەیەکی دیکە کە لەسـەری ڕێککەوتوون، بداتە لایەنی دووەم کە کۆمپانیاکەیە، بۆ گەڕان و دۆزینەوە.

سـێیەم: ئەوە لە ئارادایە کە لەوانەیە مەرجێک هەبێت بۆ ئەوەی کۆمپانیا بەناچاری دەسـتی پێ هەڵبگیرێـت لە ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو ڕووبەرەی پێی بەخشـراوە بـۆ بەرهەمهێنان لـە ماوەیەکی دیاریکراو، بەپێی خشتەیەکی کاتی.

چوارەم: هـەر ئەوەندە کە کۆمپانیا بیانییەکە توانی بڕێکـی وا بۆ بازرگانی لە نەوت بدۆزێتەوە، ئیـدی گرێبەسـتەکە دەسـتپێدەکات کـە ماوەی بەرهەمهێنـان و بازاڕکردنەکەی لە نێوان (20 بۆ 30) ساڵدایە.

پێنجەم: ئینجا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکە باجی هاتنـە ناوەوە لـە قازانجی سـافی (Net profit) دەدات، هەروەها باجی موڵکایەتی (Royalty) یە لە دەستکەوتی گشتی دەدات.

شەشـەم: کاتێک کۆمپانیا ئەو هەندە لە نەوت دەدۆزێتەوە بۆ بازرگانی، ئەوا بڕێک دەبەخشـێتە دەوڵەتی خانەخوێ کە بۆی ناگەڕێتەوە (ئەمە باج نییە تەنیا وەک دیاریی گرێبەستەکە یان شیرینی نەوتەکەیە).

خاڵـی بنچینەیـی ئەوەیـە کە لە گرێبەسـتی بەشداری بەرهەمهێناندا کۆی سەرکێشی و ریسکەکە دەکەوێتە سەر کۆمپانیاکە، لەگەڵ ئەمەشدا چەند مـەرج و تایبەتمەندییەکی دیکـە هەیە کە ئەرکی نووسـینەکە قورسـتر دەکات. چونکە نووسـینی بیرکاریانەی تێدەکەوێت، لە هەمان کاتدا ناتوانین ئەوەنـدەی پێویسـت بکات ئامـاژەی بۆ نەکەین، چونکـە بەشـێکی زۆر لە شـارەزایانی ئابووری و حکومەت و ڕاهێنەرە پیشەییەکانیش کەوتوونەتە هەڵە لێکدانەوەی شێوازی کارکردنی گرێبەستەکە، کە لە سروشتی کارکردنی ئەم گرێبەستەدا هەیە:

**سـێیەم: گرێبەستی بەشداری لە بەرهەمهێنان چۆن ئیش دەکات؟**

دیارە هـەر بەپێی ئـەم گرێبەسـتە دەوڵەتی خانەخـوێ خاوەنی سـامانە هایدرۆکاربۆنییەکانە و دەسـەڵاتی کۆنترۆڵکردنی هەیە، بەهەمانشێوە ئەگەر (نەوت دۆزرایەوە) دەوڵەتی خانەخوێ یان هەرێم بۆی هەیە داوا لە کۆمپانیاکان بکات ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بە کادرەکانی حکومەت بکەن و، دەستی کار زیاد بکەن و، مافە کۆمەڵایەتییەکان دابیـن بکـەن لـە سـنووری کاروچالاکـی بلۆکە نەوتییەکاندا.

ئەوەی وەک پرسـیار دەمێنێتەوە، بەپێی ئەم جۆرە لە گرێبەست، ئەم قازانجە لە نێوان حکومەت (دەوڵەتی خانەخوێ) و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکەدا چۆن دابەش دەکرێت؟.

گرێبەستەکە دەڵێت: بەرهەمەکە دابەش دەکرێت بەپێی ڕێژەیەک کە هەردوولا لەسەری ڕێککەوتوون

> "زۆرجار کۆمپانیاکان تاکلایەنە پارەی پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکان رادەگرن و نایدەن"

دوای ئـەوەی کـە باجـی هاتنە نـاوەوە و باجی موڵکانـە و تێچووە نەوتیەکانی لێ دەردەهێنرێت، ئێ بەس چۆن؟ لێرەدا دەبێت پێشتر مەعریفەیەکی بانکـی و دارایی هەبێت، بۆ جیاکردنەوەی تێکڕای قازانـج (مجمـل الربـح- Gross Profit) لەگـەڵ قازانجی پەتی (الربح الصافی- Net Profit).

تێکڕای قازانج (Gross Profit) بەرهەمی ئەو قازانجەیە کە لە پرۆسـەی کڕین و فرۆشـتنەکەدا هەیـە، واتا بەبێ داشـکاندنە بانکییـەکان و ئەو تێچووانـەی کە بەهـۆی خراپبوون لە پرۆسـەکە (خصومـات المصرفیە و الاهلاکات) ڕوویانداوە. بە بیرکاریانە ئاوها لێکدەدرێتەوە: (تێکڕای قازانج = تێچوی شـمەکە فرۆشـراوەکە کە نەوتە — ڕێژەی فرۆشـتنی نەوتەکـە کـە کۆمپانیاکـە بەرهەمی هێناوە). هەرچی قازانجی پەتی یان سافیە، ئەمە ئەو قازانجەیە کە دوای هەموو شتێک دەمێنێتەوە، واتـا دوای داشـکاندن یـان لێدەرکردنەکانـی کە لە بـواری بانکی و باج ڕوویانـداوە، دەمێنێتەوە. ڕۆشنتر لەمە ئەوەی بە پوختی دەمێنێتەوە دوای ئـەوەی هەمـوو تێچووەکانی لـێ دەردەهێنی، بە بیرکاریانە ئاوها لێک دەدرێتەوە: (قازانجی پەتی = کۆی گشتی دەستکەوت — کۆی گشتی تێچوو).

لێرەدا، لە قۆناغی یەکەمدا بڕی گشتی نەوتەکە بەرهـەم دێت (ئیتـر بەپێی بلۆکـە نەوتییەکە و ئاستی بەرهەمهێنان) یەکسەر دوای ئەوە (10%)ی دەڕوات بۆ موڵکانـەی حکومەت (Government Royalty) ئینجـا جەولەی دووەم قازانجی نەوتی سـافی کە مایەوە (صافـی النفط المتاحـە- Net available oil) ئا لێرەوە حکومەت بە چڕی دێتە ناوەوە، کۆمپانیاکـەش خێرا خەریکی هێنانەوەی ئـەو تێچووانـە دەبێـت کـە لـە بەرهەمهێنانـی نەوتەکـەدا خەرجـی کـردووە، ئەمـە پێیدەڵێـن (Cost Recovery Oil) بـۆ نموونـە: دەسـت دەکات بە فرۆشتنی خام یان گاز یان ئەو پێکهاتە و هۆکارانەی کە لەکاتی بەرهەمهێناندا دەشێت بۆ فرۆشتن سـوودی لێ ببینێت، ئەمەیان حکومەت بەشـێک نییە لێی، ئەم کۆست ریکۆڤەرییە تەنیا لـە گرێبەسـتی بەشـداری بەرهەمهێنانـدا هەیە، فەلسەفەکەشی ئەوەیە کە کۆمپانیاکە سەرکێشی کردووە و گرێبەستێکی لەو جۆرەی ئیمزا کردووە، بۆیە ئەگـەر حاڵەتێک هاتە پێش و بڕێکی ئەوتۆ نـەوت نەدۆزرایەوە، ئەوا هەرچۆنێک بێت وا بکات بڕێـک لەو تێچـووەی هەیبـووە بیگەڕێنێتەوە بۆ خۆی.

ئینجا دوای ئەوە تێکڕای قازانجی نەوت- Gross profit دێتە پێشـەوە (کە لەسەرەوە ماناکەیمان ڕوون کـردووە). چـۆن تێکـڕای قازانجـی نـەوت لەنێوان: حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکـە و پرسـەکانی وەک پرۆگرامـە کۆمەڵایەتییـەکان و بەڵێنـدەرە ناوخۆییـەکان و دەرەکییـەکان و کۆمپانیا تایبەتـە ناوخۆییەکاندا دابەش دەکرێت؟ ئەمە بە ڕێژەیەک دابەش دەکەن کـە 70/30 % یـان 85/15 %یە، (ئەو لە % ئەو سـەتە نییـە کە خوێنـەران و زۆر کەس بیری لێ دەکەنەوە) لێرەدا هاوکێشـەیەکی حیسـابی ئاڵۆز هەیە کە پەیوەستە بە ئاستی داهات و دابەشکراوە بەسـەر ئاستی تێچوودا، پێی دەڵێن فاکتەری ئاڕ (R' Factor') فاکتەری ئاڕ ئیراداتی کەڵەکەبووە (لـە تێچووی نەوت و قازانجی نەوتەکە) کە تێیدا ئیراداتـی کەڵەکەبـوو دابـەش دەکرێـت بەسـەر تێچووی کەڵەکەبوودا. ئەمە بەکورتی واتە قازانجی نەوت لەسەر بنەمای فاکتەری ئاڕ دابەش دەکرێت، ئیتـر ڕێژەی هەموو شـتەکانیش بەپێی فاکتەری ئـاڕ دەگۆڕێت. لەمە زیاتـر لێی دەگەڕێین چونکە ژمارەکاری و سـەرلەنوێ کەڕەتکردنەوەی هەیە و ئەرکی نووسینەکە قورستر دەکات.

**چوارەم: ئاریشـەی پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکان چییە ؟**

بەرنامـەی بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتیـی کۆمپانیـاکان (Corporate Social Responsibility) کە بە (CSR) ناسراوە لە کاری کۆمپانیـا فرەڕەگەزەکاندا. هەمـوو کۆمپانیایەکی

> "لە هەندێک ناوچە سەرۆک عەشیرەت بڕیار دەدات پارەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە چی و چۆن خەرج بکرێ"

فرەڕەگەز دیسکێکی تایبەتی بە CSR هەیە، بەپێی گرێبەستی بەشـداری بەرهەمهێنان (Predicting Sharing Contract) دەبێـت لەنێـوان (2.4 % بـۆ 4.8 %)ی تێکـڕای قازانجی نەوت بۆ پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بێت.

بەشـێکی زۆر لـە زانکـۆکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـەی مەدەنـی، لادێـکان، ناوەندەکانـی توێژینـەوە، ناوەندەکانـی ڕاهێنـان و مەشـق و تادوایـی بەدەسـتییەوە کێشـەیان هەیـە، واتـە لەبنەڕەتـدا لـە هەمـوو وڵاتێـک لە هـەر بوارێک کۆمپانیایـەک وەبەرهێنـان دەکات، بودجەیەکـی تایبەت و دیسـکێکی تایبەتی بۆ پاڵپشتی دارایی ئـەو ناوچەیـە هەیە کـە کاری تێـدا دەکات، بۆ نموونـە: خوێندنگە نـۆژەن دەکەنەوە، ڕێگا چاک دەکەن، پاڵپشتی سەرپێخستنی کەرتی پەروەردە و دابینکردنی کەرەستەکانی دەکەن و... تادوایی. ئێ بەڵام لەهەرێمی کوردستان ئەم بوارەش گرفتی هەیە، چۆن؟

یەکـەم: لەهەندێ ناوچە سـەرۆک عەشـیرەت یان بەرپرسـێکی سـەربازی یان حیزبـی بووە بە بڕیاردەر بەسەر ئەم بەشەوە لەناو کۆمپانیاکە یان بلۆکە نەوتییەکەدا خەڵکی خۆیان فەرز دەکەن بۆ کارکردن تا ئەو شوێنەی ئەو بڕیار دەدات کە ئەمە بۆ فلانە شوێن بکرێ و ئەوە نەکرێت.

دووەم: ئەگـەر قازانجـی گشـتی تەنیـا یەک کۆمپانیـا لەماوەی سـاڵێکدا (100) ملیۆن دۆلار بێت، بەپێی گرێبەستەکە دەبێت لە نێوان (2.4) ملیـۆن بـۆ (4.8) ملیـۆن دۆلار تەنیـا لـە یەک گرێبەستدا بۆ پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان بکرێت!. بـەڵام زۆرجـار کۆمپانیـاکان تاکلایەنە ئەمە ڕادەگرن و نایدەن، زۆرجار وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چەند سەنتەر و میدیا و ڕێکخراوێکی حیزبـی نزیک لـە خۆیان دادەنێن کـە ئەم پارانە وەربگـرن، زۆرجاریـش داوای فەرمانی سـەرووی خۆیان دەکەن و چاوبەسـت دەکەن، دەڵێن ئەگەر ئێمـە بە کۆمپانیاکە بڵێین لەو بودجەیە هاوکاری فـلان سـەنتەری توێژینـەوە بکەن، ئـەوا دەبێت لەوسەرەوە لەکۆتاییدا حکومەت خۆی ئەو پارەیە بداتـەوە! زیاتـر لە (10) سـاڵە نزیکـەی (52) گرێبەسـتی نەوتی حکومەتی هەرێم هەیە، ئەگەر لە هەر (52) گرێبەستەکەدا تەنیا پارەی (CSR) بە نموونە وەربگرین ئایا چەند کیلۆمەتر قیرتاوی بـۆ ئەو ناوچانە پێکراوە کـە تەنکەرە نەوتەکانی پێـدا تێپەڕ دەبـن؟. ئایا چەنـد خوێندنگەی پێ دروستکراوە کە وەزیری پەروەردە لە 30ی نیسانی 2019 دەڵێت پێویستمان بە ملیارێک و پێنجسەت ملیـۆن دۆلارە بـۆ دروسـتکردنی خوێندنگە! ئایا چەند ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانسـتی بەهێزی پێ سـەرپێخراوە تا لەناوەوە ئیش بۆ بونیادنان و لە دەرەوەی وڵاتیش کار لەسـەر دانپێدانان بە کیانی کوردی بکەن؟

***بەهرۆز جەعفەر، سەرۆکی ئینستتیوتی مێدیترانەیە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان.**



ڕووداو ژنان
ژمارە ( 553 ) – دووشەممە 2019/5/6



## گەنجێک خوشکەکەی خۆی لە سێدارە دەدات

**ڕووداو– هەولێر**

کچێکی تەمەن 29 ساڵان لە شاری پەهلەی سەر بە دێهلۆڕان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن براکەیەوە لە سێدارەدرا، پاشان سەری لە لاشەی جیاکرایەوە. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە: شەوی 2019/5/4، کچێکی خەڵکی پەهلە (زەرین ئاوا) سەر بە شاری دێهلۆڕان لە پارێزگای ئیلام لەلایەن براکەیەوە لە سێدارە دراوە. کچەکە کە ناوی مریەم بەختیاری بووە، دوای لە سێدارەدانی، هەر لەلایەن براکەیەوە بە چەقۆ سەری بڕدراوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار ڕایگەیاندووە، کە مستەفا بە بیانووی پاراستنی شەرەف و نامووس، خوشکەکەی کوشتووە. سەرچاوەکە دەڵێت برای مریەم دوای تاوانەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە.

# ئافرەتە کوژراوەکانی "شەرەف".. قوربانییە لەبیرکراوەکانی کوردستان

**مانا لینچ**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی سێی نیسانی ئەمساڵ، تەرمی ئافرەتێکی گەنج و لاواز لە قەراخ ڕێگەیەکی خۆڵ دۆزرایەوە، ئافرەتەکە پانتۆڵێکی جینز و قەمیسێکی لەبەردا بوو. تەرمەکە لە قوڕ و چڵپاوی سەر ڕێگاکە هەڵکێشرابوو. بە سووربوونەوەی ملیدا دیاربوو خنکێنراوە.

بە گوتەی ڕەمک ڕەمەزان، قایمقامی چەمچەماڵ، ئافرەتەکە لە بیستەکانی تەمەنیدا بووە. پۆلیس ئافرەتەکەی ناسیوەتەوە، بەڵام ئامادە نییە زانیاری و وردەکاری لەبارەوە ئاشکرا بکات، چونکە دەڵێن لێکۆڵینەوە بەردەوامە. سێ کەس دەستگیرکراون و فەرمانی دەستگیرکردن بۆ یەکێکی دیکەش دەرچووە.

هەرچەندە پۆلیس هەتا ئێستا بێدەنگە، بەڵام گومانەکان بۆ ئەوە دەچن کوژرانی ئافرەتەکە تاوانێکی دیکەی "پاراستنی شەرەف" بێ. بەگوێرەی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ساڵی ڕابردوو 49 ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کوژراون.

داتاکان وا دەردەخەن کە 73 ئافرەت خۆیان کوشتووە، 257 ئافرەت ئاگریان تێبەربووە کە 112 حاڵەتیان خۆسووتاندن بووە. 113 ئافرەتیش ڕووبەڕووی جۆرەکانی دەستدرێژی بوونەتەوە. بەدرێژایی ساڵی 2018 بەڕێوەبەرایەتییەکە 9574 سکاڵای بەدەست گەیشتووە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان کەمیان کردووە، ئەوەش دوای هەڵمەتەکانی حکومەت، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان. بەڵام پەروین حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای خانمان کە سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پێیوایە هەر ئەوەندە بەس نییە، چونکە "هەتا ئێستاش، ئافرەتانی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی کە ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە".

پەیمانگەی پزیشکی دادوەری بەرپرسیارە لە دۆزینەوەی هۆکار و چۆنێتی کوژرانی قوربانییەکان و ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکانیش پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی دەکات. دکتۆر یاسین کەریم، بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگەکە بە (ڕووداو)ی گوت، 90 %ی تاوانەکانی کوشتن لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە دەکرێن.



زیاتر لە 100 تەرمی بێ خاوەن لە گۆڕستانی کەسنەزان نێژراون

دوای تەواوبوونی پشکنینی تەرمەکان، ژمارەیەکی زۆریان هیچ کەسێک خۆیان لێناکاتە خاوەن، لە نێوان ئەوانەشدا ئەو ئافرەتانە هەن کە بەدەستی ئەندامانی خێزانی خۆیان بەکوشت چوون. لەو حاڵەتانەدا یان خێزانەکان تەرمەکەیان ناوێتەوە یان کوژراوەکە نەناسراوەتەوە.

دکتۆر یاسین دەڵێت تەرمی ئەو ژنانەی لەلایەن کەسوکاری خۆیانەوە کوژراون، دەخرێنە ناو سەلاجەوە و هەتا شەش مانگ لەوێدا ڕادەگیرێن، خێزان و کەسوکاری ئەو ئافرەتانە ئەگەر پرسە و شینیشیان بۆ بگێڕن، بە بێدەنگی دەیکەن، چونکە ناوێرن خۆشەویستی بۆ ئافرەتێک دەرببڕن کە نەریتی خێڵ و ئاینیان بەزاندووە.

> **دکتۆر یاسین کەریم، بەڕێوەبەری گشتیی پزیشکی دادوەری:**
> **90 %ی حاڵەتەکانی کوشتنی ئافرەتان لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە بووە**

ئەگەر دوای شەش مانگەکە هیچ کەسێک خۆی لێنەکردن بە خاوەن، ئەوە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری تەرمەکان ڕادەستی شارەوانی دەکات و ئەوانیش دەینێژن.

لە ناحیەی کەسنەزان لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر، گۆڕستانێکی بەرین بووەتە دوایین ئارامگەی ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانە. لە پشت شوێنەکەی ڕێکەوت سەعیدی بەردتاشەوە، شوێنێک بە دیوار جیاکراوەتەوە. شوێنەکە دابڕاوە و بێکەسی و بێخزمەتییەکی زۆری پێوە دیارە، ناویشی "بەشی فەرمانگەی لێکۆڵینەوە"یە. لەوێ نزیکەی 100 گۆڕ ڕیزکراون. باران و بای ساڵانێکی زۆر گۆڕەکانی داتەپاندووە، هەرکام لە بەردی سەر گۆڕەکان بەلایەکدا لار بوونەتەوە. تاکە نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی گۆڕەکان ئەو ژمارانەن کە بە سپرای لەسەر بەردی گۆڕەکان نووسراون.

ئەمە شوێنی ناشتنی هاووڵاتییە فڕێدراو و لەبیرکراوەکانە، لە نێویشیاندا ئەو ئافرەتانەی لەلایەن خێزانەکانیانەوە کوژراون و پشتگوێ خراون.

دوو هەفتە لەمەوبەر تیمی پزیشکی دادوەری تەلەفۆنیان بۆ میرخان عومەری گۆڕهەڵکەن کردبوو، داوایان لێکردبوو حەوت گۆڕیان بۆ ئامادە بکات. ڕۆژی دواتر تیمەکە بە بارهەڵگرێکی کیا و شەش تەرمەوە هاتنە گۆڕستانەکە. تەرمەکان بە کفنەکانەوە لە نایلۆن پێچرابوون، بۆ ئەوەی بۆنەکەیان دەرنەچێ. تیمەکە پێنج پیاو و یەک ئافرەتیان پێبوو.

تیمەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری دەمامک و دەستەوانەیان کردبوو، بۆ ئەوەی تەرمەکان بخەنە ناو ئەو گۆڕانەی عومەر هەڵیکەندبوون. لە لای سەری هەرکام لە تەرمەکان زەرفێک دانرابوو، کە هەموو زانیارییەکانی پزیشکی دادوەری لەبارەی ژیانی مردووەکەی تێدابوو، لەوانەش وێنەی کەسەکە، ئەنجامی (DNA)، تاقیکردنەوەی خوێن و هەر ناسنامەیەک کە کەسەکە پێیبووبێ. گۆڕی حەوتەمیان بۆ ناشتنی تەرمی شەش کۆرپەلەی لەبارچوو بوو.

لەسەر هەرکام لە گۆڕە نوێیەکانی ئەم گۆڕستانە پارچە بەردێکی چیمەنتۆ بە شێوەیەکی کاتی دادەنرێ، هەتا ئەو کاتەی بەری گۆڕیان بۆ ئامادە دەکرێ و بە ژمارەیەکی سادە نیشانە دەکرێن.

ڕێکەوت ماوەی بیست ساڵە خەریکی ڕازاندنەوەی کێلی مردووەکانە و ئەو پیشەیەی لە باوکیەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە. ئەو پاش دوو دەیە بەردتاشین دەڵێ: "هەرگیز نەمبینیوە کەسێک بێ و سەردانی ئەم گۆڕانە بکات".

پەروین حەسەن دەڵێ ئەو ئافرەتانەی بە دەستی خێزانەکانیان دەکوژرێن زۆر زوو لەبیر دەکرێن. هەر چەند میدیا بە گوڕوتینەوە باسی هەواڵی تاوانی کوشتن لەسەر "شەرەف" دەکات، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک هەموو کەس، ڕووداوەکە لەبیردەکەن، میدیاکان تەنیا ڕاپۆرتی ڕووداوەکە دەگوازنەوە، بێ ئەوەی بەدوای چارەسەردا بگەڕێن.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی باڵای خانمان جەخت دەکاتەوە لەوەی کاتی ئەوە هاتووە گۆڕانکاری لەوەدا بکرێ، چونکە ئەرکی هەموو کەسێکە ئافرەتان بپارێزێ.

20 ساڵ کارکردن لە گۆڕستانەکان وای لە ڕێکەوت کردووە وەک مەسەلەیەکی ئاسایی باسی مەرگ بکات، بۆیەش بە خوێنساردییەوە دەڵێ: "سروشتی مرۆڤ ئاوهایە (کە خەمەکانی کورتخایەن بن). کاتێک دێینە ئێرە خەم دامانده‌گرێ، بەڵام هەر کە ئێرەمان جێهێشت هیچمان لەبارەی ئەم شوێنەوە لەبیر نامێنێ".

ئەمانە ئافرەتە لەیادکراوەکانن، ئەوانەی بێ هیچ شینگێڕییەک بۆ هەتاهەتایە لەم گۆڕستانەدا نێژراون و گۆڕەکانیشیان بە گوڵی خۆڕسک داپۆشراون.

# دۆستە کۆنەکەی لە زیندانەوە ژیانی لێ تاڵ کردووە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

ئیمان لەلایەن دۆستە کۆنەکەیەوە تۆمەتبار کراوە بە ڕفاندنی منداڵێک، بەڵام ئەو دەڵێت منداڵەکەی لەو نییە و لە کەسێکی دیکەیە.

ئیمان ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن 22 ساڵە کە پێشتر دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵ بووە. کاتێک شووی کردووە تەمەنی تەنیا 17 ساڵ بووە، بەڵام دوای ساڵێک بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ مێردەکەی، ساڵی 2015 لێی جیابووەتەوە و گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی.

زۆری نەبرد پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک دروستکرد، هەندێ جار پێکەوە دەچنە دەرەوە و دواتر پەیوەندیی سێکسی لەنێوانیان دروست دەبێ، پاش ماوەیەک ئیمان دووگیان دەبێ. بەڵام بەرلەوەی ئاشکرا ببێ، داوا لەو کوڕە دەکات مارەی بکات.

ئیمان دەڵێت: "کاتێک زانیم دووگیانم، داوام لەو کوڕە کرد بێتە خوازبێنیم. کوڕەکە منی خۆشدەویست و هات بۆ خوازبێنیم، بەڵام خێزانەکەم ڕازی نەبوون شووی پێبکەم. ئەو کوڕەش کە پێشمەرگە بوو، چوو بۆ شەڕی داعش و لە کەرکووک شەهید بوو".

ئیمان بەردەوام لەگەڵ ناخی خۆی لە گفتوگۆدا بووە کە ئایا منداڵەکەی لەبار ببات یان چاوەڕێی سزادانی بکات لەلایەن خێزانەکەیەوە. دواجار بڕیار دەدات منداڵەکەی لەبار نەبات، بۆیە ڕوو دەکاتە شەڵتەرێکی ئافرەتان لە شاری سلێمانی، بەڵام تەنیا مانگێک لەوێ دەمێنێتەوە و شەڵتەرەکە جێدێڵێ و دەچێتە لای هاوڕێیەکی، بەهۆی هاوڕێکەیەوە پیاوێک دەناسێ و پەیوەندی لەگەڵ دەبەستێ. ئەو پیاوە بە قاچاخ دەیبات بۆ تورکیا، نزیکەی سێ مانگ لەوێ دەمێننەوە، دواتر پۆلیسی تورکیا پیاوەکە دەستگیر دەکات و دیپۆرتی دەکاتەوە، ئیمانیش ناچار دەبێ لەبەر ئەو بگەڕێتەوە کوردستان.

ئیمان دەڵێت: "کە گەڕاینەوە کوردستان، ئەو پیاوە منی لەگەڵ خۆی بردە ماڵی باوکی و پێیگوتن، ئەو ئافرەتە منداڵی منی لەسکدایە و لەلای مەلا مارەم کردووە، ئەو لەگەڵ کەسوکارەکەی ڕاستی نەدەکرد، چونکە ئەوەی لە سکمدا بوو، منداڵی کەسێکی دیکە بوو نەک هی ئەو".

بە گوتەی ئیمان، ئەو پیاوە پێشتر خێزاندار بووە و باوکی کوڕێکیشە، بەڵام لە ژنەکەی جیابووەتەوە. ئیمان نۆ مانگی خۆی تەواو کرد و کوڕێکی بوو. ئەو زۆر دڵی خۆش بوو کە ئیدی لە پەنای پیاوێکدایە و ئاگای لێیەتی، بەڵام زۆری نەبرد ئەو پیاوە لەسەر تاوانی کوشتنی کەسێک کەوتە زیندان. قوربانییەکە تەنیا لەبەر ئەوەی ویستوویەتی ژنی پێشووی ئەم مارە بکاتەوە، ئەم کوشتوویەتی.

بەوجۆرە ژیانی ئیمان ناخۆش دەبێ، ناخۆشتریش دەبێ کاتێک نهێنییەکە دەدرکێنێ و بە ماڵی باوکی پیاوەکە دەڵێت: ئەو منداڵە لە کوڕەکەی ئێوە نییە.

ئیمان دەڵێ: "منداڵەکەم هەڵگرت و ماڵەکەم بەجێهێشت، چووم کارێکم دۆزییەوە، شوقەیەکیشم بە کرێ گرت، جارجار سەردانی پیاوەکەم دەکرد لە زیندان. بەردەوام داوای پارەی دەکرد، منیش مانگانە 100 تاوەکو 200 دۆلارم بۆ دەبرد".

تا ئەو ڕۆژەی ئەو پیاوە لە زیندانەوە تەلەفۆنی بۆ نەکرد و هەڕەشەی تۆمارکردنی سکاڵای لێنەکرد، ئیمان هیچ کێشەیەکی لەگەڵی نەبوو.

"گوتی سکاڵات لەسەر تۆمار دەکەم لەبەر ئەوەی منداڵەکەی منت دزیوە، بەڵام پێمگوت ئەوە منداڵی منە نەک هی تۆ. تەنانەت هەڕەشەی لێکردم ئەگەر منداڵەکەی نەدەمەوە، تۆمەتبارم دەکات بەوەی خیانەتم لێکردووە".

وەک ئیمان باسی کرد، خوشکێکی پیاوەکەی ویستوویەتی بە زۆر منداڵەکەی لێ بستێنێ، بەڵام ئەم پێداگیریی کردووە کە ئەو منداڵە لە برای ئەو نییە.

ئیمان دواجار لەبەر هەڕەشەی ئەوان سلێمانی بەجێدێڵێ و دەچێتە هەولێر، لەوێ لەلایەن پۆلیسەوە بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر دەکرێ و دوای شەش مانگ ئینجا ئازاد دەکرێ. ئیمان دەڵێت هیچ بەڵگەیەکیان لەسەرم نەبوو، بۆیە ئازاد کرام.

دیمەن محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە ئەو ئافرەتە لەلای ئەوان بەند بووە، بەڵام بێ تاوان نەبووە.

دیمەن گوتی: "ئەو کاتەی ئیمان لەلای ئێمە بوو، پیاوەکەی زوو زوو پەیوەندی پێوەدەکردم و دەیگوت ئیمان منداڵەکەی منی دزیوە".

ئیمان دەڵێ سێ ساڵە گیرۆدە بووە و نازانێ چی لەگەڵ ئەو پیاوە بکات. بەڵام لێشی بێ باکە و دەڵێت: "ئەگەر ڕاست دەکات ئەو منداڵە هی ئەوە، فەرموو با پشکنین بۆ خۆی و منداڵەکە بکات".

(هە.د) کە لە نیسانی 2017 بە تاوانی کوشتنی پیاوێک گیراوە و حوکم دراوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو قسانەی ئیمان هیچیان ڕاست نین، ئەو پەیوەندی لەگەڵ من هەبوو، لە تورکیا بە یەکەوە خەوتین و لە من دووگیان بوو. منداڵەکەش هی منە و ئەو دزیویەتی، بەو تۆمەتەش سکاڵام لەسەر تۆمار کردووە. من جگە لە منداڵەکەم هیچی دیکەم لەو ناوێ".

ئەو دەشڵێت کە ئامادەیە پشکنینی دی ئێن ئەی بکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە منداڵەکە هی ئەوە، بەڵام دەڵێت پارەی ئەو پشکنینەی نییە.

داستان لوقمان کە پارێزەری هەردوولا بووە کاتێک ویستوویانە لە دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری بکەن، لەبارەی ئەو کەیسە دەڵێت: "ئەو پیاوە ویستی لە دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ ئیمان بکات، بەڵام ئەو ژنە بۆی ئاشکرابوو کە پیاوەکە دەیەوێت دوای ئەوەی گرێبەستەکەی بۆ دەکات، تۆمەتباری بکات بە خیانەتی هاوژینی، بۆیە ڕازی نەبوو".

داستان گوتیشی: "ئەو پیاوە بە تۆمەتی ڕفاندنی منداڵەکەی سکاڵای لەسەر ئیمان تۆمار کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئیمان دیار نییە، نەمانتوانیوە سکاڵاکە بەرز بکەینەوە".

ئیمان ماوەی سێ مانگە ژیانێکی نوێی دەستپێکردووە و شووی کردووەتەوە و ئێستاش دوو گیانە. ئەو دەڵێت دەیەوێ لایەنە پەیوەندیدارەکان سنوورێک بۆ هەڕەشەکانی ئەو پیاوە دابنێن بۆ ئەوەی ژیانی لێ تێکنەچێ، چونکە ئەگەر مێردە تازەکەی بەو کێشەیە بزانێ، دوور نییە تەڵاقی بدات.



## باوکێک کوڕەکەی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو – کەرکووک**

ڕۆژی 2019/5/5 لە گەڕەکی حوریەی شاری کەرکووک، باوکێک کوڕە تەمەن 29 ساڵانەکەی خۆی بەناوی (ز.ن) کوشت. پۆلیس باوکی کوڕەکە و مامێکی کوڕەکەی دەستگیرکرد. عەقید هەڤاڵ بەرزنجی، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عرووبە هەواڵەکەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی :"دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/5/5 کوڕێکی دانیشتووی گەڕەکی حوریەی کەرکووک لەلایەن باوکی بە هاوکاری مامێکی کوژرا". عەقید هەڤاڵ گوتیشی: "دوای ڕووداوەکە باوک و مامی کوڕە کوژراوەکە لەلایەن بنکەی پۆلیسی عرووبە دەستگیرکران" سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، عەقید هەڤاڵ گوتی :"لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەین، هێشتا دیار نییە لەسەرچی کوشتوویانە".

# بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەکی ڕووت خۆی کوشت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

نەوزاد لەگەڵ هاوڕێکانی دەچێتە دەرەوەی شار. ئەوان داوای مۆبایلەکەی لێدەکەن و ئەویش کە متمانەی پێیانبووە، مۆبایلەکەیان دەداتێ، بەڵام دوو ڕۆژ دواتر تووشی شۆکی دەکەن کاتێک پەیوەندی پێوە دەکەن و پێیدەڵێن ئەگەر پارە و کارتمان بۆ نەنێری، گرتە ڕووتەکانت بڵاودەکەینەوە. نەوزاد بەرگەی تانە و تەشەری خەڵکی نەگرت و خۆی کوشت.

ئەگەرچی پێنج مانگ و سێ ڕۆژ بەسەر خۆکوشتنی ئەودا تێپەڕیوە، بەڵام ئەوانەی بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکەی نەوزاد گیراون، هێشتا نکۆڵی لەو کارە دەکەن. (نەوزاد ع)، تەمەنی 38 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی تەقتەق بوو.

بارزان کە برای نەوزادە، بە (ڕووداو)ی گوت: "هەشت مانگ لەمەوبەر نەوزاد لەگەڵ هاوڕێکانی چووبووە دەرەوە، ئەوان بەناوی وێنەگرتنەوە داوای مۆبایلەکەی دەکەن، ئەویش مۆبایلیان دەداتێ، ئەوان گرتەیەکی ڕووتی نەوزاد لە نێو مۆبایلەکەی دەبینن، بەبێ ئەوەی نەوزاد هەستی پێ بکات، بۆ خۆیانی دەنێرن".

وەک بارزان باسی کرد، دوو ڕۆژ دواتر یەکێک لەو هاوڕێیانەی نەوزاد، تەلەفۆنی بۆ کردووە و پێیگوتووە "گرتەیەکی ڕووتمان لە نێو مۆبایلەکەت بردووە، ئەگەر پارە و کارتمان بۆ نەنێری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکەینەوە". بەڵام نەوزاد ناچێتە ژێرباری هەڕەشەی هاوڕێکانی و بێمنەتیان دەکات.

بارزان گوتی: "نەوزاد لەلای ئێمە باسی هیچی نەکرد تا ئەوکاتەی هاوڕێکانی ڤیدیۆکەیان بڵاوکردەوە، ئیدی ئێمە بە شتەکەمان زانی و نەوزادیش سکاڵای لەسەر تۆمارکردن".

سێ هاوڕێکەی نەوزاد دەستگیر دەکرێن، بەڵام نکۆڵی دەکەن لەوەی ئەوان ڤیدیۆکەیان بڵاوکردبێتەوە، بۆیە دوای هەفتەیەک بە کەفالەت ئازاد دەکرێن. بارزان دەڵێت: "دوای ئەوەی ئەو سێ کەسە ئازادکران، نەوزاد زۆر هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە ئەوان ئەو کارەیان کردووە، بەڵام بێسوود بوو. ڕۆژ بە ڕۆژ باری دەروونیی خراپتر دەبوو، هەموو ڕۆژێک یەکێک پەیوەندی پێوە دەکرد پرسیاری بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکەی لێدەکرد، وای لێهاتبوو لە ماڵ نەدەچووە دەرەوە".

واز لە نەوزاد ناهێنن. ئەو ڤیدیۆیە چۆن بڵاوکراوەتەوە؟ بۆ لەناو مۆبایلەکەت بوو؟ بۆ کێت ناردووە و چەندین پرسیاری دیکە. وەڵامی نەوزادیش هەر ئەوە بووە کە بۆ خۆی ئەو ڤیدیۆیەی تۆمار کردووە و بۆ کەسی نەناردووە، بەڵکو لەناو مۆبایلەکەی دزراوە.

بارزان دەڵێت: "نەوزاد ئەو گرتەیەی بۆ هیچ مەبەستێک تۆمار نەکردووە، دیارە ئەو ڤیدیۆیەی هەر بۆ خۆشی گرتووە و دواتر لەبیری چووە ڕەشی بکاتەوە، دواتریش مۆبایل شتێکی زۆر شەخسییە، بەڵام هاوڕێ خراپەکانی کارێکیان کرد نەوزاد خۆی بکوژێ".

بە گوتەی بارزان، دوای ئەو ڕووداوە نەوزادی برای بە جارێک وڕەی بەردابوو، خەو و خواردنی نەمابوو، بەردەوام ئامۆژگارییان کردووە کە ئەو ڕووداوە لەبیر بکات، بەڵام سوودی نەبووە. سێ مانگ دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکە، نەوزاد خۆی کوشت.

بارزان گوتی: "ئەو ڕۆژە برایەکەم بە هاوژینەکەی گوتبوو دەچمە دەرەوە بۆ پیاسە، بەڵام کاتێک نیوەڕۆ هاوژینەکەی پەیوەندی پێوەدەکات بۆ ئەوەی بێتەوە و نانی نیوەڕۆ بخوات، وەڵام ناداتەوە. بۆیە پۆلیسمان لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە. پاش سەعاتێک پۆلیس پێیگوتین کەسێک لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا خۆی کوشتووە، کە چووین بینیمان نەوزادە".

بارزان دەڵێت کاتێک بینیویانە نەوزاد بە دەمانچە خۆی کوشتووە، تووشی شۆک بوون، چونکە ئەوان پێشتر دەمانچەیان بە نەوزاد نەبینیوە، نازانن چۆنی دەستکەوتووە.

دوای خۆکوشتنی نەوزاد، جارێکی دیکە سێ هاوڕێکەی دەستگیر دەکرێنەوە. بارزان دەڵێت: "بەتۆمەتی هاندان بۆ کوشتن، سکاڵامان لەسەر ئەو سێ کەسە تۆمار کردووە".

عەقید عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو سێ کەسە بە تۆمەتی هاندان بۆ خۆکوشتن بە فەرمانی دادوەر و بەپێی مادەی 408 ی یاسای سزادانی عێراقی بەندن، بەڵام تا ئێستا ئیعترافیان نەکردووە کە ئەو کارەیان کردووە".



سێ هاوڕێی هەڕەشەیان لێکردبوو ئەگەر پارەیان نەداتێ، ڤیدیۆکەی بڵاودەکەنەوە

## فەرمانی گرتن بۆ شەش کەس دەرچووە

# ئامۆزاکانی دەیکوژن و هەڵدێن

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**



ئاسۆ لەگەڵ بێستوونی برای دەچێت بۆ ماڵی مامی بۆ ئەوەی کێشەی نێوان خۆی و ئامۆزاکانی چارەسەر بکەن، بەڵام کاتێک دەگەنە کۆڵانی ماڵی مامی، لەلایەن ئامۆزاکانیانەوە دەستڕێژی گوللەیان لێدەکرێ، ئاسۆ دەکوژرێ و براکەشی بریندار دەبێ.

ئەو ڕووداوە سەعات 11ی شەوی 2019/4/25 لە شارۆچکەی چەمچەماڵ ڕوویدا. ئاسۆ حەسەن، تەمەن 37 ساڵ و باوکی چوار کچ، لەلایەن ئامۆزاکانییەوە کوژرا. ئاسۆ کە زاوای مامیشیەتی، دانیشتووی گەڕەکی باڕووتخانەی شاری کەرکووک و کارمەندی بنکەی پۆلیسی ئازادی بوو.

ڕائید سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"وا دیارە ئاسۆ و براکەی چوونەتە ماڵی مامیان لە چەمچەماڵ، لەو کاتەدا بووەتە شەڕە تەقە. ئاسۆ گوللەیەکی بەرکەوتووە و کوژراوە، براکەشی بریندار بووە. ئەوانەی تەقەیان کردووە ئامۆزای ئاسۆن".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، ڕائید سەرکەوت گوتی: "شەڕەکە لەسەر کێشەیەکی کۆنی نێوانیان بووە. بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوە تەواو نەبووە، نازانین کێشەکە چییە".

بە گوتەی ڕائید سەرکەوت، فەرمانی گرتن بۆ شەش کەس دەرچووە، بەڵام هەر شەشیان هەڵاتوون و تا ئێستا دەستگیر نەکراون.

سامان حەسەن کە برای ئاسۆیە، باسی ئەو کێشەیەی کرد کە لە نێوان ئاسۆ و ماڵی خەزووریدا هەبوو.

سامان گوتی: "ساڵی 2017 ، ڕۆژێک ئاسۆی برام پەیوەندی بە عادلی ئامۆزامەوە دەکات و لێیدەپرسێت لە کوێی؟ ئەویش دەڵێت لە چەمچەماڵم، ئاسۆ دەڵێت تۆ لە کەرکووکی و من وا دەتبینم بۆ درۆم لەگەڵ دەکەی؟ بۆ ناڵێی لە کەرکووکم؟ ئیدی لەسەر ئەوە بوو بە دەمەقاڵەیان".

شەڕی نێوان ئاسۆ و عادل گەورە دەبێ، برایەکی عادلیش بە ناوی دانا کە لەوێ دەبێت، دێتە ناو شەڕەکە، بە هەردووکیان لە ئاسۆ دەدەن. دواتر دەگەڕێنەوە چەمچەماڵ و لەگەڵ براکانی دیکەی بە چەکەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی ئاسۆ.

سامان گوتی: "دانا براکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بە چەکەوە چووبوونە سەر ماڵی ئاسۆ، پێیگوتبوو هەر دەتکوژم، چۆن بە براکەم دەڵێی درۆ دەکەی. شەڕەکە گەورە بوو، پۆلیس هات دانا و براکانی دەستگیر کرد، بەڵام ئاسۆ گوتی ئەوانە ئامۆزامن و خاڵی منداڵەکانیشمن، بۆیە سکاڵای لەسەر تۆمار نەکردن".

دوای ئەوەی دانا ئازاد دەکرێ، پیاوانی بنەماڵەکە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئامۆزاکان دەدەن. سامان گوتی: "باوکم و مامم لە ماڵی خزمێکمان کێشەکەیان چارەسەر کرد، ڕێککەوتنێکیشیان کرد کە هەر کەسێک دەستپێشخەر بێ بۆ زیندووکردنەوەی ئەو کێشەیە دەبێ 50 ملیۆن دینار بدات".

ڕێککەوتنەکەی نێوان ماڵی ئاسۆ و ئامۆزاکانی لە ماڵی حەمید عەزیز کرا کە ئەویش یەکێکە لەوانەی وەک شایەتحاڵ ئیمزای لەسەر ڕێککەوتنەکە کردووە. حەمید بە (ڕووداو)ی گوت: "هەردوولا لەسەر پەنجا ملیۆن دینار ڕێککەوتن، ئەگەر هەر کەسێک لەوان سەرپێچی ئەو ڕێککەوتنە بکات یان کێشە دروستبکات، دەبێت ئەو بڕە پارەیە بدەن، بەڵام ماڵی دانا پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبوون و ئاسۆیان کوشت."

دوای ئەو ڕێککەوتنە، پەیوەندی نێوان هەردوولا ئاسایی بووەوە. هاوژینی ئاسۆ کە لەگەڵ خوشکێکی ژنبەژنیان پێکراوە، هاتوچۆی ماڵی باوکی دەکرد، خوشکەکەشی بە هەمانشێوە سەردانی ماڵی باوکی دەکرد. بەڵام لایڤێکی فەیسبووک ریسەکەی کردەوە بە خوری.

سامان دەڵێت: "ڕۆژێک دانای ئامۆزام لایڤی دەکرد لە فەیسبووک، لێیان پرسیبوو: بۆچی لەگەڵ ئامۆزاکەت بەشەڕ هاتن. ئەویش گوتبووی من لە ئامۆزاکانم دا، ناچارم کردن ڕێککەوتنمان لەگەڵ بکەن. ئاسۆ ئەو قسەیەی زۆر پێ ناخۆش بوو، بەڵام لەبەر باوکم هیچی نەگوت".

سامان باسی زیندووبوونەوەی کێشەکەی کرد و گوتی: "سێ ڕۆژ پێش ڕووداوەکە ئامۆزا گەورەکەم پەیوەندی بە باوکمەوە دەکات و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات. باوکیشم بە ئاسۆ دەڵێت. ئەویش تەلەفۆنیان بۆ دەکات و پێیاندەڵێت لەگەڵ بێستوونی برام دێین بۆ ماڵتان بزانم چیتان دەوێ، بەڵام ئەوان وا دیارە بۆسەیان بۆ دانابوونەوە، بۆیە هەر کە گەیشتبوونە کۆڵانەکەیان تەقەیان لێکردبوون".

بە گوتەی سامان، ئەوانەی تەقەیان کردووە شەش کەس بوون، دوو ئامۆزا و دوو کوڕە ئامۆزا و هەروەها دوو خوشکەزای ئامۆزاکانیان. سامان دەڵێت بە هیچ شێوەیەک لە خوێنی براکەیان خۆشنابن.



# لە فینلەند گەڕایەوە و لە هوتێلێکدا لە ڕانیە خۆی هەڵواسی

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

کارمەندانی هوتێلەکە پێیان سەیر بووە کە فەرەیدوون ئەو بەیانییە وەکو ڕۆژانی دیکە نەهاتووەتە خوارەوە سڵاویان لێ بکات، ئەو ڕۆژە تا لای نیوەڕۆ هیچ هەواڵێکی نەبوو، بۆیە ناچار بوون پۆلیس و ئاسایش ئاگادار بکەنەوە. کاتێکیش پۆلیس دەرگای ژوورەکەیان شکاند، بینییان فەرەیدوون خۆی هەڵواسیوە.

فەرەیدوون ئەفسایی، تەمەن 43 ساڵ کە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ڕۆژی 2019/4/26 لە ژوورەکەی خۆیدا لە هوتێل بیتوێن لە سەنتەری قەزای ڕانیە، خۆی خنکاند. دوای ڕووداوەکە دەرکەوت فەرەیدوون وڵاتینامەی فینلەندی لە باخەڵدا بووە.

شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت :" ئەو پیاوە بە شیشی هەڵواسینی پانکەوە هەڵواسرابوو، تەرمەکەمان نارد بۆ پزیشکی دادوەری، دوای پشکنین دەرکەوت خۆی خنکاندووە". بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس ئەفسایی نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

شۆڕش ئیسماعیل لەبارەی ناسنامەی ئەو کەسە گوتی: "ئەو پیاوە خەڵکی دیواندەرەی سەر بە پارێزگای سنەیە لە ئێران، بەڵام وڵاتینامەی فینلەندی هەبووە و لە مانگی 10ی 2018 هاتووەتە هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی 2019/4/1 وە لە هوتێل بیتوێن ماوەتەوە". شۆڕش گوتیشی: "دەگوترێ ئەو پیاوە پێشتریش کە لە سلێمانی بووە، جارێک هەوڵی داوە بە خواردنی دەرمان خۆی بکوژێ، بەڵام فریای کەوتوون".

عومەر زێڕینگەر کە خاوەنی هۆتێل بیتوێنە، لەبارەی ئەو ماوەیەی فەرەیدوون لەلای ئەوان بووە دەڵێت: "فەرەیدوون کەسێکی زۆر بێدەنگ بوو، ڕۆژانە بەپێ دەڕۆیشت بۆ بازاڕ و دواتر دەهاتەوە ژوورەکەی خۆی، ئەگەر سەلامیشت لێکردبا، دەنگی لێوە نەدەهات، تەنیا بە سەرلەقاندن وەڵامی دەدایەوە".

عومەر دەڵێت ئەو زوو هەستی بەوە کردووە کە ئەو پیاوە نەخۆشیی دەروونی هەیە، بۆیە داوای لە کارمەندانی کردووە ئاگایان لێی بێ، عومەر گێڕایەوە کە فەرەیدوون جارێکی دیکەش هەتا لای ئێوارە لە ژوورەکەی نەهاتووەتە دەرەوە، کارمەندەکان چەند جارێک لە دەرگایان دابوو، وەڵامی نەدابوونەوە، بۆیە بە ناچاری پۆلیس و ئاسایشیان ئاگادار کردووەتەوە. پۆلیس هاتبوون دەرگاکەیان شکاندبوو و فەرەیدوونیان لەگەڵ خۆیان بردبوو.

سەبارەت بەو ڕۆژەی فەرەیدوون خۆی خنکاند، عومەر دەڵێت: "ئەو ڕۆژە تاوەکو نیوەڕۆ هیچ هەواڵی نەبوو، کارمەندەکان چەند جارێک لە دەرگایان دابوو، نەیکردبووەوە، بۆیە دیسان پۆلیسمان ئاگادارکردەوە. دوای ئەوەی دەرگایان شکاند، بەداخەوە خۆی هەڵواسیبوو".

گوتیشی: "ئەوکاتەی دەرگایان شکاند هەر سەعاتێک دەبوو خۆی خنکاندبوو".

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، هاوڕێیانی فەرەیدوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوخەمیی خۆیان نیشان دا و هەندێکیشیان باسی بەسەرهاتی خۆیان لەگەڵ فەرەیدوون گێڕابووەوە، یەکێک لەوانە بەها عومەر بوو کە هاوڕێی فەرەیدوون بووە و لە فینلەند بە یەکەوە بوون.

بەها دەڵێت: "فەرەیدوون بەرلەوەی سەفەری باشووری کوردستان بکات، دوو هەفتە لەلای من بوو، باسی زۆر شتمان کرد، وا ڕێککەوتبووین کە ئەم بەهارە پارچە زەوییەک لە شارەوانی وەربگرین و بەیەکەوە بیکەین بە کشتوکاڵ".

بەها دەڵێت ئامانج لە وەرگرتنی زەوییەکە تەنیا سەرقاڵکردنی فەرەیدوون بوو "چونکە هەستم دەکرد لەڕووی دەروونییەوە ئارام نییە، گوتم بەڵکو سەرقاڵی بکەم باشتر بێت".

بەگوتەی بەها، فەرەیدوون کەسێکی زۆر داخراو بووە، بە زەحمەت قسەی دەکرد، هەوڵی زۆری لەگەڵ داوە تاوەکو بەشێک لە ژیانی خۆی بۆ باس بکات.

بەها دەڵێت: "برایەکی فەرەیدوون کە کۆمەڵە بووە، لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا گیانی لەدەستداوە، دایکی فەرەیدوونیش کە ژنێکی چالاکی کۆمەڵە بووە، لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە دەستگیرکراوە. کاتێک دایکیان لە زیندان بووە، بارودۆخیان زۆر خراپ بووە، لە کاتی ژەمەکان چوونەتە زیندان بۆ لای دایکیان تا نانی لەگەڵ بخۆن. زۆرجاریش نانەکە هێندە خراپ بووە، دایکی ناردوویەتی بۆ لای ئاشنا و ناسیاوەکانی تاوەکو پارەیان لێ قەرز بکات و نانی پێ بکڕێ و لە زیندان بەیەکەوە بیخۆن".

دوای ئازادبوونی دایکی، فەرەیدوون ڕووی لە ئەورووپا کردووە. بەها دەڵێت ئەو هەستی بەوە کردبوو کە فەرەیدوون لە ڕووی دەروونییەوە جێگیر نییە، چەند جارێک داوای لێکردووە خۆی بە کارێکەوە سەرقاڵ بکات، بەڵام هەر دەیگوت کاک بەها من میوانم، ئەوڕۆ یان سبەی دەبێت لەم ژیانە بڕۆم".

سەعد زاهیر قەیسی، جێگری پارێزگاری سەلاحەددین بۆ (ڕووداو):

# ئاوارەکانی بێجی و دۆرە بۆ هەمیشە ڕێی گەڕانەوەیان لێ داخراوە



سەعد زاهیر قەیسی، جێگری پارێزگاری سەلاحەددین، ماوەی شەش مانگە لەو پۆستەی ئێستایدا کاردەکات، پێشتریش لە سوپا و گاردی کۆماریی عێراقدا کاری کردووە. ئەو لە ڕێگەی پڕۆژەی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو سیاسەتەوە کە بەشێکە لە هاوپەیمانێتی میحوەری نیشتمانی (سوننە). سەعد زاهیر قەیسی، تەمەن 51 ساڵ، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەوە دەکات کە حکومەتی عێراق پارێزگا ڕزگارکراوەکانی پشتگوێ خستووە. پێیشوایە شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆکوەزیرانی عێراق لەگەڵ ئەو ناوچانەدا خراپە. جێگری پارێزگاری سەلاحەدین ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە بەشێکی زۆر کەمی بەشی خۆیان لە بودجە وەرگرتووە، هیچ پڕۆژەیەکی گەورەی ژێرخان لە پارێزگاکەیاندا نەکراوە. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەم سیاسەتەی حکومەت بێمتمانەیی لای خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا هەیە.

فازڵ هەورامی و محەممەد ڕواندزی
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: باروودۆخی پارێزگای سەلاحەددین بە گشتی چۆنە؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** ڕاستییەکەی دۆخەکە لەڕووی ئەمنییەوە بەرەو باشتر دەچێ. ئەو شتانەی پێشتر ڕوویاندەدا ئێستا نەماون،

> خاڵی لاوازی عادل عەبدولمەهدی ئەوەیە پشت بە ڕاپۆرت دەبەستێ

لە نێویشیاندا تەقینەوە و ڕفاندن. ئێستا پارێزگای سەلاحەدین کەمترین ڕووداوی تێدایە، بەڵام لە بوارەکانی ژێرخان و خزمەتگوزاری پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، چونکە ئەو پشتیوانییە داراییەی لە حکومەتی فیدراڵەوە دێت زۆر کەمە. لە بودجەی گشتیدا بڕی 459 ملیار دیناری عێراقی (واتە 385 ملیۆن دۆلار) بۆ ئێمە دانراوە. هەتا ئێستا تەنیا ٪15یمان وەرگرتووە کە بڕێکی زۆر کەمە.

ئەم بڕە پارەیە لە ئاست وێرانیی پارێزگاکەمان نییە. خۆت دەزانی تیرۆریستانی داعش ماوەی دوو ساڵ پارێزگاکەی ئێمەیان داگیرکردبوو. هەموو ژێرخان، گواستنەوە، ڕێگاوبان و باڵەخانە حکومییەکان وێران بوون. هیچ شتێکی ئەوتۆ لە ژێرخان نەمابوو. ئێمە باڵەخانەمان هەیە بە تەواوەتی وێران بووە. پێویستمان بە پارەی زۆرە بۆ ئەوەی بتوانین ژێرخان بنیات بنێینەوە و خزمەتگوزاری بۆ خەڵک دابین بکەین. بێ سەرچاوەی دارایی مومکین نییە بتوانین ئەو خزمەتگوزارییانە بخەینەوە سەر پێ. ئاسایش لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەرەودواوە چوون، چونکە سەرچاوەی دارایی بەردەست نییە.

**ڕووداو: خەڵکی سەلاحەددین چۆن لەگەڵ نەبوونی خزمەتگوزاریدا هەڵدەکەن؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** بارودۆخەکە زۆر نالەبارە، چونکە ڕێژەی هەژاری لە پارێزگاکەدا زۆر بووە. نەخوێندەواریش بەرزبووەتەوە. خێزانە ئاوارەکان هەموو پاشەکەوت و پارەی خۆیان لە کاتی ئاوارەییدا خەرج کردووە کە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو، بۆیە کاتێک هاتنەوە، بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە و بەسەر خانووی وێراندا کەوتن. ئێستاش دەبێ خانوو بە کرێ بگرن، چونکە چیدی هیچ شوێنێکیان نەماوە.

ئەوان دەبێ کرێی خانوو بدەن، ئەمەش خەرجییەکانیان لەسەر زیاد دەکات، بۆیەش ئاستی ژیانیان وەک ئەوە نییە کە دەبووایە هەبێ. چینێک هەیە کە بارودۆخی باشە، مەبەستم فەرمانبەرانی حکومەتە کە مووچە وەردەگرن. بەڵام تەنانەت مووچەکەش بەش ناکات، چونکە کرێی خانوو و خەرجییەکانی دیکەیان کەوتووەتە سەرشان. جیا لەمە پێویستیی ئەوەش هەیە کە وەک قەرەبوو هاریکاری دارایی پێشکەش بە خەڵکی پارێزگاکە بکرێ، ئەمەش زۆر خاو بەرەو پێش دەچێ. هەتا ئێستا هیچ قەرەبوویەکی خەڵک نەکراوە.

بەڕێوەبەرایەتی قەرەبوو لە بەغدا هەیە. بەڵام لەوێ تووشی ڕۆتینی ئیداری دەبی و بە شەش مانگیش لە کۆڵ نابیتەوە. ئەمە خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە. کەسێک دوای چوار ساڵ ئاوارەیی دێتەوە و دەچێتە سەرماڵێکی خاپوور، لە کاتێکدا نە حکومەت پارەی دەداتێ خانووەکەی دروستبکاتەوە و نە خۆیشی ئەو پارەیە شک دەبات کە خانووەکەی پێ بنیات بنێتەوە. هەر بۆیە قینی لە خۆی و حکومەتیش دەبێتەوە، بەو شێوەیەش، وای لێدێ هاوکاری دەسەڵات نەکات بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری بۆ دابین بکەین.

> بەرپرسان لە ترسی کورسیی خۆیان زانیاری ناڕاست دەدەنە عادل عەبدولمەهدی

خزمەتگوزارییەکان بۆ شارەوانی لە ئاستێکی زۆر نزمدان. ژێرخان کەمە. هەموو پڕۆژەکانی ئاو وێران بوون. پڕۆژەکانی کارەبا تێکدراون، تەنیا لە بێجی پێویستمان بە 1260 محاویلەی کارەبا هەیە، لە کاتێکدا تەنیا 250 محاویلەمان هەیە. ئەوەش بەو مانایەیە کە پێویستمان بە 1000 محاویلەیە. پێویستمان بە دەیان هەزار کێبڵی کارەبایە، چونکە هیچ کێبڵ و عامودی کارەبامان نییە. ڕۆژانە تەنیا سێ بۆ چوار سەعات کارەبا هەیە. سروشتییە کە خەڵک ئەمە قەبووڵ نەکەن و هاوکاری حکومەت نەبن بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییان پێشکەش بکات.

**ڕووداو: پێتوایە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بتوانێ هەموو ئەو وێرانکارییە چاکبکاتەوە کە بەهۆی شەڕی دژی داعش کەوتوونەتەوە؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** وڵاتێکی وەک عێراق کە ڕۆژانە زیاتر لە 3.5 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، توانا و سەرچاوەی پێویستی لەبەردەستە (بۆ ئاوەدانکردنەوە)، بەڵام حکومەت زۆر سەرنجی پارێزگا ڕزگارکراوەکان نادات. ئەوان بە یەک چاو سەیری ئێمە و کەربەلا، نەجەف و عەمارە ناکەن. ئێمە لە پارێزگا وێرانەکانین، واتە ئەوانەی داعش هاتە ناویان و بۆ ماوەی چوار ساڵ بە کردەوە خاپووری کردن. نابێ ئێمە: ڕومادی، دیالە و نەینەوا وەکو پارێزگاکانی باشوور مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ. بیهێنە بەرچاوی خۆت بودجەی ئێمە هێندەی بودجەی حللەیە کە 120 کیلۆمەتر لە بەغداوە دوورە و هیچی بەسەر نەهاتووە. چۆن شتی وادەبێ؟ پارێزگاکەی من کەوتووەتە بەر شاڵاوی وێرانکارییەکی تەواو. ژێرخانەکەم تێکوپێک دراوە، چۆن دەکرێ وەک پارێزگایەکی باشوور مامەڵەم لەگەڵ بکەیت؟ شێوازی مامەڵەی حکومەت (لەگەڵ پارێزگای سەلاحەدین) خراپە، جدی نییە و بەڕاستی ئاوەدانی ناگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ناوچانە.

**ڕووداو: هەست دەکەم عادل عەبدولمەهدی ترسێکی هەبێ، بەتایبەتیش لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە. ئەگەر ئەو پارێزگایە ئاوەدان نەکرێتەوە، چی هەیە وەک حکومەت لەو پارێزگایە لێی بترسێ؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** چی هەیە لێی بترسێ؟ ئەگەر وەک هەر پارێزگایەکی دیکە مامەڵەم لەگەڵ بکەیت، وەک ئەوەی هیچ ڕوونەدابێ، هیچ داگیرکارییەک نەکرابێ، داعش نەهاتبێتە

> زانیاریدەرەکان لە نێوان خۆیاندا تۆڕیان دروستکردووە

ناوی. وای دابنێ دوو منداڵم هەیە، یەکێکیان نەخۆشە و ئەوەی دیکەیان تەندروستە. دەبێ چارەسەری تایبەت و ورە بە منداڵە نەخۆشەکەیان بدەم و چارەسەری بکەم بۆ ئەوەی ئەویشیان وەک منداڵە تەندروستەکەی لێ بێتەوە. حکومەت ئاوها مامەڵە ناکات. حکومەت دەبێ وەک ناوچەی ڕزگارکراو ئاگای لێمان بێ، فۆکەسی لەسەرمان بێ، پارەمان بۆ زیاد بکات، بەشدار بێ لەگەڵمان، یارمەتیمان بدات. ناکرێ ڕزگارکردن تەنیا بە ناو هەبێ و بەس.

هەر ناوچەیەک پێویستی بە 10 پڕۆژەی ئاو و 1000 محاویلەی کارەبا، ڕێگاوبان، زێراب، خزمەتگوزاریی شارەوانی، کەلوپەل و باڵەخانەی حکومییە. لە کوێ ئەوانە دەستبخەم ئەگەر لە حکومەتەوە نەیەت، کە خۆی دەبێ پارە بنێرێ یانیش سەرپەرشتی پڕۆژەکان بکات؟ چوار لایەن هەن کە پڕۆژەکان دادەنێن: حکومەتی فیدراڵ بە بودجەی گشتی، وەزارەتی پلاندانان بە پلانەکانی، وەزارەتی کارەبا بە پڕۆژەکانی و وەزارەتی شارەوانی و نیشتەجێکردن. هەموو ئەم وەزارەتانە دەبێ ڕاستەوخۆ بەشدار بن. بیهێنە بەرچاو خۆت کە ئەوان هەتا ئێستا یەک پردیشیان دروستنەکردووە. تاکە پرد هەر پردی تکریتە کە زیانی بەرکەوتووە. ئەوە تاکە پردە کە کار دەکات، بەڵام ئەویش باش نییە و بەکارهێنانی مەترسی تێدایە.

**ڕووداو: بەو ئاستەی هەژاری، نەبوونی خزمەتگوزاری و بێکارییەی کە هەیە، لە چی دەترسیت؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** دوو ناوچەمان هەیە کە بە تەواوەتی خاپوور بوون: ناوچەی بێجی و دۆرە. خەڵکی ئەم دوو ناوچەیە هەتا ئێستاش لە هەولێر و پارێزگاکانی دیکەی عێراق نیشتەجێن. ئەوانە بۆچی هەتا ئێستا نەگەڕاونەتەوە؟ ئەوانە ناویان لە کۆمپیوتەری حەشدی شەعبی، حەشدی هۆزەکان و هێزە ئەمنییەکاندا هەیە، ئەوەش ڕێگری لە گەڕانەوەیان دەکات. ئەوان بۆ هەمیشە ڕێگەی گەڕانەوەیان لێداخراوە. بۆچی؟ هیچ کەس هۆکارەکەی نازانێ، هەر ئەوەندەیە ئەوانە خزم و کەسی سەدام حوسێنن. ئەمە ڕەوا نییە.

ئێمە دەمانەوێ ژیان بگەڕێنینەوە. وەرن با ژیان بگەڕێنینەوە، لێگەڕێن خزم و کەسەکانی

> هەر کەسێک تاوانێکی کردبێ دەبێ چوار کەس ڕاپۆرتی لەسەر بدەن

سەدام حوسێن بگەڕێنەوە. دەسەڵاتی سەدام حوسێن هی ڕابردوو بوو و تەواو بوو. پێمواپە ئێمە دەبێ سەر لە نوێ دەستپێبکەینەوە، بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیان بە یەکسانی کاربکەن.

ئێمە 1800 خانووی وێرانمان لە بێجی بەسەر دەستەوەیە. ئەمەش واتە 1800 خێزان. چۆن بگەڕێنەوە کاتێک خانووەکانیان تەخت بووە؟ هەمان شت لە دۆرەش هەیە. حکومەت هیچ نیازێکی جیدی نییە بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە بگەڕێنەوە. دوای تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەر ڕزگارکردنی سەلاحەددین، هێشتا خێوەتی ئاوارەمان لە پارێزگای سەلاحەددین هەیە، ئەو کات 2016 بوو و ئێستا 2019یە. ئێستا چووینە سێیەم ساڵی (ڕزگاکردنی پارێزگاکە) و کەچی هێشتاش کەمپی ئاوارەکان بۆ دانیشتووانی سینایە (لە باشووری ڕۆژئاوای بێجی) هەیە. تەنانەت ئەوانەش کە دوو یان سێ مانگە گەڕاونەتەوە سینایە، هیچ خزمەتگوزارییەکیان بۆ نەچووە، واتە نە لە پارێزگارییەوە کە لە توانای دا نییە (خزمەتگوزاری دابین بکات) و نە لە حکومەتیشەوە. چۆن بتوانین بڵێین ئاستی خزمەتگوزارییەکان باشە و خەڵک ئاسوودەن؟ نەخێر، سوێند بە خوا خەڵک ئاسوودە نین. ئەمە ڕاستییەکەیە. تەنانەت بە سەربازیکردنی شارەکانیش بەردەوامە، ستافی سەربازیی لایەنە جیاوازەکان هەتا ئەم لەحزەیەش لە شارەکە هەن، واتە سوپا، حەشد و پۆلیس.

**ڕووداو: ئەوان لە شارەکانن؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** لە ناو شارەکانن.

**ڕووداو: بەو پێیەی هەژاری و بێکاری هەیە، خزمەتگوزاری نییە و حکومەت کارەکانی خۆی ناکات، ئایا ترسی ئەوەتان هەیە تیرۆر لە فۆرمێکی نوێدا سەرهەڵبداتەوە؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** بەڵێ، بەڵێ، ترسمان هەیە. ئەگەر خزمەتگوزاری، سەرپەنا و خانوو بۆ هاووڵاتییەک دابین نەکەیت و حکومەت خەمی لێنەخوات، ئەو کەسە دەبێ بە ئامانجێکی زۆر سادە بۆ تیرۆریستەکان. لەوانەیە داعش بگەڕێتەوە و ئەو کەسە یارمەتییان بدات. ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە چاوەڕێی دەکەین (ڕووبدات). شانە نوستووی نوێمان لەناو شارەکاندا دۆزیونەتەوە و دەستگیریش کراون. ئەو شانانە چۆن دروست دەبن، ئەگەر هاووڵاتیان یارمەتییان نەدابن؟

لە ناو خەڵکدا کاردانەوەیەک دروستبووە، هەیە دەڵێ یارمەتی حکومەت نادات، بۆچی؟ زانیاریدەرەکانی حکومەت هێشتاش چالاکن، من ڕقم لە تۆیە، دەچم ڕاپۆرتێکت لەسەر دەنووسم، لە ڕاپۆرتەکەمدا دەنووسم تۆ ئەوە و ئەوەیت. ئینجا تۆ دەستبەسەر دەکرێی، بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵێک لە بەندیخانە دەمێنێتەوە و هەتا

> هەندێک چەکداری داعش لێمان بوون بە زانیاریدەری حکومەت

پارەیەک نەدەیت بەرت نادەن. ئەمە ڕەوا نییە، بە تایبەتیش کاتێک تۆ هاووڵاتییەکی باش و پابەندی یاسایت کە خزمەتی پارێزگاکە دەکەیت.

تیرۆر خۆی و داعش خۆی لە هەندێک لە دەسەڵاتەکان و شوێنەکان کاریگەریی و نفووزیان هەیە. ئەوە ڕاست نییە. تیرۆریستی دەستنیشانکراوی داعش لە پارێزگاکەدا هەن. هەموو کەس دەڵێ من داعش بووم، بەڵام لێیان خۆش بوون چونکە ببوون بە زانیاریدەری حکومەت. ئەمە (شێوەی مامەڵەی حکومەت) وادەکات هاوکاری دروستنەبێت.

**ڕووداو: ئایا دەترسی لەوەی جموجۆڵەکانی داعش زیاتر بن، چونکە حکومەت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ ناکات؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** تیرۆریزم چییە؟ ئەگەر ئاسایش، خزمەتگوزاری و ئەمان هەبێ، ئەوە تیرۆریزم نایەتە ئاراوە. بەڵام ئەگەر ئاسایش، خزمەتگوزاری و پاراستن نەبێ، تیرۆر هەیە. ئەوە بۆچوونی منە. ئەمە سێگۆشەیە.

**ڕووداو: بە بۆچوونی تۆ عادل عەبدولمەهدی ئاگای لە باروودۆخی سەلاحەددینە؟ ئەو پرسیارە دەکەم، چونکە هەست دەکرێ ئەو جیاواز بێ لە سەرۆکوەزیرەکانی پێشوو.**

**سەعد زاهیر قەیسی:** هەتا ئێستاش عادل عەبدولمەهدی خاڵێکی لاوازیان هەڵەیەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە پشت بە ڕاپۆرتەکان دەبەستێ، واتە پشت بە وەزیرەکان و پارێزگارەکان و ئەو شتانە دەبەستێ کە ئەوان دەیخەنە بەردەستی. هەموو بەرپرسێکیش وێنە پۆزەتیڤەکەی پیشاندەدات، نەک وێنە نێگەتیڤەکە. تەنانەت ئەگەر وێنەیەکی نێگەتیڤیشی پیشانبدەن، لە فۆرمێکی مامناوەندیدا پیشانی دەدەن، نەکا

> هەتا پارە نەدەیت لە زیندان نایەیتە دەرەوە

کاریگەری لەسەر پۆستەکەی خۆی دابنێ. هیوادارین سەرۆکوەزیران خۆی سەردانی ئەم ناوچە ڕزگارکراوانە بکات و بە چاوەکانی خۆی بیانبینێ، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی سەرۆکوەزیران کەسێکی خاوەن بڕوانامە، تێگەیشتوو و بە ویژدانە. ئەگەر بە چاوەکانی خۆی ئەو ناوچانە ببینێ، جیاوازە لەوەی لە ڕاپۆرتەکانەوە بیانزانێ.

**ڕووداو: زانیاریدەرەکانی حکومەت کێشەیەکی گەورەن؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** ئەوان درۆزنن. هۆکاری تێکچوونی حکومەتی عێراق ئەوەیە کە دەزگاکانی ئاسایشیش هەمان ئەو شتە دەکەن کە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی دەیکات. ئەوانیش پشت بە ڕاپۆرت دەبەستن. ئەوان ناچنە ناوچەکان و خۆیان دۆخەکە ببینن. من وەک کارمەندی ئاسایش و کارمەندی هەواڵگری دەبێ ئەو ناوچەیە بناسم کە لێی دانراون، دەبێ خەڵکی ئەوێ بناسم، دانانی بەرپرسێکی ئاسایش یان هەواڵگریی خەڵکی پارێزگایەکی دیکە بۆ ئەم پارێزگایە هەڵەیە، چونکە ئەو کەسە ناوچەکە ناناسێ. زانیاریدەرەکان بۆ پارە کاردەکەن.

**ڕووداو: هەست دەکەم زانیاریدەرەکان ئاگاداری دۆخی پارێزگاکە نین.**

**سەعد زاهیر قەیسی:** ئێستا میتۆدێکی نوێیان داهێناوە. لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتی یەک کەس قەبووڵ ناکری، بۆیە چوار کەس لەبارەی یەک کەسەوە ڕاپۆرت دەدەن. بۆ ئەوەی من لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکرێ، هەر ئەوەندە بەسە چوار کەس ڕاپۆرتم لەسەر بنووسن. ئەوان بازنەیەکیان دروستکردووە و کەسێک دەکەنە ئامانج. چوار کەس کە هەموویان هاوڕێن ڕاپۆرت لەسەر یەک کەس دەنووسن. ئێمە کێشەمان لەگەڵ زانیاریدەرە نهێنییەکان هەیە.

**ڕووداو: بۆچی یاسا ناجووڵێنن؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** دوو شت هەیە لە یاسادا: واتە سکاڵای یاسایی و بەڵگەی یاسایی. ئەگەر کێشەیەک لە من یان تۆدا هەبێ، ئەوە ڕێوشوێنە یاساییەکان دەگیرێنەبەر. بەڵام هیچ پێویست بەمە (واتە زانیاریدەرە نهێنییەکان) ناکات. زانیاریدەرە نهێنییەکان لە کاتی شەڕدا بۆ زانیاریدان بەکاردەهێنرێن، بەڵام لە ناو شارەکاندا هیچ پێویست ناکات زانیاریدەرەکان هەبن. ئەمە شتێکە وێنەی نییە. ئەم کارە بێ بەڵگە ناکرێ، واتە ئەگەر هەر پشت بە زانیارییەکان ببەسترێ هەڵەیە. ئەوە وەک ئەو پەندە عەرەبییەیە کە دەڵێ "کاتێک قینت لە کەسێک بوو، قسەی لەسەر بکە". واتە کاتێک خۆشم ویستی، وەسفت دەکەم و کاتێک قینم لێت بوو قسەت لەسەر دەکەم.

**ڕووداو: ئەی چارەسەر بۆ ئەو خێزانانە چییە کە ئەندامێکیان لە ناو داعشدا بووە؟ ژمارەیەکی زۆری ئەو خێزانانە ئێستا لە سووریان.**

**سەعد زاهیر قەیسی:** بەرنامەیەکمان بۆ ئەو کێشەیە هەیە. خێزانە عێراقییەکان خێزانی گەورەن و حەوت بۆ هەشت ئەندامیان

> بەهۆی بێ خزمەتگوزارییەوە ترسمان لە سەرهەڵدانەوەی داعش هەیە

هەیە. ئەوە شتێکی لۆژیکی نییە کە یەکێک لە خێزانەکەدا تاوانی کردبێ و چووبێتە ناو داعشەوە، کەچی ئێمە بڕیاری لەسێدارەدان بۆ حەوت کەسەکەی دیکەی خێزانەکە دەربکەین و هەموویان بە داعش بزانین. ئەمە هەڵەیە. ئەو کات من پێشنیاری ئەوەم کرد دەروونناس، کۆرسی خۆهەڵساندنەوە و کۆرسی ئیسلامی بۆ ئەو خەڵکە بکەینەوە، تاوەکو بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا. با ڕێگە بدەین ئەو خەڵکە لەگەڵ کۆمەڵگادا پەیوەندی دروستبکەنەوە، دوای دوو مانگ کۆرس ئەو بیرۆکە زیانبەخشانە جێدەهێڵن.

**ڕووداو: چۆن دڵنیابین لەوەی دوای دوو مانگ جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە ناو داعش؟ ئایا دەبێ دوای دوو مانگ کۆرسەکە چاودێری بکرێن؟**

**سەعد زاهیر قەیسی:** سیاسەتی حکومەت شکستی هێناوە، چونکە لەناو کەمپەکاندا وازیان لێهێناون، ڕێگەیان نادەن کەمپەکان جێبهێڵن، خۆراکێکیان دەدەنێ کە خۆی بە 10 دۆلارە، کەچی بە 100 دۆلار دەفرۆشرێ. هەموو کەس قازانج لەوە (واتە لەو دۆخە) دەبینێ.

حکومەت خەرج لەو کەمپانە دەکات، هەندێک حیزب و فەرمانبەر ئەوە دەقۆزنەوە. ئەوان نایانەوێ کەمپەکان نەمێنن. ئەگەر کەسێک 10 دۆلاری تێدا خەرج کرابێ، دەڵێ 100 دۆلاری بۆ خەرجکراوە، واتە 90 دۆلار جیاوازی هەیە (لە پارە خەرجکراوەکەدا). خەڵکێک هەیە قازانجی لەوە دەستدەکەوێ. ئەوان دەیانەوێ ئەو کەمپانە بمێننەوە، بۆچی؟ چونکە قازانجی داراییان لێی دەستدەکەوێ.

# قەڵەوەکان بائاوی سارد بخۆنەوە

## هیچ توێژینەوەیەک نەیسەلماندووە خواردنەوەی ئاو لە چ پلەیەکی گەرمیدا سوود یان زیانی هەیە



**رووداو- مێدیکال نیوز تودەی**

بەردەوام خواردنەوەی ئاو سوودی ئێجگار زۆری بۆ جەستە هەیە و لە وشکبوونەوە دەیپارێزێ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پلەی گەرمیی ئاوەکە چەند بێت؟ بەشێکی خەڵکی پێیانوایە خواردنەوەی ئاوی سارد سوودی هەیە و بەشێکی دیکەش دەڵێن خواردنەوەی ئاوی گەرم. ماڵپەڕی مێدیکاڵ نیوز تودەی ئەنجامی هەموو ئەو توێژینەوانە دەخاتەڕوو کە لەسەر کاریگەریی پلەی گەرمیی ئاو بۆ خواردنەوە و لایەنە تەندروستییەکانی لەسەر جەستە لەلایەن توێژەرانەوە کراون.

توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە خواردنەوەی ئاوی سارد ناهاوسەنگییەک لەنێو جەستەدا دروستدەکات و زیندەچالاکییەکانی جەستە هێواش دەکاتەوە، ئەمەش چونکە پلەی گەرمیی جەستە 37 پلەی سیلیزییە و جێگیرە، بۆیە بە خواردنەوەی ئاوی سارد، جەستە وزەیەکی زیاتر خەرج دەکات بۆ ئەوەی هاوسەنگیی پلەی گەرمییەکەی رابگرێت،

بەڵام پزیشکەکان دەشڵێن خواردنەوەی ئاوی سارد لە هەندێک حاڵەتدا سوودی بۆ جەستە هەیە، لەوانەش لەکاتی وەرزش، چونکە لەکاتی وەرزش جەستە گەرم دادێت، هەروەها بۆ ئەوانەی دەیانەوێت کێشی لەشیان دابەزێنن، خواردنەوەی ئاوی سارد دەبێتە هۆی سووتاندنی کالۆری.

سەبارەت بە خواردنەوەی ئاو لە پلەیەکی گەرمیی بەرزدا، پزیشکان دەڵێن ئاوی گەرم زیندەکردارەکانی جەستە خێرا دەکات و پرۆسەی هەرس چالاک دەکات، هەروەها یارمەتی جەستە دەدات لە پاکبوونەوەی مادده ژەهراوییەکان، بەڵام ئەو کەسانەی ئاوی گەرم دەخۆنەوە کەمتر هەست بە تینوێتی دەکەن، بۆیە دەبێت ئاگادارین و بەردەوام ئاو خواردنەوە لەبیر نەکەن. پزیشکان دەڵێن تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک نەیسەلماندووە کە خواردنەوەی ئاو لە چ پلەیەکی گەرمیدا سوود یان زیانی هەیە، بۆیە بەهەر جۆرێک بێت دەبێت پلەی گەرمیی ئەو ئاوەی دەیخۆیتەوە گونجاو و مامناوەند بێت.

# شەش رێنمایی بۆ رۆژووگران



**رووداو- هەولێر**

ئەوانەی لە مانگی رەمەزاندا بە رۆژوو دەبن، هیلاک و شەکەت دەبن، بەڵام ئەگەر رێنماییە پزیشکییەکان وەلا بنێن، رەنگە شەکەتتریش ببن و دوور نییە رۆژووەکەیان زیانیشی بۆ جەستەیان هەبێ. ئەمانە چەند رێنماییەکن کە دەبێ کەسی بە رۆژوو پەیڕەویان بکات.

### پارشێو:

بەشێکی رۆژووگران بەبێ پارشێو بە رۆژوو دەبن، ئەمەش هەڵەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە بەدرێژایی رۆژەکە برسی بێت، بۆیە جگە لەوەی دەبێت پارشێو بکرێت، دەبێت هەوڵ بدرێت خۆراکێکی سەلامەت بخورێت و زۆریش نەخورێ، هەروەها لە جیاتی شەربەتە دەستکردەکان و چای پڕ لە شەکر، زیاتر ئاو بخورێتەوە.

### دوورکەوتنەوە لە خۆراکە خراپەکان:

لەکاتی بەربانگ و پارشێودا نابێت خۆراکی خراپ بخورێن، لەوانەش خۆراکی چەور، شیرین و سوێر، بەڵکو لەجیاتی ئەوە هەوڵ بدرێت سەوزە و میوەی زیاتر بخورێت، هەروەها بەر لە خواردنی ژەمی سەرەکی، زەڵاتە بخورێ.

### لە شیرینی دوور بە:

بەشێکی ئەوانەی بەرۆژوو دەبن، لە کاتی بەربانگ بڕێکی زۆری شیرینی و شەربەتی دەستکرد دەخۆن، دوای شکاندنی رۆژوو گرنگە شتێکی شیرین بخورێت بۆ ئەوەی وزەیەک بداتە جەستە، بەڵام دەبێت هەوڵ بدرێت شیرینیی سروشتی بێت، بۆ نموونە خورما.

### چالاکیی جەستە لەبیر مەکە

هەڵەیەکی باوی رۆژووانان ئەوەیە دوای بەربانگ لێی پاڵدەکەون، دەبێت دوای بەربانگ چالاکی جەستەیی هەبێ.

### خەوت رێکبخە

لە رەمەزاندا هەندێک کەس تا بەرەبەیان ناخەون و خەویان تێکدەچێت، گرنگە لە رەمەزاندا خەومان رێکبخەین و هەوڵ بدەین 8 کاژێر بخەوین.

### راوێژ بە پزیشک بکە

ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە یان خانمانی دووگیان دەبێت بەر لەوەی بەرۆژوو بن، راوێژ بە پزیشک بکەن کە ئایا بە رۆژوو ببن یان نا.

# هەموو شتێک لەبارەی شکانی ئێسکی لووت



**رووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی**

شکانی ئێسکی لووت یەکێک لە بەربڵاوترین شکانەکانی ئێسکی روخسارە کە زۆربەی جار بەهۆی زەبرێک روودەدات. هەر زەبرێک بەر لووت بکەوێت لەوانەیە ببێتە هۆی شکانی ئێسکەکە یان زیانگەیاندن بە کرکراگەی لووت، بۆیە دەبێت نیشانەکانی شکانی ئێسکی لووت بناسرێنەوە و بەزووترین کات چارەسەر بکرێ.

نیشانەکانی شکانی لووت لە منداڵان و گەنجاندا نزیکن لەیەکەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو نیشانانەی بەرچاون بریتین لە هەڵئاوسان، سووربوونەوە، خوێنتێزان و شینەهەڵگەڕانی ژێر چاو، بەڵام ئازار، خوێنبەربوونی لووت، هەستکردن بە گیرانی لووت، بەزەحمەت هەناسەدان و ناڕێکبوونی لووت ئەو نیشانانەن کە خودی کەسەکە هەستیان پێدەکات.

لە چ کاتێکدا سەردانی پزیشک پێویستە؟ هەڵئاوسانێکی زۆر کە بۆ ماوەی چەند رۆژێک بخایەنێت، ناڕێکییەکی زۆر لە لووتدا بەدی بکرێت، ئازارێکی توند، تا لێهاتن و بە ئەستەم هەناسەدان ئەو نیشانانەن کە دەبێت بە زووترین کات بچیت بۆ لای پزیشک، یان لەکاتی هەندێک نیشانەی زیانکەوتن بە سەر، لەوانە: لەهۆشخۆچوون، لێڵبوونی بینایی، هاتنەدەرەوەی شلەیەکی وەک ئاو لە لووت و سەرئێشەیەکی توند.

لە هەندێک باردا ئەگەر زیانەکە کەم بێ و گرفتی بۆ کەسەکە دروست نەکردبێت، دەکرێت لە ماڵەوەش چارەسەر بکرێت، بۆ نموونە بۆ وەستاندنی خوێنبەربوون کەسەکە سەری شۆڕبکاتەوە، نابێت بەهیچ شێوەیەک لەکاتی خوێنبەربوونی لووت کەسەکە سەر بەرز بکاتەوە، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ئاوسان هەر 15 بۆ 20 خولەک جارێک بەفر لەسەر شوێنەکە دابنرێت، بۆ کەمکردنەوەی ئازاریش دەرمانی دژە ئازار بەکاربهێنێت.

کاتێک دەچیتە لای پزیشک، بە وردی لووتت دەپشکنێت. هەروەها دەتوانێت بەبەکارهێنانی دەرمانێکی سڕکردن لووتە نارێکەکە راست بکاتەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر رووداوەکە، راستکردنەوەی لووت بەبێ نەشتەرگەری ناکرێ. ئەو کاتە پزیشک بڕیار دەدات نەشتەرگەریت بۆ بکات، بەتایبەت ئەگەر حاڵەتەکە توندبێت، زیاتر لە یەک ئێسک زیانی بەرکەوتبێت یان زەبرەکە کاری لە دیواری لووت کردبێ.

دەکرێ مەترسیی شکانی ئێسکی لووت کەم بکرێتەوە، بە: بەستنی پشتێنی سەلامەتی لەکاتی شۆفێری. دەبێت منداڵان پێڵاوی گونجاو لەپێبکەن بۆ ئەوەی ئەگەری کەوتنیان کەم ببێتەوە. بۆ ئەوانەش کە یاریی تۆپی پێ دەکەن، دەبێت هەوڵبدەن تۆپ بەر رووخساریان نەکەوێ.

# ژیان بە تەنیا دەروونمان دەخاتە مەترسییەوە

**رووداو- news18**

وەک پزیشکانی فەرەنسی لە زانکۆی سانت کوینتین دەڵێن، ئەوانەی بە تەنیا دەژین، لە مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان نزیکن.

پزیشکانی زانکۆ فەرەنسییەکە لە نوێترین توێژینەوەدا کە لە جۆرناڵی PLOS ONE بڵاوکراوەتەوە، پەیوەندییان دۆزیوەتەوە لەنێوان بەتەنیا ژیان و تووشبوون بە گرفتە دەروونییەکان.

دکتۆر لویس جاکۆب، پسپۆڕی دەروونی و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەڵێت: ژمارەی ئەوانەی بەتەنیا دەژین، زۆر زیادی کردووە، بە تایبەتی لە رۆژئاوای ئەوروپا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی جیابوونەوە و چوونە نێو تەمەنەوە، توێژینەوەکانی پێشتر تەنیا ئەوەیان دەرخستبوو کە ئەو کەسانەی بەتەنیا دەژین لە تووشبوون بە خەمۆکی نزیکن، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە ئەوانەی بە تەنیا دەژین مەترسیی تووشبوون بە چەندین جۆر گرفتی دەروونییان لەسەرە.

پسپۆڕە دەروونییەکەی زانکۆی سانت کوینتین دەڵێت ئەوانەی بە تەنیا دەژین کەمتر گرنگی بەشێوازی ژیانی دروست دەدەن و روودەکەنە خووە نادروستەکانی وەک جگەرەکێشان، خواردنەوەی کحول و بەکارهێنانی دەرمان.

پزیشکەکان لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لە داتای نزیکەی 21 هەزار کەسی تەمەن 16-74 ساڵ وەرگرتووە، دوای شرۆڤەکردنی داتاکان پزیشکەکان بۆیان دەرکەوتووە ژمارەی ئەوانەی بە تەنیا دەژین لەم ساڵانەی دواییدا زۆر زیادی کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی 2000 رێژەکە 9.8%بووە کەچی لە ساڵی 2017 گەیشتووەتە 10.7%.

پزیشکانی پسپۆڕی دەروونی دەڵێن ئەوانەی بە تەنیا دەژین ئەگەری تووشبوونیان بە خەمۆکی و دڵەڕاوکێی بەردەوام زۆرترە، روونیشی دەکەنەوە کە ژیان لەگەڵ خێزان جگە لەوەی بۆ لایەنی دەروونی گرنگە، بۆ تەندروستیش سوودی هەیە.



# ئەو خۆراکانەی رێ لە هەڵوەرینی قژ دەگرن

**رووداو- هێڵس لاین**

خەڵکی بەگشتی و خانمان بەتایبەتی بایەخێکی زۆر بە جوانیی قژیان دەدەن، بەشێوەیەکی ئاسایی تاڵەکانی قژ لە هەر مانگێکدا 1.25 سەنتیمەتر درێژ دەبن کە ئەمەش دەکاتە 15 سەنتیمەتر لە ساڵێکدا، جگە لەوەی رۆژانە هەڵوەرینی 100 تاڵە قژیش شتێکی ئاساییە، بەڵام گەشە و پڕبوونی قژ پەیوەندی هەیە بە تەمەن، تەندروستیی کەسەکە، بۆماوەیی و ئەو خۆراکانەی دەیانخوات. ئەو خۆراکانەش کە بۆ قژ بەسوودن بریتین لە:



### 1 هێلکە:

سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بە پرۆتین و بایۆتین کە بۆ گەشەی قژ پێویستن، بایۆتین یارمەتی دروستبوونی پرۆتینی کیراتین لە قژدا دەدات کە بەرپرسە لە بەهێزکردنی تاڵەکانی قژ و گەشەکردنیان.

### 2 سپێناخ:

سپێناخ دەوڵەمەندە بە ئاسن، ڤیتامین A و C کە ڤیتامین A رێگە لە وشکبوونی قژ دەگرێت، رۆژانە خواردنی 30 گرام سپێناخ 54%ی پێداویستی جەستە بۆ ئەم ڤیتامینە پڕدەکاتەوە، بەهۆی زۆریی بڕی ئاسنیش تێیدا، گەشەکردنی قژ خێرا دەکات و هەڵوەرینی کەم دەکاتەوە.

### 3 ماسی:

رێژەیەکی زۆری ئۆمێگا سێی تێدایە کە هەڵوەرینی قژ کەم دەکاتەوە، توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو کەسانەی بەدەست وەرینی قژەوە دەناڵێنن یەکێک لە هۆکارەکان کەمیی ئۆمێگا سێیە، بۆیە زیادکردنی ئەو سەرچاوانەی دەوڵەمەندن بەو ترشە چەورییە، ئەم گرفتەیان چارەسەر دەکات.

### 4 ئاڤۆکادۆ:

هەم بەتامە و هەمیش بە ترشە چەورییە بەسوودەکان دەوڵەمەندە، ئاڤۆکادۆ رێژەیەکی زۆری ڤیتامین E تێدایە کە یارمەتی درێژبوونی قژ دەدات، هەروەها ئەو رێژە زۆرەی ڤیتامین Cیش تاڵەکانی قژ لە تیشکە زیانبەخشەکان دەپارێزێت.

### 5 بادەم:

رۆژانە خواردنی 28 گرام بادەم 37%ی پێداویستی جەستە بە ڤیتامین E پڕ دەکاتەوە، ئەمەش هەوکردن هێواش دەکاتەوە و وەرینی قژ کەم دەکاتەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# گەورەترین هەڕەشەی سەر کوردستان

کورد دوژمنی زۆرە و هەڕەشەی بەردەوام و جۆراوجۆری لەسەرە، بەڵام ئێستا گەورەترین مەترسی کە هەڕەشە لە داهاتووی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوەیی دەکات وەک کۆمەڵگەیەکی پێکەوە گونجاو، دۆخی ناوخۆی خۆیەتی. مەبەستم لە دۆخی ناوخۆ ململانێی سیاسی و ناتەبایی نێوان هێزە سیاسییەکانی نییە کە ئەوە بەشێکی کەمی هۆکارەکەیە، بەڵکوو مەبەستم لە پێکەوە نەگونجانی کۆمەڵایەتییە کە ئێستا بە دیاردەی کوشتنی ڕۆژانە سەرەتاکانی دەرکەوتوون.

ئاین تەنیا بۆ ناسینی خواوەند بەسەر مرۆڤەکاندا نەسەپێنراوە، بەڵکوو یاسا و ڕێسای ژیان بووە تا مرۆڤ پابەندی بەهاو خەسڵەتە ئینسانییەکەی بکات و لە توندوتیژی و ڕەفتاری دڕندانە دووری بخاتەوە، بەرانبەر بە هەر تاوانێک سزای توندی داناوە. یاسا دانراوەکانی مرۆڤیش هەر بۆ ڕێکخستنی ژیان و ڕێگری بووە لە چەوساندنەوە و زوڵمی بەهێزەکان بەسەر لاوازەکاندا، سزای یاساش وەک جۆرێک بووە لە تۆڵە لە لادەر و تاوانکارەکان. لە هەر سات و زەمینێکدا ئەو حوکمانە چەسپابن، مرۆڤ بە بەختەوەری ژیاوە، هەر سەردەمێکیش ئەو چوارچێوانەی ئاین و یاسا وەک (سزای دیار و نادیار) بۆ مرۆڤ دایناون فەرامۆش کرابن، ژیانی مرۆڤەکان پڕ بووە لە تاوانی جۆراوجۆری دڕندانە.

ئێستا کوردستان خەریکە پێ دەنێتە ناو قۆناغێکی مەترسیدارەوە کە سزا دیار و نادیارەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە نامێنێ، ئەمەش دەرگا بۆ تاوانکاری و ڕەفتاری ناجۆر دەکاتەوە. تەماشا بکەن ئەو تاوانانەی لەم چەند ساڵەی دوایی لە کوردستان ڕوویانداوە ئەگەر بەراوردی بکەین بە هەموو مێژووی کورد، تاوانی هاوشێوە لە هەزاران ساڵی ڕابردووی ئەم میللەتەدا نابینی. کوڕ دایکی خۆی سەردەبڕێت، دایک ئاگر لە منداڵەکانی بەردەدات، باوک هەموو جگەر گۆشەکانی ژەهرخوارد دەکات، کوڕ باوکی خۆی دەکوژێت، برا خوشک و براکانی دەکوژێت و ژن مێردی دەخنکێنێ و پیاو ژنەکەی هەڵدەواسێ. تاوانکار دان بە تاوانەکەیدا دەنێت و نەک پەشیمانی دەرنابڕێت، بگرە ئامادەی دووبارەکردنەوەشیەتی. دراوسێ لەسەر شەڕی منداڵ، شۆفێر لەسەر فوللایتی سەیارە، قوتابی لەسەر کەمیی نمرە، کاسبکار لەسەر سڵاو، گەنج لەسەر نووکەی مۆبایل و سەتان نموونەی تر، هەمووی هەر یەکتری دەکوژن. پاساو و هۆکارە تایبەتییەکانیان هەرچییەک بن، هۆکارە گشتییەکە تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەی کوردییە کە سەرچاوەی لە سەروەرنەبوونی یاساوە گرتووە.

مرۆڤ لە کاتێکدا دەست بۆ تاوان یان ڕەفتاری ناجۆر نابات کە ترسێک لەناخیدا هەبێت. (ترس لە خواوەند، ترس لە یاسا، ترس لە ویژدانی خود، ترس لە کۆمەڵگە، ترس لە کاردانەوەی تاوانلێکراو). زۆرن ئەو مرۆڤانەی پابەندن بەو ترسانەوە، دەرفەتی بۆ دروست دەبێت بتوانێت تاوانێک بکات، یان ئارەزووی ئەنجامدانی دەکات و دەشزانێ کەس ئاگای لە تاوانەکەی نییە، بەڵام لە ترسی خوا خۆی لەو تاوانە دووردەخاتەوە. یان ویژدانی خۆی ڕێگەی نادات. یان لە ترسی کۆمەڵگە کە وەک نەنگییەک لێی بڕوانن. بەڵام ئەوانەش زۆرن کە ترسیان لەو سزا نادیارانە نییە و دەربەستی هیچکام لەو سنوور و چوارچێوانە نایەن کە لەناخی مرۆڤدا بۆ خۆپارێزی لەتاوان دروستکراون. هەر کۆمەڵگایەک ترسی سزا نادیارەکانی تێدا نەما پێویستە سزا دیارەکان کە خۆی لە سزای یاسادا دەبینێتەوە، توند بکرێن تا ڕێگە لە تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە بگیرێت.

ئێستا لە کوردستان خەڵکانێک پەیدا بوون کە ترسی هیچکام لەو بنەما و بەهایانەیان نەماوە (نە خوا، نە ویژدان، نە کۆمەڵگە) تەنانەت ترسی سزای یاساشیان نییە. چونکە لە بنەڕەتدا یاسا لە کوردستان لاوازە و تەنها بۆ کەسانی لاواز و بێدەسەڵاتەکانە. بۆیە دەبینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی تاوان و جۆرایەتی تاوان لە زیادبووندان. کە یاساش سەروەر نەبوو، کاردانەوەی تاوانلێکراو دەبێتە دیوێکی تری تاوان، تۆڵەکردنەوە لە کەسوکار و خزم و بنەماڵە و وردە وردە سەر دەکێشێ بۆ خێڵ و عەشیرەتی ئەنجامدەری تاوان. بەمەش شیرازەی کۆمەڵگە بە ئەندازەیەک تێکدەچێت کە مانایەک بۆ ژیان نامێنێتەوە.

دەسەڵات لە کوردستان بەهۆی ڕەگوڕیشەی ململانێی سیاسی و ناتەبایی و ناکۆکی حیزبەکانییەوە چاوپۆشی زۆری کردووە لە ئەنجامدەری ئەو تاوانە جۆراوجۆرانە و زەمینەی خۆشکردووە بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەو عەقڵیەتانەی باوەڕیان بە کوشتن و تۆڵەکردنەوەیە. تا یاساش لاوازتر بێت، دیاردەکە زیاتر پەرەدەستێنێ. دەبێت ئەوانەی دەربەستی ئایندەی کوردستانن، لە شوێنێکدا سنوورێک بۆ ئەم مەترسییە دابنێن. ڕەنگە قۆناغی پێش بیرکردنەوە و دەستبردن بۆ پەروەردە، توندکردنی سزا دیارەکانی وەک حوکمی یاسا (پەیڕەوکردنی سزای لەسێدارەدان) گرنگترین کارێک بێت کە دەسەڵات لە کوردستان پەنای بۆ بەرێت.

زۆر لەوانەی تاوانی کوشتن دەکەن، دەبیستین کە پێشتریش تاوانی هاوشێوەیان کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی زیندان لە کوردستان شوێنی چاکسازی نییە، بۆیە کاتێک دێتەوە ناو کۆمەڵگە تاوانی دیکە دەکاتەوە، کەواتە بۆ ئەوەی سزای تاوانکار بدرێت و پەندێک بێت بۆ کەسانێکی تریش کە بیر لە تاوان دەکەنەوە، دەبێت ساڵانێک کوردستان پەنا بۆ لەسێدارەدان ببردرێت. بەڵام ئێستا کەسێک کە ئارەزووی تاوان دەکات دڵنیایە لەوەی یان ئازاد دەکرێت یان لە زینداندا بەباشی بەخێودەکرێت. بۆ ڕێگری لە تاوان پێویستە ترسێک هەبێت لە سزا، کە سزای یاسا هەبوو ڕێگری لە تۆڵەکردنەوەی کۆمەڵایەتیش دەگرێت.

دڵنیام کەسانێکیش بەپاساوی مافی مرۆڤ و ئازادی و چەند دروشمێکی ڕووکەش دژ بەوە دەبن کە سزای لەسێدارەدان پەیڕەو بکرێت. بەڵام با ئەو کەسانە بۆ یەک چرکە خۆیان بخەنە شوێنی ئەو دایک و باوکەی تەرمی کوڕەکەیان دەدۆزنەوە و تاوانکار دان بەوەدا دەنێت کە تەنها لەبەر ئەوە کوشتوویەتی جۆری مۆبایلەکەی جوان بووە. یان ئەگەر کەسانێک پێیانوایە پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و جیاواز دەرخستنی کوردستان لە وڵاتانی ناوچەکە گرنگترە لەوە، دەبێت بەرچاویان ڕوون بێت لەوەی ئەم دیاردەیە کۆتایی پێ نەهێنرێت، بە زیادبوونی تاوان و بەرزبوونەوەی ژمارەی کوشتن سومعەی کوردستان زۆر لەوە زیاتر دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە کە سزای لەسێدارەدان بەسەر تاوانکار و بکوژدا جێبەجێ بکات.



ئازاد وەڵەدبەگی

# بەغدا وەک دەرفەت یان هەڕەشە؟

بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو لە سایکۆلۆژیای تاکی کورد و سیاسەتوانانی کوردستاندا بەغدا هەمیشە وەک هەڕەشە لەسەر مان و کیانی کوردی سەیر کراوە، هەڵبەت لایەنی بەرامبەریش هەمان تێگەیشتن یان تێڕوانینی بەرامبەر بە کورد و دۆزی گەلی کوردستان هەبووە. ئەم دوو ئاراستە و تێگەیشتنە جیاواز و دژبەیەکە، وایکردووە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا بە تایبەت لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تاکوو ئەمڕۆ، عێراق و کوردستان ڕووبەڕووی گەلێک کارەساتی گەورە و دڵتەزێن ببنەوە. زاڵبوونی ئەم تێگەیشتنە، جگە لە قووڵترکردنەوەی کارەساتەکان و بەردەوامیی ئازارەکان هیچ ئەنجامێکی تری بەدواوە نەبووە. پاش سەدەیەک لە مێژووی نوێی دەوڵەتی عێراق ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەردوو لایەنی کێشەکە (کورد-عەرەب) بە قەولی شاعیری فارس سوهراب سپهری چاوەکانیان بشۆن و بە جۆرێکی تر دونیا ببینن؟ ئایا بەردەوامیی سیاسەت و تێڕوانینەکانی ڕابردوو هەمدیس نامانباتەوە سەر هەمان ناونیشانە هەڵەکەی جاران؟

حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو، هەموو شێوازێکی سیاسی- سەربازییان بەکارهێناوە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی گەلی کورد یان سڕینەوەی شوناسی ڕەسەنی ئەم نەتەوەیە، ئەنجامەکەشی جگە لە جەنگ وماڵوێرانی بۆ هەموو گەلانی عێراق و بەفیڕۆدانی سامان و سەرمایەی ئەم وڵاتە و لەدەستچوونی پێگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی عێراق هیچیتر نەبووە. گەلی کوردستانیش پاش ڕیفراندۆمی 25/ ئەیلوولی/2017 ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە جیهان لە دۆخی ئەمڕۆ نەک هەر پێشوازی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان ناکات، بەڵکوو ئەم هەنگاوە وایکرد کە تەنانەت هێز و لایەنە ناکۆکەکانیش، کۆک بن لە دژایەتیکردنی گەلی کوردستان و لەباربردنی خەون و ئارەزووەکانی ئەم گەلە.

ئاخۆ ئێستا پاش ئەو هەموو هەوراز و نشێوە و ئەو ئەزموونە تاڵانە، کورد دەبێ چی بکات؟ ئایا دەبێ سیاسەتی بەڕێکردنی ڕۆژ بگرێتەبەر و بەغدا وەک جاران هەر بە هەڕەشە سەیر بکات؟ کێشەکان هەر بە هەڵواسراوی بهێڵێتەوە و لەسەر یەکتر کەڵەکەیان بکات، یاخود بەغدا بکاتە دەرفەتێکی نوێ بۆ بەهێزکردنی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکان؟

بێگومان گرتنەبەری سیاسەتێکی پاسیڤ و ناکارا لە دۆخی ئێستادا بە هیچ جۆرێک لە قازانجی کورد نییە کە چەندین کێشەی هەڵواسراو و چارەسەرنەکراوی سەرەکی هەیە لەگەڵ بەغدا و پێویستە چارەسەریان بکات و بەرەو پێشەوەیان ببات. لە هەمان کاتدا دۆخی ئێستای زاڵ بەسەر بەغدا وەک لاوازیی بەغدا و ناکۆکیی نێوان لایەنە شیعییەکان، ناکۆکی ئێران- ئەمەریکا و بوونی سەرۆکوەزیرانێکی پۆزەتیڤ کە تێگەیشتنێکی باشی بۆ کێشەی کورد هەیە، وا دەکەن کە کورد بتوانێ لەم دۆخەی ئێستادا بەغدا بکاتە دەرفەت و سەکۆیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

دامودەزگەی سیاسی و سیاسەتوانانی کوردستان، دەبێ لەم دۆخەی ئێستا هەوڵ بدەن کێشەکان لەگەڵ بەغدا بەرەو هێورکردنەوەی زیاتر ببەن و متمانە بۆ پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی چەندین ساڵی ڕابردوو بگێڕنەوە و ڕێگە نەدەن دەرفەتەکان ببنە هەڕەشە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، دەبێ هەوڵ بدەن هەڕەشەکان بکەنە دەرفەت. بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، بەغدا ئەو شوێنەیە کە نابێ وەک هەڕەشە لەسەر کورد سەیر بکرێت، بەڵکوو دەبێ وەک دەرفەتێک سەیر بکرێت بۆ ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکان و گەشەپێدان و هەستانەوەی کوردستان. بێگومان بۆ کەڵکوەرگرتن لەم هەلە دەبێ کورد عەقڵیەتی زۆرینە و کەمینە و باڵادەست و بندەست تێپەڕێنێ و خۆی لەو دۆخە ڕزگار بکات کە لە ژێر کاریگەریی هێز و لایەنە عەرەبییەکان لە بەغدا وەک میوان سیاسەت بکات، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدات وەک هێزێکی کاریگەر و کارتێکەر و خاوەن ماڵ بێتە مەیدان و سوود لە هەڵە ستراتیجییەکانی ڕابردووی وەربگرێت و لاپەڕەیەکی نوێ لە سیاسەتکردن لە بەغدا هەڵبداتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە کورد سەرەتا لاپەڕەیەکی نوێ لە ناوخۆیدا هەڵبداتەوە و خۆی لەو پەرتەوازەییەی ئێستا دەرباز بکات کە تێیکەوتووە و هەوڵبدات هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق یەکبخات لە چوارچێوەی فراکسیۆنێکدا، هەروا لاپەڕەیەکی نوێ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرۆککۆماردا هەڵبداتەوە و ئەم پێگەیە بۆ بەهێزکردنی کورد لە بەغدا بەکاربهێنێ. هەروا تیمی وزاری و پەرلەمانیی کوردستان لە بەغدا بە یەک ئاراستە و سیاسەت هەنگاو بنێن و هاوپەیمانی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو پەرلەمانی عێراقدا ببەستن. کورد بە گرتنەبەری سیاسەتێکی ئەکتیڤ و کاریگەر و کارتێکەر، دەبێ خۆی لە گۆشەگیری و نامۆیی لە بەغدای پایتەخت ڕزگار بکات و لەبری هەڕەشە، بەغدا بکاتە دەرفەتی گەشەپێدان و بەهێزکردنی کوردستان.



ڕابەر تەلعەت

# دەسەڵاتی پێنجەم!

سۆشیال میدیا، بەتایبەتیش فەیسبووک لە باشووری کوردستاندا؛ لەڕووی بەکارهێنان و ئامانجەکانی پشت بەکارهێنانییەوە، ناتوانین تەنها وەک درێژەپێدەر و پاڵپشتی ڕۆژنامە و میدیای ئازاد (دەسەڵاتی چوارەم) تەماشای بکەین. فەیسبووک بووە بەو دەسەڵات و سەنگەر و پەناگەیەی کە نەک هەر دەسەڵاتی چوارەم خۆی لە پشتیدا حەشار داوە، بەڵکو سێ دەسەڵاتەکەی تریش بە هەموو توانای ماددی و مەعنەویی خۆیانەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی دەدەن.

فەیسبووک هیچ سنوورێک ناناسێ و هیچ کەس و لایەنێکیش بەدەر نین لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی. ئەگەر دەسەڵات ئەو شتە بێت کە دەتوانێت ئیرادە و ڕەفتارەکانی تاک ملکەچی دونیابینیی خۆی بکات، یان ببێتە میکانیزمێک بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی مۆدێلی ڕەفتار و باوەڕهێنان بەو بەهایانەی کە ئاراستەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ دەکەن، ئەوا فەیسبووک دەسەڵاتە و هەموو دەسەڵاتەکانی تریشی لەناوەوەی خۆیدا هەڵگرتووە و لە فۆرمی جیاجیادا و بەو زمانە ڕۆژانەییەی خۆی جارێکی دیکە دەرخواردی کۆمەڵگا و تاکەکانی دەداتەوە.

ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەردەم لە دەیان کەناڵی جۆربەجۆرەوە خۆیان خزاندووەتە ناو ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە، لەڕووی بەکارهێنان و جۆریشەوە؛ بێ هەژمار فرەڕەنگ و فرە ڕەهەندن و بازاڕەکەشیان لەسەر ئەوە وەستاوە کە کامیان دەتوانن بە خزمەتگوزاری و ئەپلیکەیشنی تازە و سەرنجڕاکێشەوە سەرنجی بەکارهێنەرەکانیان بۆخۆیان ڕابکێشن؟ لەناو ئەوانیشدا فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هاوشێوەی ئەو، ئەوەیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە کە وەک دەسەڵاتی پێنجەم پۆلێن بکرێن، بەجۆرێک کەوا کاریگەری و هێزیان زۆر لە دەسەڵاتی چوارەم زیاترە، چونکە لە گیرفانی هەموو کەسێکدا جێگایان بووەتەوە و لە خێرایی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی هەمەڕەنگیشدا، شوێنیان بە ڕۆژنامە و میدیای چاپکراو و تەنانەت بینراو و بیستراویش چۆڵ کردووە.

ئابووری پێشکەوتووی جیهان بە پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت، زۆرترین سەرمایەگوزاری لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیا کردووە. نەک هەر تەنیا لە ئابووریدا، بەڵکو لە هونەر و فاشیۆن و سیاسەتیشدا، فەیسبووک بووە بەو دەسەڵاتەی کە زۆرترین ئامادەیی لە فەزای گشتیی کۆمەڵگادا هەیە. مینبەری نەک هەر بە تەنیا گروپە کۆمەڵایەتییە سەردەستەکان و کەسایەتییە جیهانی و ناسراوەکانە، بەڵکو بووە بە مینبەری گروپە پەراوێزخراوەکان و تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە دونیای واقعیدا هیچ کەس نەیدەخوێندنەوە و لە دونیای مەجازیی فەیسبووکەوە توانیویانە بگەڕێنەوە بۆ ئەو دونیا واقعییەی کە پێشتر تیایدا خاوەنی هیچ دانپێدانانێک نەبوون و ئێستا لەناویدا ناسراون و خاوەن پێگەن.

لەو وڵاتانەشدا کە دەیان ساڵ بوو نەیاندەهێشت دەسەڵاتی چوارەم سەر بەرز بکاتەوە یان هەر وجودی هەبێت؛ سۆشیال میدیا توانی باز بدات بەسەر هەموو بەربەستەکاندا و بەشدارییەکی کارای هەبێت لە دروستکردنی نارەزایەتی و هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکاندا، بەجۆرێک ئەوەی کە دەسەڵاتی چوارەم ساڵانێک بوو بۆ دەربازبوون لە هەژموونی دەسەڵاتەکانی تر هەوڵی بۆ دەدا، فەیسبووک لە ماوەیەکی کورتدا نەک هەر پێویستی بە مۆڵەتی ئەوان نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتەکانیشی پێچانەوە و هەڵیدایە زبڵدانی مێژووەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا؛ دەتوانین بە فەیسبووک بڵێین دەسەڵاتی پێنجەم، ئەگەرچی لە بوونی دەسەڵاتی چوارەم دڵنیا نیم، وەک چۆن لە سنوور و ئاشکرایی و دابەشبوونی دەسەڵاتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمیش هەر دڵنیا نیم، بەڵام دەتوانم ئەوە ببینم کە هەموویان بەجۆرێک لەگەڵ دەسەڵاتی پێنجەمدا (فەیسبووک) مامەڵە و سەودایان هەیە و ناتوانن خۆیان لە بوون کاریگەرییەکانی بپارێزن، هەروەک چۆن ناتوانن دەستبەرداری ئەوەش بن کە چۆن ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنن.

لە هەرێمی کوردستاندا، قوربانییەکانی دەستی دەسەڵاتی پێنجەم کەم نین؛ لەسایەی دەسەڵات و هەژموونی فەیسبووکدا، هەریەکە لە ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەیان شەپۆلی دەنگوباس و زانیاری و ورتە ورت دەبینەوە، چاومان دەچێتە سەر سەدان وێنە و ڤیدیۆ و گرافیک و سکێچی ڕەنگاو ڕەنگ و هەمەچەشن؛ تیایاندا هەر لە کۆمیدیاوە بۆ تراژیدیا و هەر لە پیاهەڵدانەوە بۆ داشۆرین و ناوزڕاندن، دێنە بەر دید و هۆشمان، هەیانە دڵخۆشت دەکەن و زۆریان دڵتەنگ و وەڕزت دەکەن، هەموو هەستێکت لەلا دروست دەکەن تەنها هەستی دڵنیایی نەبێت؛ بەڵام چونکە دەسەڵاتە و هێزی کۆنترۆڵکردنی هەیە، نەک هەر دەستبەرداری نابین، بەڵکو بەدواشیدا دەچین. هیچ شتێکیش واقیعی ئەو دەسەڵاتە و کاریگەرییەکانی بەسەر تاک و کۆمەڵگاوە ناگۆڕێت، تێگەیشتن و دونیابینیی تاکەکان نەبێت بۆ واقیعی ژیانی خۆیان. چونکە هەموو دەسەڵاتەکان بەگوێرەی تێگەیشتنی تاکەکان بۆ ژیانی خۆیان ڕەفتار دەکەن و دەست بەسەر کۆمەڵگادا دەگرن، ئەگەر فەیسبووک دەسەڵات بێت و مۆدێلێکیش بێت بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتار و دونیابینیی ئێمە، سەرئەنجام هەموو ئەوەی کە لە فەیسبووکەوە دەردەچێت، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن و دونیابینیی ئێمەیە بۆ حاڵی خۆمان.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# پارتی فیشەک لە قاچی خۆی نادات

## 1

لە 3ی کانوونی یەکەمی 2018 وە کە پارتی بەربژێرەکانی خۆی بۆ پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم راگەیاند، ئیتر پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. بۆ ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری کێشمەکێشەکانی ناو پارتین، شتێکی ئاسایی بوو، ئەمجارەش نەبووایە دەبوو چوار ساڵی دیکە ئەو دەستاودەستکردنە هەر بکرێ، بەڵام پێدەچوو بۆ بەشێکی زۆری ناو پارتی و تەنانەت دەرەوەی پارتیش شتێکی لەناکاو بووبێت و رای گشتی بۆ ئامادە نەکرابێت.

رەنگبێ لەناو پارتی نیقاشێک هەبووبێت لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت، بەڵام نەبووەتە خیلاف و ناکۆکیی جددی لێ نەکەوتووەتەوە، چونکە لەناو پارتیدا هەمیشە مەرجەعیەتێکی بەهێز و خاوەن بڕیار هەیە کە قەت رێگە نادات نیقاش و ململانێکان بگاتە ئاستێک دووبەرەکی لێبکەوێتەوە، چونکە فاکتەری سەرۆک بارزانی هەمیشە یەکلاکەرەوەیە و پارێزەری سەقامگیریی ناوخۆی پارتی و ناوماڵی کوردیشە.

ئەو گۆڕانکارییەی ئێستا پارتی کردوویەتی و بووەتە بەشێک لە هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، هەنگاوێکی ستراتیژیی گەورەی سەرۆک بارزانییە بۆ داهاتوو. هەندێک کەس هاوکێشەکە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی خۆیانەوە دەبینن کە سەرۆک وەزیرانی پێشوو جێگەی خۆی داوە بە کەسێکی دیکە و هەوڵ دەدەن وەکو ئینقلابێک سەیری بکەن لەکاتێکدا وا نییە. ئەگەر نێچیرڤان بارزانی بۆ یەک چرکەش پێداگری لەسەر مانەوەی خۆی بکردبایە، چوار ساڵی دیکەش هەر سەرۆکی حکومەت دەبوو. بەڵام ئەو دیوەشی نابینن کە دەرکەوت لەناو هەموو کورد تەنها یەک کەس هەیە بتوانێ جێگەی سەرۆک بارزانی (بە هەموو دەسەڵاتەکانیەوە) لە سەرۆکایەتی کوردستان بگرێتەوە کە ئەویش نێچیرڤان بارزانییە، ئەگەر مەسروور بارزانی چووبێتە جێگەی نێچیرڤان بارزانی و ئەمانەتی حکومەتی پێ سپێردرابێت، ئەوا نێچیرڤان بارزانیش ئەمانەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هاوکات سەرۆکایەتی پارتیشی پێ سپێردراوە. ئەم متمانەیەی سەرۆک بارزانی شتێکی کەم نییە، بۆیە گرەوکردن لەسەر ئەوەی کە پارتی لەناوخۆی خۆیدا (خیلاف)ی هەیە، گرەوکردنە لەسەر ئەسپی تۆپیو. کارکردی سەرۆکی داهاتووی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڵگە دەبن بۆ راستیی ئەوەی کە ئەو جێگۆڕکێیە هەرچەند بێ ئامادەکاریش بووبێت، رەهەندێکی ستراتیژیی هەم بۆ پارتی و هەم بۆ کوردستان هەیە.

## گۆڕان، مەهەپەکەی کوردستان

## 2

یەکێتی لە روانگای مێژووی خۆی و ئەو تەقسیمە جوگرافییەی کە بە درێژایی نیو سەدە لە کوردستان دروست بووە، لە خراپترین حاڵەتیشدا، خۆی پێ لە پارتی کەمتر نییە. ئەگەرچی تا ئێستاش بە رواڵەت براگەورەیی پارتی قەبوڵ کردووە، بەڵام هەر کاتێک بۆی لوابێت، دەگگەیەکی لە پارتی داوە. بە واتایەکی دیکە یەکێتی میراتێکە کە ئەگەر هیچیشی پێ نەکرێت، دەتوانێ تێکیبدات.

لە 23ی حوزەیرانی 2015، قودرەتی تێکدانی گۆڕان ئیسپات بوو؛ ناوماڵی خۆیان تێکدا و هیچیشیان دەستنەکەوت!

ئەمجارە پارتی بە مەبەست و بۆ دروستکردنی جێپێیەکی قایم لە سلێمانی، گۆڕان وەکو ئەسپی تەڕوادە بەکاردێنێ. راستە گۆڕان زۆر سوودمەندە لەو رێککەوتنەی کە ئێستا کراوە، بەڵام دیسانیش پارتی دوای ئەوەی دڵنیا بووەوە کە لە خراپترین حاڵەتیشدا ئیمکانی گەڕانەوەی گۆڕان بۆ باوەشی یەکێتی لەئارادا نییە، وەبەرهێنانێکی سیاسیی دوورمەودای لەسەر ئەو بابەتە کرد.

رێککەوتنی یەکەمی پارتی و گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لە 2014 مەبەست لێی ئاوتکردنی یەکێتی بوو، دەرکەوت ناکرێ. رێککەوتنی دەباشانی یەکێتی و گۆڕانیش بۆ ئەوە بوو کە یەکێتی دەیویست گۆڕان بگەڕێنێتەوە ناو یەکێتی. ئەوەش سەری نەگرت، بەڵام رێککەوتنی ئەمجارەی گۆڕان و پارتی بناغەیەکی ساغڵەمی هەیە کە ئەویش بریتییە لەوەی وەک گوشاری سیاسی بۆ سەر یەکێتی بەکاردەهێنرێت و لەلایەکی دیکەوە پارتی گەرەنتیی مانەوەی ئەو هێزە لە گۆڕەپانی سیاسی دەدات بە گۆڕان. ئەوە رێک مێژووی مەهەپە و ئاکپارتییە کە دوو لە سەرسەختترین رکابەرەکان بوونە هاوپەیمانی یەکتری و هەردووکیان هێزی مانەوە و دەسەڵاتیان لە یەکتریدا دەبیننەوە.

## سەرکونسوڵی ژاپۆنیش نەگرن!

## 3

بۆ یەکەمجار لە مێژووی وڵاتی ژاپۆن، زانکۆی لێکۆڵینەوەی بیانی لە تۆکیۆ لە 1ی نیسانی ئەمساڵەوە، کۆرسێکی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ 40 فێرخوازی بە رەچەڵەک ژاپۆنی کردووەتەوە. کۆرسەکە لە لایەن مامۆستایەکی کوردی کوردستانی باکوور بەڕێوەدەچێت و هەفتانە چوار سەعات دەرسی زمانی کوردی بە فێرخوازەکان دەگوترێتەوە. تا ئێرە ئاساییە.

توومەز تورکیا ئەو هەواڵەی بیستووە!

خێرا لە رێگەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە پەیوەندییان بە وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆنەوە کردووە و داوایان کردووە دەستبەجێ ئەو کۆرسانە بوەستێنن. وەڵامی وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆن ئەوە بووە کە خوێندن و قسەکردن بە زمانەکان مافێکی بنچینەییە و دەستووری ژاپۆن دەیپارێزێ. نە حکومەت و نە وەزارەتەکان ناتوانن رێگری لەو مافە بکەن.

رەنگبێ کاتسومی مۆری یاسۆ، سەرکونسوڵی ژاپۆن لە هەولێر یەکەم ژاپۆنی بێت کە بە زمانی کوردی قسە دەکات. لەو روانگەیەوە کە حکومەتی ئێستای تورکیا قۆڵی لە دژایەتیکردن و سڕینەوەی زمان و کولتووری کوردی لە کوردستانی باکوور و رۆژئاوا هەڵکردووە، دوور نییە ئەمری گرتنێکیش بۆ کاتسومی مۆری یاسۆ دەربکات! ئەم کابرایە دووجار تۆمەتبارە، یەکەمیان بە هۆی ئەوەی بە کوردی قسە دەکات، دووەمیان بەهۆی ئەوەی کە بەوە نەوەستاوە و تەنانەت جلی کوردیشی لەبەرکردووە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# وەک دوبەی بکەین؟

لەکاتی واژۆکردنی رێککەوتنەکەی پارتی و یەکێتی، پشوویەکی کورتم لە کار دابوو، خەریکی خوێندنەوەی نوێترین کتێبی محەممەد بن راشد ئال مەکتووم بووم. حاکمی دوبەی و کوری ئەو ماڵباتەی لە ماوەی کەمتر لە پەنجا ساڵی رابردوودا لە هیچەوە و لەسەر لم، وڵات و شارێکیان خوڵقاندووە دەبێ هەموو عەرەب شانازیی پێوە بکەن. پاش بینینی دیمەنەکانی واژۆکردنی رێککەوتنەکە و بیستنی قسەکانی سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان، هیچ شتێکم بە گرنگتر نەزانی لەوەی بەشێک لە رووداوە پەندئامێزەکانی نێو کتێبی (ق×تی) بۆ سیاسییەکانی کوردستان و خوێنەرانی دیکەی ئەم چەند دێڕە بنووسمەوە. چەندە کاریگەریی دەبێت نازانم، بەڵام دەزانم پێویستمان پێیەتی.

هەڵبەت مەرج نییە هەموو ئەو شتانەی حاکمی دوبەی لە کتێبەکەیدا باسیکردوون راست بن، بەڵام چیرۆکی سەرکەوتنی حوکمڕانییەکەی لە دوبەی وادەکات درۆکانیشیمان لە دڵ گران نەبن! ئەو باسی دانوستاندنی دوورودرێژی پێکهێنانی دەوڵەتی ئیمارات دەکات کە شێخ راشدی باوکی و شێخ زایدی حاکمی ئەوکاتی ئەبوو زەبی رۆڵی سەرەکییان تێداگێڕاوە و چەندین مانگی خایاندووە بەڵام لەکۆتاییدا ئەنجامی هەبووە. قسەکانی نێچیرڤان بارزانی لەکاتی واژۆکردنی رێککەوتنەکە لەگەڵ کۆسرەت رەسووڵ قسەی محەممەد بن راشدی بیرهێنامەوە کە دەڵێ روئیای بینینی ئیماراتی یەکگرتوو گەورەتر بوو لە ماندووبوون لەو دانوستاندنانەی راوێژکارە بیانییەکان لەجیاتی ئەوەی وابکەن زووتر بگاتە ئەنجام، بۆ خاتری باخەڵی خۆیان قورستر و درێژتریان دەکرد و هەرجارەی دەستێکی دەرەکی لەمپەرێکی نوێی بۆ دروستدەکرد. ئەو باسی ئەو چرکەساتە دەکات کە شێخ راشد و شێخ زاید بەپێچەوانەی خووی سەرۆک و میر و شێخ و سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەجیاتی ئەوەی لەسەر سەرۆکایەتیی دەوڵەتە نوێیەکە شەڕ بکەن، شەڕی ئەوەیان بوو کامیان ببنە جێگر و ئەویدیکە بکەنە سەرۆکی خۆیان.

حاکمی دوبەی چیرۆکی خەمگینی سەفەرێکی باوکی بە تەواوی ماڵباتەوە بۆ لەندەن و بۆ لای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا دەگێڕێتەوە کە چۆن لە شەستەکاندا هەموویان چوونەتە ئەوێ بۆئەوەی لێی بپاڕێنەوە رێگەیان بدات فرۆکەخانەیەکی بچکۆلە لە دوبەی بکەنەوە و چیدیکە بۆ هاتوچۆ ناچارنەبن بچنە شاریقە. ئەمە ئەوکاتەی بیرهێنامەوە کە لە کوردستان ناچاربووین بۆ سواربوونی فرۆکە بچینە تورکیا و سووریا و ئێران و لەکاتی گشتپرسییەکەشدا گەڕابووینەوە ئەو خاڵی سفرەی کە لەسەر سنوورەکان عەسکەرێک بە هەزار سین و جیم رێگەمان بدات بە ئۆتۆمبێل خۆمان بگەیەنینە یەکێک لە فرۆکەخانەکانیان. محەممەد بن راشد لەکاتێکدا ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە کە وەک خۆی دەڵێت بەو روئیایەی بۆ گەورەبوون هەیانبوو، وایانکرد ئێستا فرۆکەخانەی دوبەی و پەیوەندیی لەگەڵ کەناراوەکانی ببێتە یەکێک لە گەورەترین سەرچاوەکانی بازرگانی و گەشتیاری لە جیهاندا.

چیرۆکەکانی کتێبەکەی حاکمی دوبەی جیاوازن، بەڵام هەموویان لە چەند لاپەڕەیەکدا لە پێچ و پەنای کتێبەکەدا پوخت کراونەتەوە. ئەو دەڵێت نهێنیی سەرکەوتنی دوبەی هەر خۆجیانەکردنەوەی ماڵباتی فەرمانڕەوا لە خەڵکەکەی نەبووە، بەڵکو ئەوەش بووە کە شێخ راشدی باوکی و شێخ سەعیدی باپیری و محەممەد بن راشد بۆخۆیشی خشت بە خشت و دیوار بە دیوار بە دەستی خۆیان بەشدارییان لە گەورەکردنیدا کردووە و ئارەقەیان بۆ رشتووە و خۆشیانویستووە. واتە ئەگەر ئاغاش بووبن، ئاغایەکی تەمبەڵ نەبوون.

ئەو چوار هۆکارەکەی گەورەبوونی دوبەی و لەویش واوەتر ئیمارات بە سادەیی پوخت دەکاتەوە:

یەکەم، دادپەروەری بۆ هەموو دانیشتووانی دوبەیە و دەبێ هەموویان وەک یەک هەست بە تەناهی و ئارامی بکەن. ئەو دەڵێت لە باوک و باپیرانی ماڵباتەکەیانەوە ئەوە خاڵێکی دەستووره نەنووسراوەکەیان بووە کە نابێ کەس دانیشتووی دوبەی بێت و هەست بە نادادپەروەری بکات. خاڵی دووەمی دەستووره نەنووسراوەکەی دوبەی پەیوەندیی باش و هاوسەنگە لەگەڵ دەوروبەر، لەسەر بنەمای ئەوەی دەستدرێژی لە کەس ناکەن، بەڵام لە کەسیشی قبوڵ ناکەن. خاڵی سێیەم کە بە بڕوای من زۆر سەرنجراکێشە، ئەوەیە کە ماڵباتی بن راشد بڕیاریانداوە دوبەی بەڕووی هەمووان‌دا بکرێتەوە و پێشوازی لە هەر کەس و کۆمپانیا و دەوڵەتێک دەکەن کە بیەوێ خزمەتی ئابووریی دوبەی بکات. بەڵام بەوەشەوە نەوەستاون و یاسای ژمارە چواریشیان داناوە، کە بریتییە لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی ئابووریی دوبەی. ئەویش دوای ئەوە هاتووە کە لە بازرگانیی مرواریدا گورزی بەهێزیان بەرکەوتووە و دواتر بڕیاریانداوە تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی دارایی نەبەستن و لەپەنای دەریا و ئاسمان و نەوت و مرواری، خزمەتگوزاریش بە جیهان بفرۆشن. حاکمی دوبەی دەڵێت زۆر کەس لێمدەپرسن ئەو هەموو شاری راگەیاندن و ئینتەرنێت و فرۆکەخانە نوێیانەتان بۆچییە؟ منیش لەوەڵامدا دەڵێم هەمەچەشنی گەورەمان دەکات.

جا راستییەکەی ئەگەر لە چوار ساڵی داهاتوودا حوکمڕانییەکی سەقامگیرمان لە کوردستان هەبێت، کە هیوادارم هەبێ و ئومێدیش زۆرە وابێت، زۆر پێویستمان بەوەیە ئەو نموونە سەرکەوتووانەی جیهان بخوێنینەوە و لەجیاتی نائومێدی هەوڵبدەین شتە جوانەکانیان کۆپی بکەین، چونکە ئەوەی ئێمە لەڕووی توانای مرۆیی و ئابووری و سرووشتییەوە لەبەردەستمانە، خەڵکی دوبەی و ئیمارات لەو سەردەمەدا کە دەستیانپێکرد لەبەردەستیان نەبوو، بەڵام ئەوان بیرکردنەوەی خۆیان گەورە کرد و بەپێچەوانەی ئێمەوە روئیایەکی روون و فروانیان بۆ دوبەی هەبوو.



د. زوبێر رەسوڵ
biyar_zubir@yahoo.com

# شکستی نوخبەی سیاسیی نوێ

مەبەست لە نوخبەی سیاسی ئەو کەمینە سیاسییەیە کە کاریگەری زۆریان لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئاراستەکردنی بڕیاری سیاسی و دابەشکردنی دەسەڵات و سامان لە کۆمەڵگادا هەیە. ئەوەی من مەبەستمە لەم بابەتەدا تاوتوێی بکەم ئەو قەیرانەیە کە نوخبەی سیاسی نوێ، یاخود نوخبەی سیاسیی دوای راپەڕین بەدەستییەوە دەناڵێنێ. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم لە نوخبەی سیاسیی نوێ ئەو گروپە سیاسیەیە کە بەشێک نەبووە لە نوخبەی سیاسی پێش راپەڕین، یان نوخبەی شاخ. یاخود وردتر بڵێین ئەو نوخبە سیاسییەیە کە دوای راپەڕین هاتوونەتە ناو کایەی سیاسی و بەشێک نەبوونە لە نوخبەی سیاسی پێش راپەڕین، واتا دۆخی حوکمڕانیی دوای راپەڕین دروستی کردوون. هەرچی نوخبەی سیاسی کۆنە، ئەوا ئەو سەرکردە سیاسیانەن کە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە لەناو کایەی سیاسەت و حوکمڕانین و تائێستاش سەرکردایەتی پرۆسەی سیاسی دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا. راستە دوای مردنی مام جەلال نوخبەی سیاسی لەناو یەکێتیدا گۆڕاوە، بەڵام ئەوەی لە زانستی سیاسیدا پێی دەڵێن جێگۆڕکێی نوخبەی سیاسی، ئەمە روویننەداوە. بە واتایەکی تر ئەو نوخبە نوێیەش (کوڕەکانی مام جەلال) هێشتا لەژێر سێبەری سیاسی مام جەلال دەرنەچوون. تا ئێستاش خەباتی شار و مودێلی حوکمڕانی شار نەیتوانیوە نوخبەیەکی سیاسی نوێ بەرهەم بهێنێ کە بتوانێ جێی نوخبەی سیاسی شاخ بگرێتەوە. ئەو دۆخە تا ئێستاش بۆ هەموو پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دروستە، ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی لێدەرکەین کە حیزبێکی شاریە، کەچی ئەم حزبە شاریەش نەیتوانیوە نوخبەیەکی سیاسی نوێ بخاتەوە کە بشێن سەرکردایەتی پارتەکەیان رادەست بکەن.

دەرکەوتنی نەوەی نوێ وەک بزاڤێکی سیاسی لەزۆر رووەوە دیاردەیەکی تازە بوو لە کایەی سیاسی و حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێک تەواو جیاواز بوو لەو بنەمایانەی کە نوخبەی سیاسی کۆنی لەسەر دامەزرابوو. واتا شاسوار عەبدولواحید نە پێشتر سیاسی بووە، نە لەناو کایەی سیاسیشەوە پێگەیشتووە، نە خاوەن شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگەی شاخیش بووە. هەرچەندە یەکێک لە یاساکانی سەرمایە ئەوەیە کە جۆرێک لە تەحەفوز و ترسنۆکی دروست دەکات، واتا خاوەن سەرمایە گەورەکان هەمیشە خۆیان دوور دەگرن لە سەرئێشە و کێشەی سیاسی، بەڵام سەرۆکی نەوەی نوێ بە پێچەوانەوە وەک سەرمایەدار و گەنجێکی سەرکێش و سیاسییەکی خوێنگەرم هەرچی دێتە بەردەمی نایگێڕێتەوە لە دژایەتیکردنی هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەی پێش خۆی لە کایەی سیاسیدا بوونە. ئەو کاراکتەرە سیاسیە بوارێک بۆ بەرژەوەندی و گفتوگۆش ناهێڵێتەوە و بە تەنیا شەڕی هەمووان دەکات. بەپێچەوانەی نوخبەی سیاسی کۆن کە سیاسەت و دەسەڵات هەمیشە رێگایەک بووە بۆ گەیشتن بە سامان و بزنس، لای سەرکردەی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئەم پێوەندیە پێچەوانە دەبێتەوە، واتا سامان و بزنس رێگایەک دەبێت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بەربەرەکانێی نوخبەی سیاسی کۆن لە فۆرمێکی ئۆپۆزسیۆنیدا. سەرمایە و میدیا و سۆشیال میدیا سێکوچکەی ئیمپراتۆریەتەکەی شاسوار عەبدولواحید بوون. تا ئەو ئاستەی هەندێک کەس پێیانوابوو شاسوار نموونەی ترامپی کوردییە و زۆر نابات پێگەی هەموو پارتە سیاسییەکان لەق دەکات و ئەو مۆدێلەی حوکمڕانی کوردی سەراوژێر دەکات.

ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە بواری میدیا و سۆشیال میدیا لە جیهاندا روویداوە، وای کردووە خەڵک و نوخبەی سیاسی زۆر بە ئاسانی دەنگیان بگاتە یەکتر. کەناڵێکی راگەیاندن یان چەند پەیجێکی سۆشیال میدیا دەتوانن پەیامەکانت لە چەند دەقەیەکدا بگەیەننە چەندان ملیۆن کەس. ئەو بوارە لەڕاستیدا وای کردووە هەندێک جار نوخبەی سیاسی نوێ تووشی لەخۆباییبوون ببن بە تایبەت لە وڵاتانی رۆژهەڵات کە پێوەندیی دەسەڵات و خەڵک و کاراکتەرە سیاسیەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترە تەنیا پرسێکی ناوخۆیی بێت، نموونەکانی بەهاری عەرەبی، بە تایبەت میسر و تونس و لیبیا و سووریا و.. تاد، باشترین نموونەن بۆ ئاڵۆزیی پرسە ناوخۆییەکان و پێوەندییان لەگەڵ پرسە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمە جگە لە حساباتی تایبەتی سوپەر پاوەرە جیهانییەکان.

پێگەی سیاسی بەڕێز شاسوار عەبدولواحید تا ئاستێکی زۆر بەرهەمی ئەو فەوزا و بێسەروبەری و شکستە سیاسیە بوو کە فۆرمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان یان روونتر بڵێین فۆرمی ئیدارەدانی ململانێی لایەنە سیاسییەکان بەرهەمی هێناوە. بە تایبەتیش دوای شکستهێنانی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەدیهێنانی ئەو پەیمان و ئومێدانەی خەڵکی ناڕازی لە یەکێتی و پارتی چاوەڕێیان دەکرد. تا ئێستا چەند هەوڵێکی تریش هەبووە لەسەر ئاستی نوخبەی سیاسی نوێ بۆ بەشداریکردن لە حوکمڕانی و پرۆسەی سیاسی کە دیارترینیان ئەو جوڵانەوە سیاسییە بوو لەژێر ناوی "هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری" لەلایەن دکتۆر بەرهەم ساڵح لە 2018 دروستکرا، بەڵام دیسان ئەو جوڵانەوەیەش نەیتوانی درێژە بە خەباتی سیاسی بدات و هەر زوو چووەوە ژێر باڵی یەکێتی. هەڵبەتە ئەمەش وەک نائومێدبوونێک بوو لەو ئەنجامەی کە ئەو بزووتنەوە تازەیە چاوەڕێی دەکرد. بەڵام تاکە بزووتنەوە کە تائێستا لەلایەن نوخبەی نوێ و سەرکردەیەکی نوێی دەرەوەی بازنەی نوخبەی کۆن هاتبێتە پێشەوە بەو قەبارە سیاسیە تەنیا بزاڤی نەوەی نوێیە. ئەم نوخبە سیاسیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، بەڵام توانی پێش کۆمەڵێک پارتی زۆر لەخۆی کۆنتر بکەوێتەوە و پلەی چوارەمی هەبێت لە پەرلەماندا. شکستی نەوەی نوێ دواجار شکستی نوخبەی سیاسی نوێیە لە پێشکەشکردنی مۆدێلێکی باشتری حوکمڕانی کە ببێتە بەدیلێک بۆ نوخبەی سیاسی کۆن.

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین بۆچی نوخبەی سیاسی نوێ تا ئێستا بواری دەرکەوتنی لە هەرێمی کوردستاندا نییە. بۆچی نەتوانراوە هەژموونی نەوەی سیاسی کۆن تێپەڕێنرێت؟ نەک هەر ئەوە، بەڵکو گشت ئەو هەوڵانەی لەلایەن نوخبەی سیاسی نوێشەوە هەبووە تا ئێستا شکستیان هێناوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستمان بە توێژینەوەی مەیدانی هەیە کە رەچاوی رەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی بکات. بەڵام بەشێوەیەکی سەرپێیی دەتوانین بڵێین ئەوەی لە نوخبەی سیاسی نوێ تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە زیاتر بەرهەمی سۆشیال میدیا و جۆرێک لە سیاساتی پۆپولیستین کە ئیدارەدانی بۆ ماوەیەکی درێژ زۆر ئەستەمە. خاڵی دووەم بەڕای من پەیوەستە بە کامڵنەبوونی نوخبەی نوێ کە ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەستە بە بەهێزیی نوخبەی کۆن و هەژموونی سیاسی و ئابووریی نوخبە کۆنەکە و هەروەها توانای خۆنوێکردنەوەی بە رێگای جیاواز، بۆ نموونە یەکێتی نیشتمانی بە مردنی مام جەلالیش توانی لە نوخبەیەکی نوێی قاڵب کۆندا خۆی بنیات بنێتەوە. هۆکارێکی تری شکستی نوخبەی سیاسی نوێ ئەوەیە کە هێشتا لە زهنیەتی تاکی کورددا متمانەی سیاسی بەو نوخبە نوێیەی لە کتوپڕدا دەردەکەوێت دروست نەبووە، تاکی کورد تا ئێستاش کاراکتەرەکانی ناو دونیای ئابووری و میدیایی و هونەری قبوڵ نییە وەک سەرکردەی سیاسی. راستە لەو چەند ساڵەدا چەند کاراکتەرێکی میدیایی و ئایینی و پۆپولیستی توانییان خۆیان بگەیەننە ناو بازنەی حوکمڕانی، بەڵام ئەم کاراکتەرانە هیچیان نەبوونەتە سەرکردە و ئاراستەکەری پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو لەژێر سێبەری پارت و سەرکردایەتی نوخبەی کۆنەوە هاتوونەتە ناو دونیای سیاسەت. وەک گوتم ئەو پرسە پێویستی بە لێکدانەوە و بەدواداچوونی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی وەربگرێت.

# کاتیوشا.. لەناوی کچێکی جوانەوە بۆ مووشەکێکی زیرەک

10




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net


## ژالیا سیروان، شاجوانی پێشووی کوردستان:

# گۆڵچییەکی زۆرباش بووم



**رووداو– هەولێر**

ژالیا سیروان، شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی 2016، حەز ناکات لە بارەی دەستاوییەوە پرسیاری لێبکرێ، چونکە شێفێکی باش نییە و خواردنەکانی بەلەزەت دەرناچن. ژالیا لە بەرنامەی رەمەزاندروستیی (رووداو) لەگەڵ دکتۆر ئاراس برادۆستی، پێشکەشکاری بەرنامەکە، کە ئەمڕۆ دووشەممە یەکەم ئەڵقەی لە کەناڵی (رووداو) پێشکەش دەکرێ، باسی بەرنامەی خۆراکی خۆی و وەرزشەکانی دەکات.

شاجوانی کوردستان پێش بەرنامەکە داوای لە دکتۆر ئاراس کردبوو لەبارەی کابانییەوە پرسیاری لێنەکەن، وەک خۆی دەڵێ "شێفێکی باش نیم، هەتا رادەیەک دەتوانم خواردن دروست بکەم، بەڵام زۆر بە لەزەت دەرناچێ، بەڵام ئەگەر هەوڵی لەگەڵ بدەم دەتوانم. زۆرم حەز لە ماکارۆنی

> دکتۆر ئاراس:
> کوومە لۆت؟
> ژالیا:
> فیلی لۆم

و پاستا و ئەو جۆرە خواردنانەیە کە دروستیان بکەم، بەڵام وەک خواردنێک کە زۆرم حەز لێی بێ مەحشییە لەگەڵ ستێکی گۆشت"، هیوایەتیشی خواردنی تیژە.

ژالیا زۆر حەز دەکات فێری دروستکردنی "ستێکی بەلەزەت" بێ، بەڵام لەبەر تەندروستی خۆی کەیفی بە چەوری نایەت، بەڵام زەڵاتەی زۆر پێخۆشە، لەو شتانەش کە لەگەڵ زەڵاتە دەخرێن حەزی بە حومس و تەپولەیە. بەڵام شاجوان هاوڕێی هەموو زەڵاتەکان نییە و دەڵێ "دوژمنی قارچکم"، بۆیەش ئەو زەڵاتانە هەڵنابژێرێ کە قارچکیان تێدا بێ.

شاجوانەکەی 2016 ماوەیەکە دایەتی هەیە، سەبارەت بەو بڕیارەی دەڵێ "ماوەی پێشتر لەبەر ئەوەی زۆر ستریس بووم و کەمێک درەنگ دەخەوتم، شێوازی خواردنم زۆر گۆڕابوو و کێشم زۆر دادەبەزی".

هۆکاری سترێسەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "خوێندکار بووم و دواتریش کە بووم بە کەسایەتی گشتی (پابلیک فیگەر) بتەوێ و نەتەوێ وەک خانمێک کە تازە هاتبوومە ناو ئەو بوارەوە تووشی سترێس ببووم، چونکە بەرپرسیارێتییەکی زۆر بوو بۆ من کە ناسناوی شاجوان وەک خۆی بهێڵمەوە، ئەوەش تووشی دڵەڕاوکێی کردبووم".

دوای ئەو بارودۆخە ژالیا سەردانی دکتۆری کردبوو، ئەویش ژمارەیەک لەو خواردنانەی لە لیستی خواردنە رۆژانەییەکانی لادابوو. ژالیا پێیوایە هەموو کەسێک دەبێ بچێتە لای دکتۆر بۆ ئەوەی بزانێ چ خواردنێک بۆ ئەو باشە، مەرجیش نییە کەسەکە زۆر قەڵەو یان لاواز بێ بۆ ئەوەی بچێتە لای دکتۆر هەتا بەرنامەیەکی گونجاوی خۆراکت بۆ دابنێ، چونکە من کێشم نۆرماڵ بوو، بەڵام لەوەتەی ئەو دایەتەم وەرگرتووە و وەرزش دەکەم، زۆر ئاسوودەترم".

> هاندەری
> ریاڵ مەدریدم،
> هەرچەند ئەمساڵ
> حاڵمان باش نییە

ژالیا ئێستا خەریکی خوێندنی دەرمانسازییە، لەبارەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بەشەش دەڵێ "ئەو کاتەی لە پۆلی شەشیش بووم زۆر حەزم لێی بوو، بەڵام بەداخەوە ناوم لە بەشێکی دی هاتەوە، کاتێک ئەویانم تەواو کرد، ئینجا حەزم کرد دەرمانسازی بخوێنم، بۆ ئەوەی رەوشی دەرمان لە کوردستان باشتر بکەم، نەک ئەوەی هەر بزنسێک بێ".

دکتۆرەکەی وەرزشیشی بۆ نووسیوە، شاجوان خۆیشی لەگەڵ وەرزشدا زۆر باشە و بەپێی "مەزاجی ئەو رۆژە" وەرزشەکەی هەڵدەبژێرێ، هەرچەند جەخت لەوە دەکاتەوە کە "یاری ئاسن ناکەم، بەڵام رۆژانە سێ چارەک پیاسەی ئاسایی دەکەم، وەرزشی پاسکیلەکەش دەکەم".

خۆشەویستی ژالیا بۆ وەرزش بۆ ساڵانی زووتر دەگەڕێتەوە، وەک خۆی دەڵێ "پێشتر یاریزانی دووگۆڵی بووم و گۆڵچی بووم و گۆڵچییەکی زۆرباشیش، بەڵام نزیکەی دوو بۆ سێ ساڵە وازم لێی هێناوە، لەبەر خوێندن و ئەو شتانە".

ناکرێ یاریزانی تۆپی پێ بیت و دڵت بۆ تیپێک لێنەدات، شاجوان پێیوایە هەموو کەس دەزانێ ئەو هاندەری کێیە و دەڵێ "من هاندەری ریال مەدریدم، هەرچەند ئەمساڵ حاڵیشمان زۆر خراپە، بەڵام بە شانازییەوە

> حەزم لە
> مەحشی و
> ستێکی گۆشتە

> یەک ساڵ
> خەریکی
> بچووککردنەوەی
> لووتم بووم

هەلە مەدرید، بێگومان لە مۆندیالیش هەر بەرازیلە".

لە بەشێک لە بەرنامەی (رەمەزاندروستی) دا دکتۆر ئاراس رۆڵی راهێنەری وەرزشی ژالیای گێڕا و شاجوان جەخت لەوە دەکاتەوە کە "دکتۆر ئەمڕۆ وابزانم چوار کیلۆم دابەزاند، بەڵام دکتۆر ئاراس جگە لەوەی دکتۆرێکی باشە، راهێنەرێکی باشیشە". کاتێکیش دکتۆر ئاراس لێی دەپرسێ "کوومە لۆت؟" شاجوان لە وەڵامدا دەڵێ "فیلی لۆم، بەڵام وابزانم تۆ ئەوە نازانیت".

شاجوان جوانکاریشی کردووە و دەڵێ "ئامان لووتم بۆ نەشکێنیت، یەک ساڵ بەڕێی دکتۆرەوە بووم هەتا لووتم بچووک کردووەتەوە، بەراستمە، مرۆڤ راشکاو بێ باشە" بۆیەش لە کاتی راهێنانەکەدا دەڵێ "بەس لووتم نا، ئەوەی تر چی دەکەی بیکە".

